# کورد و خەیام نەناسین

## خوسرەو جاف

# کورد و خەیام نەناسین

هەولێر- ٢٠٠٩



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کورد و خەیام نەناسین**
- نووسینی: خوسرەو جاف
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچنین: کاوە - سازگار
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (٧٧٤)
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپی دوهەم : ٢٠٠٩
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٨١)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست

پێشەکی ........................................ ٧
سەد رەحمەت لە خەیام ........................................ ١١
خەیام چۆن باسکراوە ........................................ ١٣
زانست و زانیارانی سەردەمی خەیام ........................................ ٣٣
بارودۆخی سیاسی سەردەمی خەیام ........................................ ٣٩
فەلسەفەی خەیام ........................................ ٤٩
شۆرەتی خەیام ........................................ ٧٣
بەرهەمەکانی خەیام ........................................ ٧٩
هەڵبژاردەیەك لە چوارینەکان ........................................ ٩٥
سەرچاوەکان ........................................ ٣٤٧
چاپکراوەکانی نووسەر ........................................ ٣٤٩
نووسەر لە چەند دێڕێکدا ........................................ ٣٥١

# پێشەکی

منیش وەك ملیۆنەها مرۆڤی سەر زەوێ عاشقی خەیامم، لێرە و لەوێ دەربارەی خەیام نووسراوبن و وەبەرچاوم کەوتووبن بە چێژێکی سەیرەوە خوندومنەتەوە، بۆ خۆشم وردە یاداشتم لەسەر نووسیون و لە گۆشەیەکدا پاراستوومن و رۆژ بە رۆژیش ئەو یاداشتانە زۆرتر و زۆرتر دەبن... خەیام رووبارێکی سەرکێش و پڕ لە هەڵهەڵە و شەپۆڵە، لرفە کشپە و کەفچەرێنی رووباری خەیام ئارام و ئاسایشی بۆ نییە، زەمان پیادا راناگا، ئەگەرچی دەیەوێ لغاوی لە بیرچوونەوەی لە دەم بنێت، ئەمما دیوانەگی و شەیدای خەیام لەوەدا نییە، نە زەمان، نە چەرخ، نە گەردوون، نە گیروگرفتی زەمانە جۆراوجۆرەکان توانای دەستەمۆ کردنی خەیامیان نەبووە و ناشبێت، بۆیە هەموو رۆژێك لە گۆشەیەکدا لە دێیەکدا، لە شارێکدا، لە پایتەختێکدا لە وڵاتێکدا چەندین خەیام لە دایك دەبن و گۆرانییە ئەفسانەییەکانی ئەوی سنووری جوگرافیای هەیە، ئەو خاڵی پشکنین و فرۆکەخانە و سەر سنوورەکانی هەیە دەستەپاچە و زەبوونانە کە عاشق جادووی چوارینەکانی خەیامە مات و گێژ و رادەوەستن و هیچیان پێ ناکرێت... جادووی ئەو چوارینە ئەفسانەییانە یاساکانی زەبوون کردەوە، چوارچێوە زەقەکانی هاڕاندووەتە سەر یەکدا...

خەیام ئیرسێکی ئینسانی تەواوی میللەتانە، خەیام کاکڵەی زات و ویژدانە، باوەك بەندە لەگەڵ بیروڕای ئیلحادی خەیامدا نیم و ئەیبیژێنم، ئەمە تۆزەکێك لە پایەی بەرزی ئەو کەم ناکاتەوە، لەناو میللەتی دوور و نزیکدا رەنگ و دەنگ و زەمان و زمان خوو و خەسڵەتی تەواوی میللەتانی گرتووەتەوە، لەهەر گوشە و قوژبنێکی ئەم تۆپە خولاویەدا بەشانازییەوە پێناسی ناسیۆنالیستی بە خەیام دراوە و بووە بە بەشێك لە بیروڕای توێژی خوێندەواران و وتوویژەرانی تر...

داخم لەوەدایە کوردەی وێرانە ماڵی بێ ئەحواڵی بێ خەیاڵی دەستەمۆی هەزاران ساڵ کوێرەوەری بە زۆربەی زۆری خوێندەوارانیشەوە لەم بندەستەدا خەیام ناناسێت، ئەگەر تۆزەکێك دەنگوباسی خەیامیشی بیستوویێت نەکوڵاو و نەبرژاو، بە کابرایەکی هەمیشە



سەرخۆشی، بێ بەند و باری بێ هۆش کەوتووی نێو مەیخانەکان و کاسە لێسی دەربارە پڕ لە کەش و فشەکانی ئەو دەمەی زانیوە... هەروا لەم رووەوە بیری لێدەکەمەوە و ناگەمە سنووری قانیع بوون، ئەوەیان دەزانم رەش سواری نەخوێندەواری و بێ فەرهەنگی لە سەرتاسەری کوردستانا هێڵە دەکا و کردوویەتی، پێم وابێت ئەو نەناسینە ئەمە یەکێك لە هۆکانی بێت، بەلام هەمووی نییە، تۆ بڵێی بیروڕای ئایینی و دەمارگرژی لە نەخوێندەوارییە کە کاری تر و جەرگبڕ تر بێت؟... یا نەبوونی دام و دەزگای چاپ و چاپەمەنی و بێ کەسی و بێ خێوی و خاوەنی...؟

من وانازانم دەمارگرژی ئایینی دەر و دەروازەی لە چوارینەکان گرتوو بێت... چونکە ئەو چوارینانە کراونەتە زمانی گەلانێك بەسەختی پابەندی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن و دەست بەدەست دەکرێن، چەندین کەس و چەندین جار لەبندەستی "الازهر"دا کراونەتە عەرەبی، پاکستانی، ئەندەنووسی، تورکی چوزانم مالیزیایی ئیتر وەرە و تەماشاکە... بەهەر حاڵ من تەقالای خۆمم کردووە، ئەگەرچی دەزانم لەو وڵاتەدا هێندە چاپ و چاپەمەنی کوردی ئازاد و ئاسان نییە... دەسەڵاتدارانی شاهەنشاهی ((ئاریامیهری) لە چوارچێوەی کوردستانی ئێرانا ئەوی دەربارەی کورد و بۆنی تەکرەوەی کوردایەتی لێ بێت (میهر)ەکە لە بیردەبەن و گوزەشت ناکەن... بۆ منێکی پەنابەری خانوو بەکۆڵ رەنگە زۆرتر لە کەسانی تر بۆم بکرێتە کێشە و گۆوەن و گرفتاری و چۆن و چی... جا هەر لەبەر ئەم هۆیە چەندین دەستنووسی ترم ئەوەتا خوڵ دەخۆن و بۆ خۆشم غەمی ئەوان دەخۆم... دەزانم رۆژێك لە رۆژان لە چاپ دەدرێن... کەیە...؟ نازانم...!

خۆ ئاگاداری ئەوە هەم چەند شاعیر و نووسەری دی کورد هەندێك لە چوارینەکانی خەیامیان کردووە بە کوردی، لەم رووەوە لەگەڵ مام "هەژار"ی خۆشەویستدا زۆر دواوین.

بەندە لەسەرەتاوە ویستم تەنها تیشك بخەمە سەر ژیان و فەلسەفەی خەیام و سەردەمی خەیام، بەلام وردە وردەش بەدزییەوە بێ بەرنامە داڕشتن دەستم کردە وەرگێڕانی چوارینەکان لە هەر فرسەت و هەلێکدا چوارینەیەکم دەکردە کوردی کە نواڕیم زۆر بوونە ئینجا وتم با دەستنووسەکەم هەر کوردی نەبێت کەوتمە وەرگێرهێنانی چاوگە جۆراوجۆرەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی... ئەوی نەمزانیبا لە دۆست و برادەران یارمەتیم وەردەگرت... سەرئەنجام تەرجومەی عەرەبی "احمد الصافی النجفی"م لە گەلێك وردەکارتر هاتە بەرچاو و ئینگلیزییەکەی "فیتز جیرالد" باوەك "جیرالد" تەنها "٧٥" چوارینەی

کردووەتە ئینگلیزی هەندێکی ترم هی "جۆن" ناوێك هەڵبژارد وەك زانراوە چوارینەکانی خەیام لەخوو و خسڵەتی شەرابدایە تا کۆنتربن، گەواراتر و پەسەندترن، منیش لەم غەریبستانە بینم لە حوشتر درێژترە با ئەم دەستنووسەشم بڕواتە لای ئەوانی تر و وەك ئەوان بێ کەس و بێ خاوەن و بێ باوان چاوەڕوان بن.. خوا هەقی ئێمەی کوردی وێرانە ماڵ لە سەبەبکارانمان بسێنێ.. دەبڵێ ئامین...!

لە بیرم نەبوو بڵێم بۆچی مینیاتورەکانی هونەرمەندی زێڕین دەست و بلیمەتی "بەهزاد"م لە نێو کار و کردەوەی هونەری تر هەڵبژارد و کردمە هاوڕای ئەم دەستنووسە، لە ساڵی یەکەمی کۆلێژی هونەرەجوارنەکانی زانکۆی تارانا بووم بەشی "میعماری" مامۆستاکانمان پێشنیاریان کرد لەگەڵ کۆمەڵێك لە قوتابیانا بڕۆین بۆ هەواڵ پرسی "بەهزاد" کە بەسەر جێگەی نەخۆشییەوە بوو... هەرواش کرا.. لەوێڕا مامۆستایەکی بەشی پەیکەرساز داوای کرد کە "بهزاد" ماوەی پێ بدا تا قالّب لە روخسار بگرێت... لە سەرەتاوە "بهزاد" دەستی بەگریان کرد و ئینجا گوتی: فەرموو دەست بەکاربە... دوای سی و دوو ڕۆژ لەبەر دەرگای ماڵی "بەهزاد"دا دووبارە کۆبووینەوە ئەمجارەیان بۆ بەڕێکردنی تەرمەکەی بەرەو گۆرستان. جگە لەمانە، بەندە شیفتەی رەنگەکانی بەهزادم وردەکارییەکانی کەشیدەکی و لە ئەندازە بەدەری شکل و شەمایلی... هەر جووڵانەوەیەکی پڕە لە وەستاکاری و لێزانی... پێم وانییە بەم زوانە بەهزادێکی تر خۆ وەدەرخا... ڕۆح و رەوانی شاد لەگەڵ رەوانی کەڵە شاعیرانی گەلە چەوساوەکەمدا... توخوا دووبارە بڵێ ئامین...!!

**خوسرەو جاف**

**تاران**

**ئەمیر ئابادی سەروو**

**١٩٧٦/٧/٢٦**

**مەلا بانگدان**

# سەد رەحمەت لە خەیام

منیش وەك ملیۆنەها مرۆڤی ئەم سەر زەویە عاشق و شیفتەی شەڕابی نابی خەیامم.. مەستی و مەنگیٚ شەڕابی خەام هەستیەکی وژدانییە مرۆڤی سەر زیندوو وردەکار دەگەیەنێتە لەزەتە کەونیەکان..

خەیام وەك با، وەك درم و وەبا مەرزە جوگرافییەکانی نەناسیوە، ئەرزش و بایێ بۆ خاڵی پشکنینی سەر سنوورەکان و فرۆکەخانەی نەوەك و دانانییە.. بەڵکو جەفەنگ و لاقرتیشی پێکردوون.

سەودای خەیام بیروڕاو بۆچوون و فەلسەفەی خەیام لە قوڵایی هەر مرۆڤێکدا مەڵاسی داوە، ئەو گرێ کوێرەیە ئەو پرسیارە بێ وەڵامانە، لە سەرەتای بەشەریەتەوە تا ئەمڕۆ کەم کەس خۆی کردووە بە خاوەنی، وەك دەردێکی بێ دەرمان لە مێشك و ئاوەزی ئەندێشمەندانا جووڵاوەو نوستووەو دیسانەوە هاتووەتەوە حەشۆکە..

بەندە عاشقی خەیامم.. ئا.. ئەشهەدو موردێکی بێ ئەملاو لای تێڕامانەکانیم.. بەیەك جیاوازی بەندە پابەندی.. وەحدانیەت حەکیم خەیام وەك هەور بە ئاسمانەوە دەڕوا بێ سنوور.. وەك بەور بەسەر هەر چیاو لوتکەو ترۆپێکەوە دەبارێ..

مامەڵەکانی خەیام نەکۆن دەبن نە لەبیریش دەچن، ئەوی ئەو پەنجەی لەسەر خستوون گیروگرفتییەکیٚ رۆژانەی مرۆڤە سا رەگەزی زەرد بێ یا رەش یا سوور یا سپی.. هەر مرۆڤێکی رۆشنبیر خۆی بە خاوەنی پرسیارەکانی خەیام دەزانێ و تازە جاروباریشی لێی تووڕە دەبێ و.. دەڵێی ئەو خۆ پرسیارێکە لە منداڵییەوە خولیامەو نەمتوانیوە دەریبڕم و بیخەمە قاڵبەوە.. مامە خەیام و بۆ لێی زەوت کردووم..؟

بەندە دەڵێم: کورد خەیام ناناسێت لە خۆت دامەمێنە تا چەند ساڵێك لەمەوبەر لە وڵاتی خەیامدا لەسەر زەوی باوباپیرانیا خەیام گووم بوو نەناسراو بوو.. ئەگەر رۆژئاواییەکان بەزم و شایلۆغانی لەدایك بوونی دووبارەی خەیامیان نەگێڕابا.. ئەویش لە کیسی میللەتی رۆژهەڵات و سەرتایەری بەشەریەت دەبوو.. کەواتە:ماڵیان ئاوا..



رۆژئاوا..! مامەکوردەی ماڵوێرانی هەزاران ساڵە.. ئا لەم ئیرە سەدا.. یەشتا خەیام ناناسێت و ئەگەر ناویشی بهێنێت بە کابرایەکی مەیخانە نشینی سەرخۆشی بێ هۆش نێو کوچەو کۆڵانی داناوە.. نەك تەنها توێژی کۆڵکە خونەواران وای بۆ دەچن بەڵکو زۆربەی زۆری ئەوانەش وا خۆیان باراست گۆیم لەگەڵتانا.. بەندە زەمانێکە ئەم کتاوەم نووسیوەو نەموێراوە لە چاپی دەم.. مەسەلەی پڕ لە کش و فشی پڕ لە درۆی ((حملەی ئیمانی)) رژێمی رووخاو لەم دوادوایانەدا لە دادگاکانی پشکنینی سەدەکانی ناوەڕاستی کلێساو مەسیحیەت دڕندەترو داپلۆسێنەرتر بوون.. بۆ خۆم تووشی بیگرەو بەردەیەکیان کردم ئەگەر پیاو چاکێك نەبووایە کلاوم بابردبووی تەنها لەسەر باسی تێهەڵچوونێك لە یەکێك لە رۆمانەکانا لە نێوان ژن و پیاوێکی نێو رووداو..

با ئەویش بڵێم: سەرەتا ئەم کتاوەم ناونابوو (ئەرێ خەیام دەناسی؟) تا برای بەڕێز مەلا بەختیار پێشنیازی بەشداربوونی ڤیستیڤاڵی گەلاوێژی پێکردم.. وتم: باسێکی وام هەیە.. وتی وا باشە بیکەیتە (کوردو خەیام نەناسین) جوانتر بێت؟

هەروام کردو باسەکەش لەنێو باسەکانا گرەوی یەکەمی بردەوە سەرتان نایەشێنم.. گوڵ و رەیحانەتان بۆ دەوەشێنم.. ئەوە ئێوەو ئەمەش مامە خەیامی سەرکێشی هەوارگەی دەردو ئێشی بەشەریەت.

**خوسرەو جاف**

**٢٠٠٣/١٢/١٦**

**هەولێر**

# خەیام چۆن باسکراوە

تا ئێستا ئەوەی کە زانراوە کۆنترین کتاو و تۆمارێك دەربارەی عومەر خەیام نووسرابێت و دووابێت (چهار مقالە)ی نظامی عروضی سەمەرقەندنییە. نووسەرەکەی ساڵی ٥٠٦ی ك لە شاری (بەلخ)دا گەیشتووەتە خزمەتی خەیام، ساڵی ٥٣٠ی کۆچیش لە شاری (نەیشاپور)دا گوزەری دەکەوێتە سەر مەزاری خەیام. سەمەرقەندی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

لە ساڵی ٥٠٦ ك چوومە دیوانی ئەمیر ئەسعەد، لەو تالارەدا خواجە ئیمام عومەر خەیام و خواجە ئیمام مظفر ئەسفەرازی دانیشبوون. لەو کۆڕەدا لە خواجە خەیامم بیست کە فەرمووی کاتێك دەمرێت گۆڕەکەی لە جێگەیەکدا دەبێت لە ژێر گوڵ و گوڵزاردا دەشارێتەوە. من ئەم قسەیەم نەسەلماند، لە بیریشم چووەوە. بە ڕێکەوت دوای بیست و چوار ساڵ گوزەرم کەوتە شاری نەیشاپوور و قسەکەی خواجە خەیام بیرکەوتەوە، شارەزایەکم لەگەڵ خۆمدا برد و بردمیە سەر گۆڕەکەی، کە نواڕیم گۆڕ داپۆشراوی ژێر گوڵی ڕەنگاوڕەنگە بە دیتنی ئەو دیمەنە خۆم پێڕانەگیراو زار زار دەستم بەگریان کرد.

داستانێکی تری خواجە خەیامم لە بیرە. دەمزانی (حجە الحق) خەیام یەکێکە لە ئەستێرەناسان، بەڵام من بۆخۆم هیچم لێ نەدیبوو، جا لەوەی دڵنیام لە ساڵی ٦٠٨ی ك سوڵتان دەنێرێتە لای (خواجە برزگ صدرالدین محمدی کوڕی مظفر) کە بە خواجە عومەر خەیام بڵێ دەمەوێ بڕۆم بۆ ڕاو، با ڕۆژێکم بۆ تەرخان کا کە تووشی باران و بەفر و تۆف نەبم، خواجەش دوای بەراورد و لە یەکدانەوە ڕۆژێکی تایبەت بۆ سوڵتان دادەنا کە بارانی تێدا نابارێت... سوڵتان لە ڕۆژی تەرخان کراودا، بەخۆی و دەستە و دایەرەیەوە هاوارێ خەیام لە شار وەدەردێت. یەك دوو فەرسەخێك دەبڕن و لەپڕ ئاسمان تاریك دەکا و بزیشکە و چەخماخە ئاسمان دەکاتە مەشخەڵان. شا دەکەوێتە بیری گەڕانەوە، خەیام دەڵێت: ئەگەر سوڵتان بەگوێم بکا هیچ نیازێك بە گەڕانەوە نییە! زۆر ناخایەنێت هەور دڕن دەدا و ئاسمان دەکرێتەوە تا چەند ڕۆژێك باران نابارێت.

دوای کتاوی چوارمەقالە دیارە کۆنترین باسێك دەربارەی خەیام وەدەست هاتووبێت لە لایەن (ابو حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی زەیدی بەیهەقی)یەوە بووە، لە کتاوی (صوان الحکمە: ٥٥٣-٥٦٥)دا نووسراوە.



نووسەرەکەی لە ساڵی ٥٠٩دا گەیشتووەتە خزمەتی عومەر خەیام و لەو ڕووەوە نووسیویەتی: (الدستور الفیلسوف حجە الحق عمر بن ابراهیم الخیام) خەڵکی شاری نەیشاپورە، باووباپیرانیشی هەر لەو شارەدا ژیاون خەیام زانایەکی توانا و لێهاتوو و دەگمەنی سەردەمی خۆی بووە. تا بڵێی ناوچاو کرژ و تووڕە و ئاڵۆز و بێ دەنگ و گۆشەگیر بووە، گەلێك کتاو و نامێلکەی جۆراوجۆری دەربارەی سروشت و وجود و زمانی عەرەبی و مێژوو داناوە. دەڵێن ڕۆژێك دەڕوا بۆ دیوانی شهاب الدینی برای نظام الملك (سەرەك وەزیرانی دەربارەی سەلجووقی)، لە دیوانەکەیدا (امام القراء حسن الغزال)ی لادەبێت، دیارە پێش ئەو، باس دەربارەی ئایین بووە، کە دادەنیشێت ڕووی تێدەکەن و دەڵێن: دیارە خوا تۆی هێناوە... باسەکەی بۆ دەگێڕنەوە ئەویش بە ئاسانی گیروگرفتەکەیان بۆ شیدەکاتەوە. ئینجا (امام القراء) ڕوو دەکاتە خەیام دەڵێت: خوا نموونەت زۆرتر کا بۆ موسڵمانان، پێم وانەبوو جگە لە خۆم کەس ئەمەی زانیبێت.

شارەزووری لە کتاوی (نزهە الارواح: ٥٨٦-٦١١)دا هەمان دوو چیرۆکی باسکردووە کە سەمەرقەندی وتوویەتی: بێ ئەوەی ناوی سەرچاوەکە بهێنێت.

هەندێك لە سەرچاوەی دی پێیوایە دوای (چوار مەقالە) و (صوان الحکمە) کۆنترین باسێك دەربارەی خەیام کرابێت شیعرەکانی خاقانی شیروانییە کە لە ساڵی ٥٠٥ك مردووە کە دەڵێت:

ز ان عقل بدو گفت عمر عثمان
هم عمر خیامی و هەم عمر خطاب

واتە زانیاری و تێگەیشتن وا لە پلە و پایەکی بەرزدایە وەك عومەری خەیام، لە دادپەروەریشدا وەك عومەری کوری خەطابە.

٥- شێخ نجم الدین ابوبکری رازی لە کتاوی (مرصاد العباد: ٦٢٠)دا بۆرە ئاماژەیەکی بۆ عومەر خەیام کردووە کە دەڵێت: کابرایەکی داناو زانایەکی شۆرەتدار و بەناوبانگ بووە، ئەم دوو دێرە شیعرەی لە ڕووی ئاشوفتەگیی فیکری و سەرسامی و دوو دڵییەوە وتووە:

در دائرە کامدن و رفتن ماست
انرا نە بدایت نە نهایت پیداست

کس می نزند دراین عالم راست
کأین آمندن ازکجاو رفتن کجاست

دوای شارەزووری (ابن الآثیر) لە کتاوی (کامل التواریخ: ٦٢٨)دا دەڵێت: نظام الملك کۆمەڵێك زانیاری و ئەستێرەناسی کۆکردەوە تا لە زۆر لاو بابەتی زانست بکۆشن و بدوێن و بنووسن، سوڵتان مەلیکشای سەلجووقی زەر و زوریکی خستە ژێر دەستیانەوە، کە ئەمانە بوون: عومەری کوری ئیبراهیم خەیام، ابو مظفری ئەسفەرازی، مەیموونی کوری نجیب واسطی و بریکی دی... هەمان کۆمەڵ (زیخ)ی جەلالییان دروستکرد و ساڵنامەیان پێکهێنا، و یەکەمین رۆژی نەورۆز بە سەری ساڵ دانرا، دوای (مردنی مەلیکشا: ٤٨٥ ك) ئەو کۆمەڵە تەفر و تونا کران.

بە دوای (ابن الآثیر)دا قاضی اکرم جمال الدین ابو الحسن کوری یوسف قفطی: ٦٤٢ك لە کتاوی (تاریخ الحکماء)دا دەڵێت: ئیمامی خوراسان و زانیاری زەمان و سەرپۆپەی دانایان عومەر خەیام بۆ خۆی دەریایەکی خوروشانی زانیاریی جۆراوجۆر بووە، بەڵام لە دوا دوایی ژیانیدا ترسی لێنیشتووە و گەلێك بە پارێزەوە هەنگاوی ناوە و دواوە.

بەلای باوەڕپێکراوانەوە نەبێت هیچ جۆرە بیروڕایەکی دەرنەخستووە ترساوە بە تۆمەتی بێ ئایینی و زندیقییەوە سەری تیابەن. ڕێگای دوور و درێژی حەج دەگرێتە بەر و بە ڕێگەی بەغدادا دەگەڕێتەوە. لە شاری بەغدا زۆر کەسی لێ گلیر دەبیتەوە تا گفتۆگۆی لەگەڵدا بکەن، بەڵام خەیام دەرگا دادەخا و هیچ کەسێك لە پەیڕەوانی بیروڕای و دوژمنانیشی نابینێ و گورج و گۆڵ ڕێگای نەیشاپوور دەگرێتەبەر و دەگەڕێتەوە.

پاشان نۆرە دێتە سەر (زەکەریای کوڕی محمدی قەزوینی) کە لە کتاوی (اثار البلاد و اخبار العباد: ٦٢٤ك)دا نووسیویەتی کە دەگاتە باسی شاری نەیشاپوور دەڵێ: ئەم شارە زانیار خولقێنە، هەوارگە و مەنزلگای دانایەکی وەکو عومەر خەیامە... خەیام بلیمەتێکی دەگمەن و لە زۆربەی زۆری زانستەکاندا سوارکارانە ئەسپی تاوداوە. لە سەردەمی مەلیکشای سەلجووقیدا پارە و پوول و دەسەلاتێکی زۆریان خستوەتە ژێر فەرمانییەوە. خەیام بنکەیەکی ئەستێرەناسین و ئاسمان پەیمانی سازاندووە و سەرتاسەری شەو خەریکی دیدەبانیی قووڵایی ئاسمان بووە.

کاتێك سوڵتان دەمرێت بەرنامە و پرۆژەی عومەریش خامۆشی و لەناو دەبرێت.

دەڵێن رۆژێك خەیام گوزەری دەکەوێتە شارێك، شارەکە پر دەبێت لە جۆرێك باڵندە کە ریقنەکەیان شاریان لووس داپۆشیوە.. خەڵکی شار دەست بە دامێنی خەیام دەکەون تا لەدەست ریقنە رزگاریان بکات.



خەیامیش فەرمان دەدا چەندین پەیکەری پەلەوەرەکان دروستبکەن و لە جێگا جۆراوجۆرەکانی شاردا داینەن، ئەوانیش هەروا دەکەن، زۆر ناخایەنێت پۆلی پەلەوەر شار بەجێ دێڵن، خەڵکەکەش لە ریقنە رزگاریان دەبێت.

هەروا دەگێڕنەوە کە چەند کەسێك لە مەلا و ئاخوندی ئەو دەمە بەیانیان زوو دەرۆیشتنە خزمەتی خەیام و دوای دەرس وەرگرتن دیسان بە دزییەوە دەگەڕانەوە، هەواڵ دەگاتە خەیام کە یەکێك لەو کەسە ناسراوانە لەناو خەڵکدا بە خراپە و ناماقووڵانە ناوی دێنێت. خەیام گال دەدا دەهۆڵ و زورنا ژەنێك (واتا چاووش) گەرمی بکا. کابرای ناسراو کە دێت زورناژەن بۆی پیا دەکا و دەهۆڵ کوتیش گرمە و زرمەی خۆی دەستپێدەکا، ئیتر هەر خەڵکە و گلیردەبنەوە ئەو حەلە خەیام دیتە قسە و دەڵێت: (ئەم کابرایە وا لە کۆڕ و کۆمەڵا بە ناحەزی باسی من دەکا هەموو بەربەیانێکیش هاتووە تا دەرسی پێ بڵێم!!

لە کتاوی (جامع التواریخ)دا رەشیدەدینی کوڕی فضل اللەی وەزیر کە لە ساڵی ٧١٨ك کوژراوە ئەو کتاوەش بە کتاوێکی گرنگی کۆمەڵەی (اسماعیلیە) ناسراوە، لە ژێر سەردێری (سەرگوزەشتەی گەورەکەمان) کە مەبەستی حەسەن صەباحە باسی داستانە بەناوبانگەکەی سێ هاوڕێ« سوین خۆرەکە دەکا کە چۆن لە سەردەمی گەنجایەتیدا نظام الملك و خەیام و حەسەن صەباح پێکەوە بە لای زانایەکی ئەو دەمەوە دەرسیان خوێندووە سوێند بۆ یەك دەخۆن کە لە داهاتوودا هەر کامیان گەیشتنە پلە و پایەی بەرز ئاگاداری ئەوانی تر بێت.

ئەو کتاوە یەکێك بووە لەو کتاوانەی لە سووتان رزگاری بووە... کاتێك قەلای (ئەلموت) لە لایەن سوپای خوینخوار و رووخێنەری (هۆلاکۆ) خانی مەغولییەوە ئابلووقە دەدرێ و سەرئەنجام وەدەستی دینێت. فەرمان دەداتە (عطا الملك جوینی)ی نووسەری (مێژووی جیهانگیر) کە کتاوخانەی ئەلموت بپشکنێ ئەو کتاوانەی زیانبەخشە بیسووتێنێ. (عطا الملك) فەرمانی هۆلاکۆ جێبەجێ دەکات و چەند کتاوێك نەبێت کتاوخانەکە دەکاتە خۆراکی گرووگلپەی ئاگر.

داستانی پەیمانی سێ هاوڕێیەکەش لە زۆربەی زۆری سەرچاوەکاندا نووسراوە وەك (جامع التواریخ، تاریخ گزیدە، روضة الصفا، حبیب السیر، تژکرە دولتشاە)وە سەرئەنجام وەسیەتە دەستخەتەکەی نظام الملك.. سەرەڕای ئەو کتاوانەش هەر کتاوێك دەربارەی خەیام نووسرابێت ئەم چیرۆکەشی تێدا گونجێنراوە... بەڵام بەپێی بیروڕای زۆر لە رۆژهەڵاتناسان ئەو داستانە لەگەڵ واقیعیەتدا ناگونجێت. چونگە گومان لەوەدانییە کە نظام الملك لە ساڵی ٤٠٨ك لە دایك

بووە... ئەمما بە وردی و دروستی ڕۆژ ساڵی لە دایکبوونی نە خەیام نە حەسەن صەباح نەزانراوە، جگە لە یەك دوو سەرچاوە نەبێت کە دەڵێت خەیام لە ساڵی ٥١٧ك و حەسەن صەبح لە ساڵی ٥١٨ك لە دایکبوونە. بەم شێوەیە بێت دەبێ هەم عومەر و هەم حەسەن هەردووکیان تەمەنیان لە سەد ساڵ زۆرتر بوو بێت... سەد و بیست ساڵ تەمەن زۆر نەشیاو نییە، بەڵام کەسانێکی دیار و ناسراوی وەك عومەر خەیام و حەسەن صەباح ١٢٠ ساڵ تەمەن بکەن بۆ بەشێکە لە مێژوو، جگە لە کەسایەتیی سەرسووڕینەی ئەو دوو پیاوە.

ئینجا نۆرە دێتە سەر کتاوی (مؤنس الاحرار)ی محمدی کوڕی بەدری جاجرمی کە لە ساڵی ٧٤١ك نووسیویەتی لە بەشی بیست و هەشتەمدا دەربارەی چوارینەکانی (ملك الحکما) کە سیانزدە چوارینەیە تیا بڵاو کردووەتەوە.

عبداللە ی مستەوفی نووسەری مێژووی گوزیدە لە ساڵی ٧٣٠ك دەربارەی شاعیرانی عەجەم بەتایبەت عومەر خەیام دەڵێت:

خەیامی کوڕی عومەری کوڕی ئیبراهیم ئەستێرەیەکی پڕشنگداری دونیای زانیاریی سەردەمی خۆی بووە. لە سەردەمی مەلیکشای سەلجوقیدا ژیاوە، چوارینەی زەریف و جوانی هەیە ئەمەش نموونەیە لە شیعرەکانی:

هر ذکرة بر روی زمینی بوده است
خورشید رخی زهره جبینی بوده است
گرد از رخ استین بارزم فشان
کان هم رخ نازنینی بوده است

لە کتاوی (فردوس التواریخ)ی مەلانا خوسرەوی ئەبرقوهی لە ساڵی ٨٠٨ك دا دەڵێت: خەیام لە زۆربەی زۆری زانیارییەکاندا بێ هاوتا بووە.

ئینجا نۆرە دێتە سەر ئەحمەدی کوڕی نصروڵڵای تەتەویی سندی کە بە نێوی (ئەکبەر شای هیندی) بەناوبانگە لە کتاوی (ئەلفی)دا کە لە ساڵی ١٠٠٠ك دایناوە دەربارەی خەیام دەڵێت: حەکیم عومەر خەیام پێش قەرەولی تەواوی دانایانی خوراسان و دەوروبەری بووە و لە هیچ ڕوویەکەوە لە بوو عەلیی سینا کەمتر نەبووە، بە پێی بیروڕای زانای گەورە محمدی شارەزووری لە شاری نەیشاپوور هاتووەتە دونیاوە. هەندێکی تر پێیان وایە لە دێیەك لە دێهاتی بەلخدا لە



دایکبووە بە ناوی (شمشاد)، هەندێك دی لایان وایە لە دێی (بسنگ)ی سەر بە ئەستراباد هاتووەتە دونیاوە. ئەو زانا و دانا گەورەیە گەلێك تەمەڵ و بێ بەرهەم بووە ئەگەر لەگەڵ پلەی زانیاری و بۆچوونە جۆراوجۆرەکانی هەڵی سەنگێنیت و تا بە تای بکەیت کەم کۆشاوە بیروڕاو زانیارییەکانی خۆی بخاتە سەر کاغەز، زۆر کەس پێی وابووە کە پەیڕەوی بیروڕاو بۆچوونی (تناسخ) بوو بێت.

دەگێڕنەوە لەناو شاری نەیشاپووردا خەریکی دروستکردنەوەی قوتابخانەیەك دەبن گوێدرێژێك بە بارێك کەرپووچەوە سین دەکا و هەرچی دێنە سەر و قەپۆزیدا کەر لە دەرگا ناڕواتە ژوورەوە. کە ناڕوا لەم هەرا و بەزمەدا خەیام و چەند قوتابییەکی لەو گوزەردا تێدەپەڕن هەرا و بەزمەکە سەرنجی خەیام ڕادەکێشێ و بەرەو لای گوێدرێژەکە دەڕوا و شتێك دەچرپێنێ بە گوێچکەیەوە... دوای ئەو چپە گوێدرێژەکە نەرمونیان بە بارەوە لە دەرگا دەڕواتە ژوورەوە، خەڵکەکە و قوتابیانی خەیام واق وەڕدەمێنن و سەرسامانە هەر یەکە دەنواڕێتە ئەوی دیدا.. قوتابیانی خەیام دەستبەردار نابن و تۆرك ئاسا دەئاڵێنە خەیاما کە چی بەو گوێدرێژە گوتووە؟

خەیام لەسەرەتاوە ناڕواتە ژێر وەڵامدانەوە، سەرئەنجام دوای تکاو نزای قوتابیانی دەڵێت: ڕۆحی مامۆستای ئەو قوتابخانەیە ڕۆیشتووەتە پێستی ئەو نێرە کەرەوە، شەرمی دەکرد بڕواتە جێگەیەکەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەرسی تیا وتووەتەوە، منیش بە ئەسپایی ئەم چوارینەم بۆ خوێندەوە.

ای رفته‌و باز امده هم گشته
نامت زمیان نامها گم گشته
ناخن همه جمع امده و سم گشته
ریش از پس کون در امده دم گشته

ئیجا وتم گەوجە کەس ناتناسێت کە تۆ بۆ خۆت ئەوی! بڕۆ ژوورەوە، وەك دیتان نەرم و نیان لە دەرگا ڕۆیشتە ژوورەوە.

(إبن الفقیه) وتوویەتی: زۆر لە پەیڕەوانی خانەقاکان و جووڵانەوەی سۆفیگەری (سوفیسم) چوارینەکانی خەیامیان وەرگێڕاوەتە سەر هەواو هەناسەی خۆیان... زۆریان لێ لابردووە و زۆریشیان پێوە پەیوەند پەسوەند کردووە.

میرخەند، نووسەری کتاوی (روضه الصفا)یە و یەکێك بوو لە زانایانی سەدەی هەشتەمی کۆچەری و لە ساڵی ٩٠٣ مردووە دەڵێت: (نظام الملك)ی سەرەك وەزیرانی سەلجووقیان وتوویەتی: موفەقی نەیشاپووری —خوا بیبەخشێت- یەکێك بوو لە زانا ناسراوەکانی زەمانی خۆی.. واش باو بووە ئەوەی بەلای ئەوە دەرس بخوێنێ لە داهاتوودا دەگاتە پلە و پایەی بەرز و پیاوێکی گەورەی لێ دەردەچێت... هەر لەبەر ئەو هۆیە باوکم لەگەڵ مەلا عبدالصمد ناوێك ناردمییە لای تا بە قوتابی رامگرێت... هەر واش کرا.. لەو دەمانەدا من بەلای مامۆستاوە بووم دوو قوتابی دی گەلێك زیت و زیرەك و هوشیار بە لایەوە دەرسیان دەخوند. بۆ ماوەی چوار ساڵ لەگەڵ ئەو دوو قوتابییەدا شەو و رۆژ پێکەوە بووین، یەکێکیان بە ناوی عومەر خەیام ئەوی تریان حەسەن صەباح. خۆ حەسەنەکەیان بریسکەی دەهات لە زیرەکی و هوشیاریدا.

عومەر رۆڵەی شاری نەیشاپوور و هەر لەو شارەیشدا هاتبووە دونیاوە، حەسەنەکە لە شاری (رەی)ەوە هاتبوو کوڕی پیاوێکی ناحەز و ناخۆشەویست و بێزیاو بوو، خەڵکی رەی حەزیان لە کاروبار و رەفتاریان نەدەکرد، حەسەنیش لە شاری رەی تۆمەتی بێدینی و بێباوەڕی بە دواوە بوو. لە ترسی فەمانڕەوای شاری (ئەبو موسلیم) ناوێك کە گەلێك لە رووی ئایینەوە دەمارگرژ و پەیڕەوی (سوننی) بوو.

حەسەن بۆ داپۆشین و ئارام کردنەوەی هەراو هۆریای ئەو تۆمەتە مامۆستای موفەق نەیشاپووری هەڵبژاردبوو کە ئەویش سوننی مەزهەب بوو، حەسەن بۆ خۆی دەیگوت بە رەگەز دەرواتە سەر تیرەی (حیمیەری) کە یەکێکە لە تیرە بەناوبانگەکانی عەشایەری عەرەب، بەلام لە راستیدا باوك و باپیری حەسەن صەباح خەڵکی خۆراسانن. رۆژێك حەسەن هات و وتی: وەك دەڵێن ئەوەی بەلای ئەم مامۆستاوە دەرس بخوێنێت سەرئەنجام دەگاتە پلە و پایەی بەرز و بڵند، با ئێمە هەرسێکمان پەیمان ببەستین و بەڵێن بە یەکتر بدەین هەرکامێمان لە داهاتوودا سەرکەوتین و گەیشتینە پایەی بەرز ئاگاداری ئەوانی تر بێت، ساڵان تێپەڕی و هاتوچوو، من رووم کردە شاری غەزنە و کابولستان کە گەڕامەوە کەوتمە بەرچاوی (ئەلب ئەرسلان)ی شای سەلجوقی و کارێکی گەورە و گرنگی پێ سپاردم و بوومە خاوەن دەسەلات... رۆژێك عومەر خەیام هات بۆ لام و پەیمانەکەی وەبیرم خستەوە منیش ئامادەی ئەنجامدانی بەڵێن بووم و بە عومەر وت: کەسێکی دانای وەك تۆ هەر دەبێت لە دەرباری شاکاندا هاودەم و هاوڕازی شا بیت... سبەی ئەم باسە لەگەڵ سوڵتانا دەکەم.



عومەر لە وەڵامدا وتی: من سوپاسی برایەتی و مەردانەگیت دەکەم و لە داهاتووشدا خۆم بە سەرسوپوردەی تۆ دەزانم ئەم بیر و بەڵێنە لە کەسێکی وەك تۆ دەوەشێتەوە. بەلام ئەوی راستی بێت لام خوشە بە خوێندنەوە و کاروباری زانست و زانیارییەوە خەریك بم تا بیگرە و بەردەی دەربار! منیش خەیامم بە چاکی دەناسی و دەمزانی شتێك باوەڕی پێی نەبێت نایکا و و بیڕیام دا مووچەیەکی ١٢٠٠ دیناری ساڵانەی بۆ ببڕمەوە تا بە کاروباری زانیارییەوە خەریك بێت وەك زانراویشە عومەر خەیام لە بارودۆخی زانیاریدا گەیشتووە پلە و پایەی بەرز و دیاری، سەرئەنجام نیشتەجێی شاری (مەرو) بووە و بە دەرس وتنەوە سەرگەرم بوو و لە هەمان کاتدا بە لای سوڵتانیشەوە جێگەی رێز و حورمەت چاودێری بوو.

زۆر کەس لەم رووەوە دواوە و بە ئاسانی دان بەو پەیمان و بەڵێنی ئەو سێ کەسەدا نانات و بە چیرۆکی دەست هەڵبەست و دوور لە راستی دەزانن.

لە کتاوی (الوزراء و الکتاب)دا کە لە لایەن ابی عبدالله محمد کوڕی عبدوس جیهشارییەوە نووسراوە و لە وڵاتی میسردا لە چاپدراوە، لە لاپەڕە ٩٦ کە دەربارەی وزەرا و چاوساقانی سەردەمی ئەبو جەعفەری مەنسور نووسیویەتی دەڵێت:

عبدالملك کوڕی حمید پیاوی حاتم کوڕی نعمان الباهلی و یەکێك بووە لە سەرنووسەرەکانی، رۆژێك لە شاری (حەران) دادەنیشت لە ژێردار هەنجیرێکدا کە یحی بن نزمله الصغری و عبدالله بن نعمان و دوو کەسی تر دەڵێت.. وا دامودەستگای ئەمەوییان نەما و دەسەلاتی عەباسییەکان دێتە سەرکار... ئەگەر هەر کامێمان لە داهاتوودا گەیشتنە دەسەلاتی و پلەی بەرز با ئاگاداری ئەوانی تر بێت... بۆ یەکتر سوێند دەخۆن.

ئەبو جەعفەری مەنسور بە دوای نووسەرێکی باشدا دەگەڕێت ناوی عبدالملك بن حمیدی بۆ هەڵدەدەن و کاروباری پێ دەسپێرێت، ئەویش هاواڵەکانی دەکەوێتە بیری و هەر یەکەیان کارێکیان پێ دەسپێرێت.

شمس الدین تەبزیری لە دوو جێگەدا ناوی خەیام دەبا. یەکێکیان دەربارەی ئەو دانایە کە بە خراو ناوی دەبا و بە لاشیەوە دەرسی خوێندووە و دەهۆڵ و سرنای بۆ دێنن تا خەڵك بزانێت کە لای ئەو دەرس دەخوێنێ.

لە کتێبی (اثار البلاد و اخبار العباد)ی زەکەریای کوڕی محمدی کوڕی مەحموودی قەزوینیدا ئەو زانایە بە (غەزالی) دەزانێت، هەروەها یار ئەحمەد رەشیدیش لە کتاوی (تەرەبخانە)دا دەڵێت ئەوەی خەیام دەهۆڵی بۆ لێداوە غەزالی بووە، شەمسی تەبریزیش هەروا دەڵێت و لە

جێگەیەکی ترا دیسانەوە دێتە سەر باسی خەیام کە شێخ ئیبراهیم ناوێك ڕەخنە لە شیعرەکانی خەیام دەگرێت و پێی وایە خەیام لە بارەی بیروڕاوە کابرایەکی سەرگەردان بووە، منیش لە وەڵامیدا وتم گومان لە سەرگەردانیی خەیامدا نییە. ئەو جارێك ئینکار دەکا و جارێك دەربارەی ئەفلاك و ڕۆژگار و بەخت و جەخت و شتی تر دەڵێت و هەرچیش دەڵێت ناگاتە ئاکام... منیش دەڵێم سەرگەردان بووە...

چونکە پیاوی بە باوەڕ بە خوا سەرگەردان نابێت.

لە بەشی زانیاری ژمارەدا لاپەڕەی ٤٨٤ لە (پێشەکی ئیبن خەلدون)دا بە پێی بیروڕای زانایانی تر خەیام لە جەبر و هەندەسەدا دەستی باڵای هەبووە.

لە کتاوی (تارخ کبیر)ی جعفر کوڕی محمدی کوڕی حسن بە ناوبانگ بە (جعفری) دەربارەی (حکمای ئیسلام) ناوی خەیامی هێناوە دەڵێت: خەیام دانایەکی بەرزی ئیسلامە و تەواوی زانایان دانیان بە لێزانی و دانایی ئەودا ناوە، و زیجی بۆ مەلیکشای سەلجوقی دروستکردووە، شیعری جوانی هەیە، لە ساڵی ٥٢٦دا مردووە.

## فیتز جیرالد:

کۆنترین ڕۆژهەڵاتناسێك دەربارەی خەیام نووسیبێت (ژان شاردن)ی فەرەنساوییە، کە گەشتەکەی بۆ خۆی بە مێژووی سەردەمی سەفەوییەکان دەژمێردرێت.

لە ساڵی ١٨٥٩ز کتاوێکی بێ بەرگ و بچووك و پەرپووت لە ژێر چاپ هاتە دەرەوە، نەك سەرنجی کەسێك ڕابکێشێت بەڵکو یەکراست خرایە سەوەتەی کتاوە هەرزان و بێ نرخەکانەوە بە دوای یەك دوو ساڵێکدا دوو کەس لە شاعیرە ناسراوەکانی ئینگلیز بە ناوی (روسەن)[1] و (سوین برن)[2] گوزەریان دەکەوێتە (کواریج)[3] بۆ خۆیان بە سەوەتەیەك لە کتاوی نەناسراوەوە خەریك بوون و دەست بە دەستیان دەکرد، بە هیوای دۆزینەوەی کتاوێك، شتێك، یان پارچەك شیعر!. ئیتر کتاویان دەست بە دەست دەکرد بە ڕێکەوت کتاوچەیەکی بێ ڕەنگ و رووی گرێدراویان وەبەرچاو کەوت وەك هەتیوێکی بێ ناز و ڕێز و حورمەت لە بنی سەوەتەکەدایە، ئەمەی لێ نووسرابوو: (چوارینەکانی عومەر خەیام: شاعیر و ئەستێرەناسی ئێرانی، لەندەن

(1) Rossetti.
(2) Swin Burn.
(3) Quoritch.



١٨٩٥ز) ناوی نووسەرەکەی بەسەر بەرگەکەوە وەدی نەدەکرا. سوین برن ئەو کتاوەی بە یەك (پەنی) کڕی. ئەو کتاوچەیە لەناو سەوەتە هاتە دەرەوە وەك دێوێك لە چراکەی عەلائەددین وەدەربێت زۆری نەخایاند شۆرەتی ئەو حەفتا و پێنج چوارینە کەوتە سەر زمانی خوێندەوارانی شاری لەندەن و دەوروبەری، خەڵکەکە بە دە بەرانبەر نرخ بە دوای ئەو کتاوەدا دەگەڕان و وە دەستیان نەدەهێنا!. خەڵکەکە هێندە مەست و کەیلی بادەی خەیام بووبوون ئەوەی بیریان لێ نەدەکردەوە بادەگێڕ و مەیگێڕەکە بوو. کەسێك ناوی وەرگێڕەکەی نەدەهێنا پێیان وابوو هێندە حەزی لە تێکەڵاوی خەڵك و دەروبەر نییە، گوشەگیر و بەرهەڵبژێرە، ڕەنگە تەواوی کات و ساتی بە پەرستن و تیفکرین لە ئاین و پەروەردگار بباتە سەر، یان تووڕە و ئاڵۆز و بەدخووە بۆیە لە تێکەڵاویی نێو خەڵك پارێز دەکا.

دوای هەشتا ساڵ دووبارە ئەو کتاوچەیە لە چاپ درایەوە وەك نوقڵ و نەبات کەوتە بەر دەست و دەمی خەڵکی خوندەوار، لەم ساتەوە بە دوا ناوی وەرگێڕەکەشی کەوتە سەر زمانان و زۆربەی زۆری چاوساقانی ئەدەبی ئینگلیزی دانیان بەوە دانا و سەلماندیان وەرگێڕەکە نەك تەنها وردەکاریی تێدا کردووە و چوارینەکانی بە جۆرێك وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی پڕە لە وەستاکاری و لە هەمانکاتدا پەی بە ناخی خەیام بردووە و زیرەکانە شەڕابی نابی ئێرانی و وێسکی ئینگلیزی تێکەڵاو و ئاوێتە کردووە و داویتە دەست بادە خۆران و بەزمگێڕانەوە.

ئەدوارد جیرالد کوڕی یەکێك لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی ئەوحەلە و لە تەمەنی بیست و یەك ساڵاندا تالار و کۆشکی باوباپیری بێزاندووە و بەجێهێڵاوە و لە ماڵ دەرچووە و لە یەکێك لە لادێیەکانی ناوچەی (سوڤاك)دا لە چواردیوارێکی نیوە کەلاوە و هەرووژاودا دەگیرسێتەوە، دوور لە هەراو هۆریا و بیگرە و بەردە و کش و فشی بنەماڵە ناسراوەکانی ئەو حەلە کە ئەو بۆ خۆی بە ئەندامی ئەو توێژە دەژمێردرا. لەو کوێرە دێیەدا سەگێك و پشیلەیەك و تووتییەکی کردووەتە هاوراز و هاونیازی خۆی تاساڵی ١٨٨٠ز کەم کەس ئاگاداری چۆنیەتی ژیانی ئەدوارد بووە، بیست و یەك ساڵ بەسەر لە چاپدانی چوارینەکاندا تێپەری ئەدوارد جگە لە چەند کەسێك نەبێت هەروا گۆشەگیر و لەپشت پەردەوە دوور لە خەڵك دەژیا.. تا یەکێك لە ناسراوەکانی بە ناوی (و. ئۆلدین رایت) چۆنیەتی ژیان و بڕێك لە کارە ئەدەبییەکانی لە سێ بەرگدا لە چاپدا. دوای بە چاپ گەیشتنی ئەو کتاوە سێ بەرگییە ئیتر ناوی ئەدوارد لە سەرتاسەری دونیای ئەدەبیاتی ئەوروپا و ئەمریکادا کەوتە سەر زمان و هێندەی تر ناوباوی خۆی و خەیامی زۆرتر و بلاوترکردەوە، ڕۆژێك نەبوو یەکێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکانی

ئەو حەلە دەربارەی ئەدوارد و خەیام نەنووسێت و نەیسەلمێنن وەرگێڕەکەی هۆشیارانە مەستی بادەی خەیام بووە و لە کانیاوی خەیامدا تینوویەتی شکاوە.

ئەدوارد لە ساڵی ١٨٠٩ز لە رۆژی ٣١ی مارسدا لە شاری سوڤاك لە بنەماڵەیەکی ئەشراف هاتووەتە جیهانەوە، بە پێی ئاداب و نەریتی بنەماڵە ناسراوەکانی ئەودەمە لە تەمەنی پانزدە ساڵیدا نێردراوە بۆ کۆلێژی (ترینیتی)[1] لە زانکۆی کەمبریج و بەدژواری کۆلێژ تەواو دەکا و بە ئاسانی لە رەسم و رەواڵ و ئەشرافیەتی پڕ لە کەش و فشی ئەو حەلە یاخی دەبێت و تالاری باوکی بەجێ دەهێلێت و ژیانێکی سادە و بێ ئارایش هەڵدەبژێرێ. بۆ ماوەی شانزدە ساڵ دوور لەتەواوی خۆپێشاندان و پەنجە بۆ درێژ کردن ژیان دەگوزەرێنێت... تەواوی ئەو ماوەیە تا تەمەنی چل و دوو ساڵی لەو کوێرە دێیەکدا بە کاروباری ئەدەبیات و مۆسیقا و فەلسەفەوە خۆی سەرگەرم دەکا.

لە ساڵی ١٨٥١ز بیرەوەریی سەردەمی زانکۆیی کردە کتاوێك و بە چاپی گەیاند، بە دوای ئەوەدا چەند شانۆیی لە زمانی ئەسپانییەوە وەرگێڕایە سەر ئینگلیزی. یەك دوو درامای یۆنانی کۆنیشی کردە ئینگلیزی. ئەوانە هەموو هێندە بەلای ئەدەب دۆستانەوە پەسەند نەکراوە... بۆیە لە یەکێك لە گۆڤارەکانی ئەو دەمەدا نووسراوە: (ئەمانە شایانی خوێندنەوە نین!).

ئەدوارد لەناو چینی رۆشنبیر و خوێندەوارانداا دۆست و هاوڕێی زۆری هەبوو لەوە دەچێت لە هەمووان زیاتر لەگەڵ پرۆفیسور (کویل)ی کارناس و لێزانی زمانی سانسکریتیدا گەرمتر و تێکەڵاوتر بووە، پرۆفیسۆری ناوبراو بە باشی ئاگاداری زمانی فارسی بووە و بۆ خۆشی بە مامۆستای زمانی فارسی ئەدوارد ناسراوە.

ئەدوارد دوای ئەوەی باشتر ئاگاداری وردەکاریی زمانی فارسی بوو. ئەدەبیاتی کلاسیکی توور دایە ئەولاوە و لە ساڵی ١٨٦٠ز (سلامان وابسال)ی شاعیری بەناوبانگ (جامی)ی بە شێوەی شیعر وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی با وەك ئەو کارە بە لای زۆر کەسی ئەدەبناسەوە بە کارێکی نایاب لە قەڵەم دراوە بەڵام لەگەڵ چوارینەکانی خەیامدا زۆریان بەینە.

نامەیەکی ئەدوارد جیرالد دۆزراوەتەوە کە ساڵی ١٨٥٦ز بۆ یەکێك لە دۆستانی نووسیوە تێیدا دەڵێ: (گەلێك بەوەوە شانازی دەکەم کە چوومەتە نێو وردەکاریی ئەدەبیاتی فارسییەوە، بەندە نە مەبەستم مەولانا مەلەویی رۆمییە و نە حافظ —ئەگەرچی شیعرەکانی حافظ لەگەڵ

---

(1) Trinity College.



وەرگێڕاندا ناگونجێن و پابەندی ئاهەنگێکی تایبەت بە خۆن- ئەوەی لام روون بووەتەوە شیعرەکانی حافظ و خەیام یەك پارچە زێڕن). ((من سەرتاسەری ژیانم بەفیڕۆ تێپەڕاندووە هیچ تام و چێژێکم لە ژیان وەرنەکردەوە وەختی ئەوەم هاتووە لە دەربارەی (عیشق) و مەی گوزاریدا لەنگەری لێ بخەم و پای لێ درێژ بکەم)).

ئەدوارد بە پێچەوانەی مامۆستایانی عیشقناسی رۆژهەڵات و وردەکارییەکانیانەوە عاشقی زاری پیرە کچێکی زەرد و زەعیف و وردیلانە دەبێت لە رۆژانی تاتێلا وانەی ئایینی بە منداڵانی نێو کلێسا دەگوت. ئەدوارد پێی وابوو بە ڕاستی عیشقی گوم بووی خۆی دۆزیوەتەوە و ئەو کچەش عاشقی زاری ئەوە و بێ گومان عیشقی راستەقینەی لە (برنارد یارتن)ی باوکییەوە بۆ ماوەتەوە، بێ یەك و دوو پێوەندیی ژن و مێردیی لەگەڵ دەبەستێ، بەڵام هەر لە رۆژی یەکەمی بووك و زاوایەتیدا هەستی بە هەڵەی خۆی کرد، ئەوە بوو لە وەڵامی پیرۆزبایی یەکێك لە هاورێیەکانیدا وتبووی: ((تکایە لەم رووەوە پیرۆزباییم لێ مەکەن)).

یەشتا مانگی هەنگوێنی تێنەپەڕاند بوو کەوتە بیری رزگاربوون و تەلاق دانەوە —هەر بۆ ئەو مەبەستە بارگەی لێ بەست و خۆی گەیاندە شاری لەندەن و لەوێدا خانوویەکی بەکرێ گرت پەنجەرەی ژووری خەوی بەسەر گۆڕستانێکەوە بوو، پەنجەرەی ژووری دانیشتنیشی بەسەر باخچەی جانەوەرانەوە. ژنە کە پەردەی ژووری خەوی لادەدا کێل و مەزرای گۆڕی جۆراوجۆری دەدی کە دەهاتە ژووری دانیشتنەوە، بۆڕەی ورچ و قریوەی مەیموون و لوورەی گورگ و زایەڵەی جانەوەرانی دەهاتە گوێ!! زۆری نەخایاند لەیەك جوێ بوونەوە و ئەدوارد بە تەواوی خۆی خستە نێو بەخت و جەختی بادە و شەرابەوە.

ئەمەش ئاشکەرا و روونە دەستی رێکەوت و یارمەتی نەدابا نە فیتز جیرالد و نە عومەر خەیام ئەم ناوبانگە گەورەیان نەدەبوو. ئەو دوو شاعیرە وردەکارە بوونە هۆی دووبارە لە دایکبوونی خەیام و وەرگێڕانەکەی فیتز جیرالد بەو شێوەیە کە لە روح و بیروڕای خەیامەوە نزیك بووتەوە، هەر هەموو ئەوانە رۆحی خەیامیان شاد کردەوە، ئەگەرچی بۆ خۆی باوەڕی بە هەتا هەتای رۆح نەبووە و پێی وابووە مردن واتا لەناوچوونی رۆح.

تا ئەدوارد فیتز جیرالد لە ژیاندا بوو بۆ جاری پێنجەم وەرگێڕانەکەیان لە چاپ دایەوە. سەدان شاعیر و رۆژهەڵاتناسی تر لاسایی ئەدواردیان کردەوە و هەزاران چوارینەیان نووسییەوە و لە بیر چوونەوە. ئەوەی وەك چوارچێوەیەکی زێڕین ماوەتەوە چوارینەکانی خەیامە.

ئەدوارد فیتز جیرالد لە رۆژی چواردەی ژوئینی ساڵی ١٨٨١ز لە پرخەی خەودا جیهانی بەجێ هێڵا، بیست ساڵ دوای مردنی وەرگێڕانەکەی دیسانەوە گەردەلوولێکی پڕ لە دەنگوباس و رێز و حورمەتی نایەوە و لە هەمانکاتدا پەیڕەوانێکی گەلێك فراوانی فەلسەفەی خەیامی لە ئەوروپادا هێنایە جەوەلان و لێدوان، ئەندێشمەندان مامۆستایانی فەلسەفە و بیروڕای بەرزی فەلسەفەی جۆراوجۆر لەسەر بناغەی فەلسەفەی خەیام سەدان کتاویان خستە ژێر چاپەوە بەو شێوە رۆحی سەرکێش و ئارام نەگرتووی خەیامی شاعیر و خەیامی ئەستێرەناس و حەکیم و خەیامی خۆش گوزەران و خەیامی بە گومان و تووڕە و ئالۆزیان نەوازش کردەوە.

ئەدوارد لە رووی نوسخەی کتاوخانەی بودلیان چوارینەکانی وەرگێڕاوە و ئەو بەرگە تا بە ئەمڕۆ بە کۆنترین بەرکێکی بە دەست هاتوو لە قەڵەم دەدرێت، لە ساڵی ٨٦٥ك لە شاری شیراز نووسراوە، واتا سێسەد ساڵ دوای مردنی خەیام، رەنگە ئەو ١٥٠ چوارینە کە لەو نوسخەدا نووسراوە هەر هەمووی هی خەیام نەبێت. لەم رووەوە خوالێخۆشبوو (فروغی) دواوە و چەندین چوارینەی دەستنیشان کردووە کە ناکرێت هی خەیام بن. بەڵام زیرەکی و وردبینی ئەدوارد، رەش و سپی لەیەك جوێ کردوەتەوە، هەندێك چوارینەی وەرگێڕاوە لە هیچ نوسخەیەکدا وەدی نەکراون (ئەشێ هی خۆی بن) لەم رووەشەوە (فروغی) دانی بە وەستاکاریی ئەدواردا ناوە و کارەکەی بە شاکارێکی ئەدەبی دەزانێت و لێزانانە پەنجەی خستوەتە سەر زەوقی ئەدەبیی خوێندەوارانی ئینگلیز و ئەوروپایی.

هاتووە وەك نامەیەکی ئەدەبی چۆن سەرەتا و پانایی بۆ دادەنرێت رێز و رێك و رەوان زنجیرەیەکی زێڕینی چوارینەکانی بە یەکەوە پێوەنداوە و نامەیەکی ئەدەبیی فەلسەفی لێ پێك هێناوە و بە زمانی خەیامەوە فەلسەفەیەکی تایبەت روون دەکاتەوە خوێنەر دەخاتە بیر و لێکدانەوە و گێژ و وێژی و سەرسامییەوە.

ئەمەش نموونەیەك لە وەرگێڕانەکەی ئەدوارد فیتز جیرالد:

وا بەر بەیانە، هەتاو لە ئاسۆ عەیبیانە،
خەڵکینە درەنگە فریای بادە هەڵدان ناکەون
کە بۆی دەرچوون گەڕانەوەیەك لە گۆڕدانییە.
بەهارە، چریکەی بولبولە لەنێو گوڵی زەردو سووردا
رۆژگار گەلێك گوڵزاری لە نێو بردووەو



دیسانەوە لەنێو خاك و خۆڵا رواوەتەوە
کە رۆژگارێك لێوی سوورو بەژن و باڵای
نازەنین روخساران بووە.

ئەدوارد دوای شیوەنی پڕ لە زاری بۆ گوڵ و شینایی و دار و درەخت و کورتیی ژیان و زیندوو نەبوونەوە دەکەوێتە باسی سەردەمی منداڵی خۆی و چۆنیەتی رۆشنبیریی ئەو حەڵە و ئەو هەموو تەقەلایە کە سەرەنجامەکەی مردنە. شاعیر بیروڕای خۆی و رۆحی چوارینەکانی خەیامی تێکەڵ کردووەو لە هەمان کاتدا کەسایەتیشی، مەی خۆرەوەیەکی تەواوی لێ دەردەچێت و هەموو شتێك بە لەناو رۆیشتوو دەزانێت کەمتەرخەم و بێ دەربەدەست عەقڵ و دین دەخاتە لاوە، پەنجە لە عیشق گیر دەکا و دەڵێت: ((هەتاوەکو بیروڕای رۆشنبیریش ناگاتە فریای کەس و ئەوەی دەتوانی بیکە. نەیکەی لەدەستت رۆیشتووە.)) ئینجا دێتە سەر باسی خەیام و دەڵێت: خەیام گوزەری دەکەوێتە کارگەی گۆزە سازێك، بە پێی فەلسەفەی تایبەت بە خۆی بە زمانی بێ زمانی کووپە و گۆزەوە دێتە ستایشی مەی و بادەوەو دەڵێ کە مردم لە خاك و خۆڵم گۆزەیەك دروست بکەن و پڕی کەن لە شەراب ئەوە دووبارەی زیندووبوونەوەیە. سەرەنجام ئاخ بۆ رۆژانی لاوی و گەنجایەتی هەڵدەکێشێ و دەڵێت: (بریا جیهانێکم بسازاندایە پڕ بووایە لە عیشق و سەفا.)

ئەدوارد فیتز جیرالد لەو ٧٥ چوارینەدا کە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی هۆشیارانە خەیامی دەرك کردووەو بە باشی هەڵسەنگاندووە.

لە رۆژگارێکدا ئەدوارد ئەو چوارینانەی وەرگێڕاوە میللەتی ئینگلیز هێندە پابەندی (اصول) نەبووبوون، خەڵکەکە رۆژانی شەممە دەڕۆیشتن بۆ کلێسا.. بەڵام ئەوەندەش دین و ئایینیان بەلاوە گرنگ نەبووەو تەنیا لەبەر نەبوونی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی هەندێك رەفتار و کرداریان کردووە لە ئاوا رۆژێکدا فەلسەفەی خەیام کەوتە دەستی خەڵکی ئەو حەڵە و ئاسانی داس و تەورداسی خستە بن و بنچکی دووڕوویی، درۆ، چاپلووسی، رووکەش بازی و شان تەکینەوە، بەو وشە و واژە رازاوانەوە فەلسەفەی خۆشگوزەرانی تێکەڵ بە (تەسلیم).. تەسلیمێکی دوور لە بێ بەندوباری و نائومێدی و لە هەمانکاتدا رێزلێنان بۆ سات و کات و رۆژ و مانگ و ساڵ و تەواوی ژیان.. بانگەوازێکی وای نایەوە زۆر کەسی لە بێخەبەری و هەرواژیان ئاگادار کردەوە.

با ئەوەش بڵێم تا بە ئەمڕۆ هیچ شیعر و رێکخراوێکی شیعری تا بە ئەمڕۆ لە زمانی ئینگلیزیدا بە ئەندازەی چوارینەکانی خەیام (فیتز جیرالد) تارمایی نەخستۆتە سەر بیروڕاو ئاداب و نەریتی میللەتی ئینگلیز بە شێوەیەکی وا هەندێك لە چوارینەکانی لە قسەی رۆژانەدا بەکاری دەبەن.

## نامەیەکی/ مەنفەلوطی:

هاوڕێی زانام،

وەدیع ئەفەندی بوستانی.

وا لە خوێندنەوەی چوارینەکانی خەیام بوومەوە، خۆم پێڕانەگیرا تا باسی بازێك لەو شیعرانەت بۆ نەکەم کە بۆ خۆم پەییم پێ نەبردووە.

بەندە وەك کابرایەکی رووتەی سەرگەشتە و دەربەدەری نێو چوار تەنشتێکی وشك و برینگ و رووتەڵ لە پڕ بکەوێتە نێو دۆڵ و دەربەندێکی سەر سەوز و رازاوە بە گوڵ و گولزاری رەنگاو رەنگ، هەر هەنگاوێکم دەنا تیشکی رۆشن.. و گوڵی سوور و شینایی پرشەداری لە بەربادا داخراو، ئاسمانی شینی بێ بن و بێخ و پۆڵ پۆڵ کۆتر و چولەکەی رەنگاورەنگ لە چلێك بۆ چلێکی دی فرین و تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون و بە شەڕ و ئاشتییەوە ئاسمانیان تەی دەکرد و دیسانەوە لە کەناری کانیاودا دەنیشتنەوە... دەیانخوێند و دەیانخوێند هەر یەکە ئاوازێك و هەریەکە بە شێوەیەك ئەو جیاوازییە بێ هاوتا و ئەفسووناوییە مەگەر لە دەنگ و رەنگی نێو پەریانی بەهەشتە وە دەکرێ و بیسترێت.

دۆڵی سەر سەوز و پرشەدارم دەبڕی، هاوشانی رووباری مارپێچی کەف چەڕێن چاو لە دوور.. بێ ئەوەی کەسێك وەدی بکەم تا گەیشتمە تەختە لانییەك لە کەناری رووباری توورە و ئالۆزدا. دوو دڵم! دەمەوێت بەسەر ئەو سەوزاییەدا ئۆقرەگرم و پێ راکێشم... بۆچی نا؟..
پیاوێکی دەم بە پێکەنین یان بزەی نەخشاوی سەرلێو تاوێکی تر شێوە و جوانی و نازەنینی دێتن لە رووخساری پەری ئاسایەك تاوێکی تر دەم بە لێوان. ئیتر تا و تاو دەم دەم مەی و جوانی لەگەڵ زەرافەتی شیعردا ئاوێتەی سروشتی رەنگاورەنگ و بێ دەنگیدا. هەرچی ناخ و ئەندێشە هەیە لە شەقەی باڵدەدا و خۆی دەگەیەنێتە ئەو لای نەزانراوەکان، تا بەند و کەمەندی دەرد و ئازار و پەژارە بپچرێنێت و خۆی بگەیەنێتە چێژ و تامی تەنهایی و هەڵبەست و بادە و ئافرەت.



لەوەی دڵنیام ئەگەر شا و سەلاتینش بکەونە بیرەوە هەڵیسەنگێنن کە بە چ جۆرێك لە دەربارەی پڕ زۆر و زەرا فەرمان دەڕانن بە خۆی دەڵێت: من چیمە لە شا و لە سوڵتان و لە دەربار و لە ئەمیر و لە وەزیر و لە گزیر و لە کۆشك و تالار و بەهەشت...! لەوێرا دەرد و ژان و غەم و پەژارە و بوونەهات و کوژرانە!. لەوێرا هاوار سەربورە و گریانە!. لەوێرا بێ دەنگی لە سایی تەنیای دایە، لەوێرا دوو لێو هەیە، لێوی لیوان و لێوی گوشتنی کیژی نازدار و نازەنین..

خەیام کە باسی پایان و دوا دوای دەکا و دەڵێت:

بۆچی ئەوەی لە چنگم دایە بیدەمە سبەی، ماسییەك بە دەستەوە هەزاران ماسی نێو دەریا دەهێنێ، من ئەوڕۆ ئەوەتا هەم.. کاتێك وا بەم چەشنە هەست بە بوون دەکەم لە دەستی نادەم... با سبەی سبە بێت من هیچ دەربارەی سبەینی نازانم...

بە دژوار دەیسەلمێنم کە ئێمە گەنجینەی زەڕ و زیوین و چاڵ دەکرێنن و سبەینێ وە دەرمان دێنن.

ئینجا دێتە سەر خۆی دێتە ستایشی پەروەردگار و داوای بەخشین و لێبوردن دەکا لە تاوان و گومانەکانی خۆش بێت و دەڵێت:

پەروەردگارا!. بۆ خۆت ئاگاداری بیر و باوەڕمی و دەزانی لەو رۆژەوە ئیمانم هێناوە هەروام و هەڵنەگەڕامەتەوە و هەمان جۆر تێدەفکریم کە خاوەن ئیمانان هەیانە... تاوانەکانم ببەخشە، من لە رووی یاخی بوون و لاسارییەوە تاوانم نەکردەوە هەرگیز لەم رووەوە یاخی نەبوومە، بەڵام چی بکەم چێژی بادە پەرێشانی کردووم، ئاشوفتە و دوو دڵی کردووم.

بەخشەندەگی پەروەردگار دەریایەکی بێ بنە و بێخە هەرچی تاوانبار و ملهوڕان هەن مەلەی تێدا دەکەن!.

ئینجا دێتەوە سەر باسی مرۆڤ و هەستی بەزەیی لە دەروونیا دێتە هەڵهەڵە و دەستدەکا بە شیوەنێکی زەبوونانە بۆ زیندوان و مردوان و دەڵێت:

کچە جوانە نازدارەکە!
تو خوا لەسەر خۆت هەنگاو بنە و پا هەڵگرە..
لە ژێر پێتا هەرچی شینایی هەیە ریشووی لە دڵ و جەرگی
لە تۆ نازدار تر دایە، ئەویش وەك تۆ رۆژگارێك هەزار ئاوات و

ئارەزوو و جوانی و زەرافەت و شۆخ و شەنگی تێدابووە، چەپۆکی
گەردوون وای کردووە تۆ لە ژێر تیشك و رۆشناییدای ئەویش
بەند و یەخسیری نێو جیهانی تاریکی...
جوانکیلە!.
لەسەر خۆت پاشماوەی نێو لێوانی بادەکەت برێژە سەر زەوی
تا تك سینە و مەمانی تەڕکا و گڕ و گڵپەی دەروونی
بکوژێنێتەوە.

خەیام بیلمەتە لە گەشتەکەیدا بەردەوامە بەلای کارگای گۆزە و کووپەسازێکا دەگوزەرێت و رادەوەستێ و دەڵێت:

ئارام لێی نەبووە!..
لەسەر خۆت ئەو قوڕە بشێلە!. تۆزەکێك بەزەیی و رەحمەت.
چۆن دڵت دێت خستۆتەتە ژێر پا لەقەوە؟
ئەوە تا دوێنی مرۆڤێك بووە وەك تۆ..
تویش سبەی وەك ئەو دەبیتە خاك و خۆڵ و دەکەویتە ژێر پا
لەقەی گۆزە سازانەوە..
تۆیش دەخرێیتە نێو کوورەی گۆزەسازێکی ترەوە!..

بەم رجا و تکایە دەست بەردار نابێ و بانگ هەڵدەدا و دەڵێت: کوا چیبیان بەسەراهات دەسەلاتدارانی دوێنی، بەختەوەرانی مێژوو؟ زەمانێکە خۆریان نیشتووە و بێ ناونیشان.. هاوارەکەی دەبێتە لاواندنەوە بۆ خۆی و دوا رۆژی نزیکی خۆی کە چۆن پیری دەست دەناتە بینی و دەکومیتەوە و رەشایی لەسەر و ریشیدا وەدی ناکرێت و پای لە لێواری گۆڕ نزیك دەبێتەوە و لە ناکا گۆڕ هەڵی دەلوشێت..

فڕینەکانی خەیام بەردەوامە لە چڵێکەوە بۆ یەکێکی تر لە زانیارییەوە بۆ هۆشیاری وردەکاری، لە شیعردا.. لە جوانی با.. لە زەرافەتدا.. تەقالاکانی زنجیرەیەکی پڕ لە ژیان



و تەواجودی ئینسانییە. دەکەومە ئەو باوەڕەوە یا باشتر بیڵێم.. دەیسەلمێنم کە ئەم کەڵە شاعیرە ئاوێنەیەکی راستە و خۆی گەردوونە شەو و رۆژی تێدایە زەوی ئاسمانی تێدایە... دەنگ رەنگی تێدایە. ئەگەر (متنبی) جێگەی شانازی میللەتی عەرەب بێت.. ئەگەر لامارتین و هیگۆ فەرەنساوییەکان شانازی پێوە بکەن... ئەگەر سەکسونەکان بە شکسپیر و ملتۆنەوە بنازن.. ئەگەر دانتی جێگەی شانازیی تولیانەکان بێت ئەگەر میللەتی ئەڵمان بە گۆتە شانازی بکەن، یان میسری تازە بە ئەحمەد شەوقییەوە سەرفراز بێت، میللەتانی ئێرانی بە خەیامەوە لەوان کەمتر نین.. جا بۆیە سوپاسگوزارتم ئەی (بوستانی)ی بچووك!.

وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام بە گەورەترین خزمەت دادەنێم بەرامبەر بە خۆم و زمانی (ضاد) کەلێنێکی گەورەت پڕ کردوەتەوە... وەك لە پێش تۆدا (بوستانی)ی گەورەی ئەلیادەی هومیرۆسی وەرگێڕاوە سەر زمانی عەرەبی، بێ گومان ئەم گوڵەی پێشکەشی جیهانی خوندەواری عەرەبان کردووە گولزارێکی لە لادا سەوز دەبێت.

(بنواڕە ئەو سەرسووپودەگییە کە مەنفەلوطی دەربارەی ئەدەبی میللەتەکەی هەیەتی. خوزگە ئێمەش وابانیا — نووسەر)

## شکوڤسکی

مامۆستا و دانای رووس لە ساڵی ١٨٩٧ز وتارێکی دەربارەی خەیام بڵاوکردووەتەوە تێیدا دەڵێت:

چوارینەکانی خەیام هەشتا و دوو چوارینەی پۆی بە خەیامەوە نییە و هی شاعیرانی تری ئێرانییە وەك فریدالدینی عەتار و حافظ و جلال الدینی رۆمی و سعید و ئیبن سینا و فیردەوسی و ئەنوەری و عەبدوڵڵای ئەخساری، وەك ئەو چوارینانە ناسراون بە (چوارینەی ئاوارە)وە هەر لەبەر لە یەکچوونی چوارینەکانی خەیامە کە بە هی ئەو ناسراون ئەمەش یا لە رووی نەزانینەوە یان بە ئەنقەست.

تا بە ئەمڕۆ ژمارەی ئەو چوارینانەی وا بەهی خەیام دانراون هەزار و دووسەد چوارینەن.. هەزار و چل چوارینەی تا رادەیەکی زۆر لە مانا و داڕشتندا سەروەرییەکی

تایبەتی تێدا دەبینرێت. بەلای منەوە ئەوی گومانی لێ ناکرێت (یانزدە) چوارینەیە کە بە دەستخەتی خودی خەیام نووسراون. ئاخۆ دەبێت لەسەر چ بنەما و بیرو باوەڕ و بەرنامەیەك ئەو هەموو چوارینەیان داوەتە پاڵ خەیام؟. و بەناوی ئەو دەم بە دەم بلاوبوەتەوە؟ ئایا لە رووی خۆشەویستییەوەیە یان بێزیان و دوژمنایەتی؟. هەرکامیان بێت. نەك رەوا بێت. تاوانە. بەلام من پێموایە دوو هۆی سەرەکی هانی ئەو کەسانەی داوە تا وابکەن.. یەکەم کابرایەکی وەك عومەر خەیام بەو کەسایەتییە ئەدەبی و رۆشنبیریی سەردەمی خۆیەوە زۆر کەس و زۆر کۆمەڵ و زۆر برکە و پەیڕەوانی بیروڕای جۆراوجۆر لێدەبێت بە دۆست و دوژمن برێك هاوڕا و برێك بەرانبەر و دەست بە یەخە ئەوانەی خەیامی بن بە لای پەرستن و یەکتاییدا بۆی دەتاشن ئەوانی تریش لە رووی کینە و شاکامییەوە چوارینەی پڕ، لە کوفر و گومان و دەم دەمی بۆ تۆمار دەکەن. إبن القفطی وتوویەتی: (کۆمەڵ سۆفیان چوارینەکانی خەیامیان وەرگێراوەتە سەر هەوا و هەناسەی خۆیان و بەپێی بۆچوونی خۆیان پێشوەند و پاشوەندیان پێوە پەیوەست داوە. هۆی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ میرزا بنووسەکانی ئەو حەلە ئەوانەی دەستنووسی چوارینەکانیان کردووە بە پێی هەر چوارینەیەك پووڵ و پارەی زەڕیان وەرگرتووە... ئومەرا و دەست رۆیشتوانی ئەو کاتە بیر و رایان زۆرتر بەلای دەستنووسی زێڕین و چوارچێوەی ئاوی ئاڵتون و قەبارەی چوارینەکانی بووە تا رۆحی چوارینەکان. جا میرزا بنووسی دەخەڵ باز و زەڕدۆست و زیرەك بۆ دینارێك زۆرتر کۆشاون تا کاکڵەی رۆحی خەیام.

### ودیع بوستانی

ئەگەر دەتەوێت ئەندازەی عیشق و شیفتەگیی میللەتانی ئەمریکا و ئینگلیز دەربارەی خەیام بزانیت با بۆ بگێڕمەوە.. لە شاری لەندەندا رۆیشتمە کتاوخانەی تایبەتی مۆزەخانەی ئینگلیزەوە کە بۆ خۆی بە کتاوخانەی میللەتی ئینگلیز دەژمێردرێت. لەوێڕا ١٥٣ کتاوم دەربارەی عومەر خەیام وەبەرچاو کەوت.. لە وەرگێڕانەکەی فیتز جیرالدەوە بیگرە بەر تا تابلۆی رەنگاورەنگ و رەش و سپی و بێ تابلۆ بە لە یەکدانەوەی جۆراوجۆر بە شیعر، بە پەخشان دەستکاری کراو یان هەمان مانا هەمە چەشنە. لەسەر نوسخەکەی (کەلکەتا)وە (ئوسلی) بەوانەوە رانەوەستام زۆربەی زۆری کتاوخانە تایبەتییەکانیش گەڕام و دەربارەی خەیام



پرس و جوم دەکرد.. لێیان دەپرسیم.. دەربارەی خەیام چ جۆرە کتاوێکت دەوێ؟.. وەرگێڕی کێ..؟ نیگاردار یان بێ نیگار..؟

لێرەدا ناوی بازێك ناوت بۆ دێنم کە من سوودم لێ وەرگرتوون:-

ئەدوارد هرو ئالن، ئەدوار براون، وینکلسن، شیرازی، هوینفلد، گارنر، میکارتی، هنری فرنان، نیقولاروس، لوارن تایلارد، جاراسان دوتس، مسز جسی، مسز بورین.

لەبەر ئەوەی وەرگێڕانەکەی (فیتز جیرالد) بە چاوگەی سەرەکیی زۆر لە وەرگێڕانەکان دەناسرێت نەمخستە نێو ئەم زنجیرەیەوە، هەروەها ناوی وەرگێڕە ئەڵمانەکانیشم تیا نەگونجاند لەبەر نەزانینی زمانی ئەڵمانی دەبوایە ناوی هێندێك لەو نیگار کێشانەشم بېردبا کە وێنەی چوارینەکانیان کێشابوو وەك هونەرمەند (جلبرت جیمس).

# زانست و زانیارانی سەردەمی خەیام

ئەوەمان زانی عومەر خەیام لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە و لە زۆر زانستی جۆراوجۆردا دەسەڵاتدار و سەردەمداری کۆڕ و کۆمەڵ بووە، بە باشی ئاگاداری فەلسەفەی یۆنان و تارادەیەکیش پەیڕەو و پابەندی بیر و راکانیان بووە و سەلماندوویەتی.. لە ئەرستۆوە بیگرە تا ئیفلاتون و سوکرات و ئیقلیدس و بە تلیموس و جالینۆس و ڤیتاغۆرس و زەنون و ئەپیکور.

هەر لەو سەردەمەدا زۆر کەس کۆشاوە دەربارەی قوتابخانە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکانی بدوێت و لە رووی بۆچوونی تایبەت بە خۆیەوە هەلاجی و شیبکاتەوە. خەیام لە گەرمەی کۆمەڵگای ئایینی جۆراوجۆردا ژیاوە، لە موعتەزیلەوە تا سەر ئەشاعیرە و حەنبەلی و جەبرییە ئاشکەرا و نهێنی و لە تەقەلادا بوونە و پەیڕەوانی زۆر و کەمیان لە دەور گلێر بوتەوە خەیامیش تەماشاکەری بۆچوون و کێشەیان بووە و زۆر لە بیر و راو پەرتووك و نامیلکەیانی خوێندوەتەوە.

نامەکانی (اخوان الصفا) بە چوار لادا بڵاودەکرایەوە.

هەر لەو دەماندا کەڵە زانیاری وەك (إبن سينا) هاتووەتە کایەوە، ململانێی نێو پەیڕەوانی زانیاری و فەلسەفە لە لایەك وە پیاوانی ئایینی و خانەقا جۆراوجۆرەکان بە لایەك، ئیمامی غەزالی چەندین کتاوی لە وەڵامی کۆمەڵگا فەلسەفییەکاندا نووسیوەتەوە، بیروڕای سۆفیگەری پەرەی سەندووە، زۆر کەس وەك کەس بیروڕای تایبەت بە خۆی بڵاوکردووەتەوە و تۆمەتی بێ ئایینی و (زندیقی)یان پیاکراوە.

خەیام لە ئاوا چوار تەنیشتێکدا ژیاوە و پێگەیشتووە و تێگەیشتووە و خەڵکی پێگەیاندووە. وا زۆر بە کورتی باسی هەندێ لە ناودارانی زانیاری ئەو سەردەمە دەکەین:



### ١- حەکیم ئەبوالحسن ئەنباری

یەکێك بووە لە گەورە زانیاران و لێزانی کاروباری ئەندازیاریدا سەردەمدار و پەرچەمدار بووە.. رۆژێك یەکێك لە پیاوە ئایینییەکانی ئەو حەلە لێی دەپرسێت بە چییەوە خەریکی؟..
دەڵێت بە یەکێك لە ئایەتەکانی کتاوی خواوە خەریکم.

دەڵێت: کام ئایەت؟..

ئەنباری دەڵێت: ئەوەی وافەرموویەتی (اولم يروا الى السماء فوقهم كيف بنيناها). جا من بەوەوە خەریکم کە پەروەردگار چۆنی دامەزراندووە و بونیاتی ناوە.

### ٢- فەرامەرزی کوڕی علی کوڕی فەرامەرز ئەمیری یەزد

یەکێك لە ئومەڕا و دەست ڕۆیشتووە رۆشنبیرەکانی سەردەمی خەیام بووە. بەیهەقی دەڵێ: لە ساڵی ٥١٦ك لە خوراساندا گەیشتمە خزمەتی، ئەمیرێکی راست و دادگەر و خۆشەویست بوو... رۆژێك لە عومەر خەیام دەپرسێت رات چییە دەربارەی رەخنەکانی (حيكم ابو البركات) دەربارەی وتەکانی (ابو علي سينا)..؟ خەیام لە وەڵامدا دەڵێ: ابو البرکات لە وتەکانی ئەبو عەلی سینا تێنەگەیشتووە، پێشم وانییە ئەو توانایەی تێدا بێت لەو وتانەی ئەبو عەلی تێبگا. ئەوێك توانای تێگەیشتنی تیا نەبێت هەڵسەنگاندن و گومان کردن لە وتەکانی ئەبو عەلی سینا قسەی پڕوپووچە.

### ٣- محەمەد ئیبلاقی فەیلەسوف

بەیهەقی دەڵێت:

لە زۆر زانیاریدا دەسەڵاتدار و بە توانا و لێهاتوو بوو، کتاوی جۆراوجۆری نووسیوە وەك (اللواحق) و (دوست نامە) و (سولتان نامە) و (عداد الوفق) و (الحيوان).

### ٤- حەکیم عەلی کوڕی محەمەد حجازی قایتی

یەکێك بووە لە قوتابیانی خەیام و لە زانیاریی پزیشکیدا بە توانا و بەناوبانگ بووە، کتاوێکی نووسیوە بە ناوی سوڵتان سنجری سەلجوقی و کتاوێکی دی بە ناوی خوازمشاە، نەوەد ساڵ ژیاوە، لە ساڵی ٥٤٦ك مردووە.

## ٥- عبدالله کوڕی محمدی میانچی

ئەمیش بە قوتابی خەیام لە قەلەم دراوە. بەیهەقی دەڵێ: بەلای ئیمامی غەزالییەوە دەرسی خوندووە، زیرەك و هوشیارانە وتەی حەکیمانی تێکەڵ بە بیروڕای سۆفیان کردووە، گەلێك ناسك و لەسەرخۆ و دانا و رووخۆش بووە.. زۆرکەس شاکامییان بە توانا و سەردەمداریان بردووە. سەر ئەنجام تۆمەتی جۆراوجۆریان بۆ سازاندووە. (ابو فارسی وەزیری دەرگەزینی) قۆڵبەستی کرد و بردی بۆ شاری بەغدا، لە شاری هەمەدان دا لە چوارمێخەیدا و کوشتی.

## ٦- فەیلەسوف محمد کوڕی معموری بەیهەقی

خەڵکی شاری (بەیهەق) و یەکێك بووە لە زانیارە بە تواناکان، هەتا وەکو خەیام دانی بە توانا و زانستیدا ناوە. لەسەر قسەی مەلیکشای سەلجوقی رۆیشتووە بۆ شاری ئەسفەهان تا سەرپەرشتی بنکەی ئەستێرە ناسینی ئەوێ بگرێتە ئەستۆ.

بە پێی لێکدانەوەی ئەستێرەی بەختی خۆی دەڕواتە ئەو باوەڕەوە کە تووشی گرفتاری و دەردەسەرییەکی گەورە دەبێت. لە ترسا لە سوڵتان و دامودەستگای سەلاتین دوور دەکەوێتەوە و لە گۆشەیەکدا دوور لە هەرا و هۆریا بە زانست و زانیارییەوە خۆی خەریك دەکات. لەو حەلەدا جووڵانەوەی (باطنی) لە گێرە و کێشەیەکی گەورەدا دەبن لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتدا، لە هەر کوێرا بزانرابا کابرا پەیرەوی جووڵانەوەی باطنییە دەیانسووتاند. رۆژێك یەکێك لە باطییەکان دەبەن بۆ سووتان، خەڵکیش بە سەربانان و سەر دیوارەکانەوە تەماشا دەکەن، ئافرەتێك (محمد معموری) دەبینێ بە تەنیا لە ژوورێکدایە — هاواردەکا: خەڵکینە وەرن ئەمە یەکێکە لە باطنیەکان، خەڵکەش هێرشی بۆ دەبەن و باڵی دەبەستن و دەیکوژن. لە دواییدا دەردەکەوێت فەیلەسوفی گەورە محمدی کوڕی معموری بەیهەقیان کوشتووە.

ئەمەش چەند وتەیەکیەتی:

ڕێکەوت رازێکی گەورەی پەروەردگارە.

هەرکاتێ زانیاری پەرەبسێنێ لەسەر حیسابی نەفامی و نەخوێندەوارییە.



## ٧- فەیلەسوف ئەبو حاتەمی ئەسفەرازی

هاو سەردەمی خەیام، زۆر وتوێژیان لە نێواندا هەبووە بەڵام لەوە دەڕوا لە یەکەوە دوو ژیابن. لە زانیاریی قورسایی و کێشانە و تەوازندا (میکانیکا) ئاگادار و لێزان بووە.

تەرازووی ئەرخەمیدسی بە وردی لەیەکداوەتەوە، هەرچی فێڵ و فڕی زەڕنگەر و کەیل و کێشانە هەیە هەمووی خستووەتە بەردەست.

تەرازوویەکی بۆ سوڵتان دروستکردووە گەلێك ورد و ناسك کاری کردووە. سەرپەرشتی خەزینەی شا لە ترسی پاشەڕۆژ و دەرکەوتنی دزی و دەخەڵی تەرازووەکە دەهاوژنێتەوە ئەم هەواڵەی دەگاتێ بە ئەندازەیەك نارەحەت دەبێت، لە داخا دەمرێت، ئەمەش چەند وتەیەکیتی:

حەز و چێژ و لەزەتی جیسمانی ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ لەزەتی (عەقلی)دا وەك چێژ و تام کردن وایە.

هەروەها وتوویەتی:

منداڵ منداڵی باوکە، بەڵام مامۆستا باوکی رۆحانیی قوتابییە.

## ٨- حەکیم مەیمونی کوڕی نەجیب (الواسطي)

زانیارێکی بە توانا و ناوداری پزیشکی و خەڵکی (واسط)ی عێراق بووە. تا بیتوانیبا لە دامودەزگای دەوڵەتەوە دوور دەکەوتەوە، ئەمیری شاری (هیرات) شرف الدين ظهير الملك زۆری لەگەڵدا کۆشاوە لە کۆڕ و کۆمەڵیدا بەشدار بێت و نەدەبوو.

ئەمەش یەکێکە لە وتەکانی:

ئەگەر بە رێکەوت لە رووی هەڵەشەییەوە دەستکەوتێکێت و دەستکەوت مەکۆشە دووبارە هەڵە و هەڵەشەیی بەکار بهێنێت.

## ٩- الخازن

لە زانستی میکانیکادا دەسەڵاتدار و بە توانا بووە، لە شاری مەروی خوراساندا هاتووەتە دونیاوە، زیرەك و هوشیار، وا دەڵێن کە (زیج)ی سوڵتان مەلیکشا ئەم دروستیکردووە، کتاوێکی بەناوی (کتابی میزان) داناوە و بە یەکەمین کتاو دادەنرێت لە زانستی میکانیکادا، لەو کتاوەدا روونی کردوەتەوە (با) بۆ خۆی قورسایی هەیە و بە وردی دەریخستووە یاسای ئەرخەمیدس تەنیا بۆ ئاو نییە و بەسەر غازیشدا ئەنجامدەدرێت. تەرازوویەکی پڕ لە وردەکاری دروستکرد کە قورسایی (با)ی پێ کێشانە بکا وەگومانی تێدانییە (خازن) پەرچەمداری زانیاریی ئەو حەلە بووە.

## ١٠- الخرقی

لە ساڵی ٥٣٢ك لە یەكێك لە لادێیەكانی مەرودا هاتووەتە دونیاوە، لە زانستی فەلەك و ریازیات و جوگرافیادا بە دەسەلات و لێزان بووە. هەندێك لە نووسینەكانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە وەكو: تركیب الافلاك و هیئة الارض.

## ١١- الاسطرلابی

ابو القاسم هبه الله ی كوڕی احمد بغدادی، بە (البدیع الاسطرلابی) بەناوبانگە، ئەدیب و دانا و پزیشك و فەیلەسوف بووە لە شاری ئەسفەهان هاتووەتە دونیاوە و لە سەردەمی (المسترشد بالله) خەلیفەی عەباسیدا لە بەغدا ژیاوە و لە ساڵی ٥٣٤ك مردووە.

بەم چەند ناوانە كە باسم كردن بە باشی دەردەكەوێت خەیام لە سەردەمێكدا ژیاوە لە زۆر گۆشە و كەناردا و چاوساقی فراوان ژیاون، وەك: علی كوڕی شاهەك — ابن صلاح نەیشاپووری — ابوالفضل عبدالكریم — ابن یاسین — عبدالملك شیرازی — الحصار — ابن الكاتب كمال الدین كوڕی یوسف — محمد كوڕی حسین ابن تلمیذ، و كەسانی تر.

## ١٢- غەزالی

ئیمامی غەزالی لە ساڵی ٤٥٠ك لە دایك بووە و لە تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵیدا مردووە. سەرەتا لە شاری (طوس) بەلای مامۆستا احمد رازكانییەوە دەرسی خوێندووە و بە دوای ئەودا چووەتە شاری نەیشاپوور و بە لای ئیمامی حەرەمەین (ابی المعالی الجوینی)یەوە بە دەرس خوێندنەوە خەریك دەبێت، لە سەرەتاوە دوودڵ و بە گومان نواڕیویەتە زۆرشتدا سەرەنجام چووەتە لای (نظام الملك). ئەویش ناردوویە بۆ قوتابخانەی (نظامیة) لە بەغدا، چوار ساڵ لەو مەدرەسەدا ژیاوە، بەلای خەڵكی بەغداوە رێز و حورمەتی فراوانی هەبووە. لە پڕ گۆڕانكارییەك دێتە سەر بیروڕایدا و هەرچی گومان و دوودڵییە هەیە تووڕی دەداتە ئەولاوە و لە بارەگای پەروەردگاردا راستەقینە بە چۆكدا دێت و ستایش و كرنۆش بردن دەكاتە پیشە. بەرەو شام بەڕێ دەكەوێ ماوەیەك لە شام دەمێنێتەوە ئینجا دەڕوا بۆ شاری قودس، شمشێری لە كێلان وەدەردێنێ و دەكەوێتە بەرانبەركێ لەگەڵ پەیڕەوانی فەلسەفە و فەیلەسوف مەئابانا، ئەگەرچی (ابن رشد) لە كتاوی (تهافت التهافت)دا وەڵامی غەزالیی داوەتەوە ئەو لە هێرشی خۆیدا بەردەوام دەبێت.



غەزالی كتاوی جۆراوجۆری زۆری نووسیوە وەك: احیاء العلوم، الوسیط و البسیط, الوجیز و الخلاصه، معیار العلم و المقاصد و كتاوی زۆری تر.

دوای گەڕانەوە بۆ نەیشاپوور بە بڵاوكردنەوەی زانیاری و بیروڕای خۆیەوە خەریك دەبێت.. لە گەڕانەوەی حەجەكەی خەیامدا لە بەغدا یەكتریان دیوە و لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ یەكدا دواون بەتایبەت ئەستێرەناسین و ئاسمان و رازەكانی.

## ١٣- شەهرستانی

ابو القاسم عبدالكریم كوڕی ابوبكر احمد شەهرستانی بە (ابوالفتح) بەناوبانگ بووە. لە زانیاری ئایینی و ئەوەی پۆی بە ئایینەوە بێت ئاگادار و هوشیار بووە. لەم رووەوە كتاوی زۆری داناوە وەك: نهایه الاقلام فی علم الكلام، الملل و النحل، مناهج البیان.

بە ئەندازەیەك زیرەك بووە هەر كتاوێكی بخوێندایەوە لە بەری دەكرد. لە ساڵی ٥١٠ك چووە بەغدا بۆ ماوەی سێ ساڵ تێیدا مایەوە، لەگەڵ خەیامدا برادەرایەتیان هەبووە و پێكەوە دەرسیان خوێندووە، بڕێك كەس تۆمەتی بێ دینی و فەلسەفە باقیان پیاكردووە.

## ١٤- ابو اسحق

ئیمامی شاری بەغداد سەرپەرشتی مەدرەسەی (نظامیة) و دۆستایەتییەكی گەرمی لەگەڵ (قازی) ابو الطیب الطبریدا هەبووە. ئەم كتاوانەی نووسیوە: المذهب فی المذهب، التنبیه فی الفقه، لە ساڵی ٤٢٠ك لە شاری بەغدا مردووە و شێخ ابو نصر عبد السید بن الصباغ جێگەی گرتووەتەوە.

## ١٥- ئیمامی حەرەمەین

ابو المعالی عبدالملك بەناوبانگ بە ضیاءالدین ئیمامی حەرەمەین یەكێك بووە لە قوتابیانی بەیهەقی، رۆیشتووە بۆ شاری بەغدا و لەوێرا چووە بۆ حیجاز. لە مەككەدا چوار ساڵ ماوەتەوە، لە سەرەتای پاشایەتیی ئەلپ ئەرسەلانی سەلجوقیدا گەڕاوەتەوە شاری نەیشاپوور و بووە بە سەرپەرشتی مەدرەسەی (نظامیة)ی شار.

ئەبو ئیسحاقی شیرازی وتوویەتی: ((رۆژهەڵات گەلێك خۆشبەختە كە زانیارییەكی وەك ئیمامی حەرەمینی تیایە)). لە ساڵی ٤٧٩ك مردووە و بۆ رێزگرتن هەرچی بازاڕ هەیە دادەخرێت. یەكێكیش بووە لە مامۆستاكانی عومەر خەیام.

## بارودۆخی سیاسی سەردەمی خەیام

خەیام لە سەردەمی دەسەڵاتی سەلجوقییەکاندا ژیاوە و هاتووەتە مەیدانەوە، ئەو دەسەڵاتەش گەلێك وڵاتانی دوور و نزیکی لە ژێر دەستدا بووە وەك خوراسان، کرمان، رەی، هەرێمی (جبال)، ئازربایجان، رۆم، عێراق، جزیرە، یەمەن و فارس بەتایبەتی لە ساڵی ٤٤٣ك گەیشتە ئەوپەڕی هێز و توانا.

طغرل بەگ بە دامەزرێنەری ئەو ئیمپراتۆریەتە ناسراوە و سەرجەم نۆ سوڵتان فەرمانڕەواییان کردووە: ١- طغرل بەگ، ٢- ئەلپ ئەرسەلان ٣- مەلیکشاه ٤- بیرکیاروق ٥- ابوشجاع محمد ٦- ابو حارث سنجەر ٧- محمدی دووەم ٨- ئەرسەلانی کوڕی طغرل ٩- طغرلی سێیەم.

ئەم دەسەڵاتە لە لایەن خوارزەم شایەکانەوە لە ناوچووە، خەیام پێوەندیی لەگەڵ دەرباری سەلجوقیدا هەبووە و (زیج)ی بۆ مەلیکشاه سازاندووە. لە پێش مەلیکشاهیشدا پێوەندی بە دەرباری ئەلپ ئەرسەلانەوە هەبووە و لە کاتی پاشایەتی سوڵتان سنجەردا مردووە.

لەو کاتەدا خەلافەتی عەباسی لەوپەڕی بێهێزی و بێدەسەڵاتیدا بەردەوام بووە بە مەرجێکی وا خەلیفە جگە لە چواردیواری کۆشکەکەی قسە و فەرمانی نەدەڕۆیشت. تەنیا ناوی بەسەر پووڵ و پارەوە دەبینرا و بەسەر مینبەرەکانی مزگەوتدا لە رۆژانی هەینیدا ناو دەبرا. پێش سەلجوقییەکان دەستەگیرەیەك بوون بە دەستی فەرمانڕەوایانی ئالی بوەیهەوە کەوا  وردە وردە دەسەڵات و توانای بوەیهەکان کەوتە مەترسییەوە، خەڵکەکەش تا دەبوو ترسیان دەشکا و جەربەزەتر دەبوون. لە هەمانکاتدا هێزی طغرل بەگ و سوارەی سەلجوقی لە پەرەسەندنا و رۆژ بە رۆژ بەربڵاوتر و بە تواناتر دەڕۆیشتە پێشەوە و ناوچە و شارانی تازەی وەدەست دەهاورد. تا بە ئاسانی توانیان شاری بەغداش لە جنگی ئالی بوەیهی وەدەربهێنن و خەلیفەی عەباسی بخەنە ژێر سێوەری دەسەڵاتیان.

خەیام لە سەردەمی سێ خەلیفەی عەباسیدا ژیاوە (القائم بامر الله، المقتدى بالله، المسترشد بالله). لەم بیگرە و بەردەدا جووڵانەوەی (باطني) لە زۆر وڵاتانی ئیسلامیدا لە تەقەلاو



کۆششدا بوو، ئەو تەواجودە ترسێکی گەلێك زۆری خستبووە دڵی خەڵکەوە.. لەو لاتریشەوە دەمارکرژیی مەسیحییەت لە پەرەسەندن و خوێن ژشتندا بەردەوام و بە چەك و سوپای زرێپۆشەوە بەرەو رۆژهەڵات کەوتوبوونە رێ.

ململانێی خوێناوی لە نێوان دەسەڵاتێکی سەدوسیانزدە ساڵەی ئالی بوەیهە و هێز و توانای سەلجوقی تازە پێ کردووی بەرزەفڕ. ئالی بویهە لە ساڵی ٣٣٤ك دەستیان کێشایە سەر عێراقدا و خەلیفەی عەباسیان لە تەواوی توانا و دەسەڵات رووت و قووت و ئاوەڕووت کرد. لەم دوادوایانەدا هەندێك لە فەرمانڕەوایانی بوەیهی بە سوڵتان ناودەبران و بوونە خاوەن تالار و دەربار و میر و گزیر و وەزیر.. ئەگەر تیژپەڕیی (ئەرسەلان چەساسیری) نەبوایە کە بۆ خۆی چاو ساق و پیاوماقووڵی (بهاءالدولة) بووە، دەسەڵاتی بوەیهییەکانی وا بە ئاسانی لەناونەدەچوو. ئەو نامەیەی کە بۆ (مستنصر بالله)ی عەلەویی سوڵتانی میسر نووسی بۆ ریشە دەرهێنانی خەلافەی عەباسی. خەلیفەی عەباسی قائم بامر الله ی هاندا تا دەستی یارمەتی بۆ طغرل بەگی سەلجوقی درێژبکا و داوای لێ بکا بەرەو بەغدا بەرەو خوار بێت.

طغرل بەگ ئەم داوایە بە هەل دەزانێ، بە خۆی و سوپایەکی گەورە و گەڕانەوە بەرەو شاری بەغدا دەکشێت و لە رۆژی هەینی رێکەوتی بیست و دووی مانگی موحەڕەمی ساڵی ٤٤٧ك لە مزگەوتەکانی شاری بەغدادا خوتبە بە ناوییەوە دەخوێننەوە و بۆ خۆیشی دوای سێ رۆژ بە کش و فشێکی فراوانەوە دێتە شارەوە ئیتر بەغدا و عیراق بوو بە پارچەیەك لە دەسەڵاتی سەلجوقیان، لە سەردەمی ئەلپ ئەرسەلاندا (نظام الملك)ی سەرەکی وەزیرە بەناوبانگەکەی قوتابخانەی (نظامیە)ی لە ٤٥٧ك لە بەغدا دروستکرد و کردییە شوێنی دانایان و خوێندەکاران.

یەکێك لە رووداوە گەورەکانی ئەم حەلە کە هەراوهۆریا و ئاشوفتەگییەکی بەربڵاوی خستە نێو وڵاتە ئیسلامەکانەوە هێرشی سوپای سەلیبی بوو بە سەر وڵاتی ئیسلام. ئەو پەلامارە نیشانەی لە چۆنیەتی ژیان و تێفکرینی خەڵکەکەدا وەدەرخست و (عومەر خەیام)یش وەك موسڵمانێك یان وەك رۆژهەڵاتییەك ئەو هێرشە دڕندانەیەی بەلاوە بە ستەم و ناڕەوا و دەستدرێژی دەزانی، بەتایبەت رەفتاری خوێناوی و وەحشیانەی سەلیبییەکان بوو بە سلوکانەوەی هەموو کەسێکی رۆژهەڵات بە رازی ناڕازیانەوە.. شەڕ و چەپاو و تاڵان و بڕۆ و کوشت و کوشتار پیشەی رۆژانە بووە بۆ ماوەی دوو سەد ساڵ دەوڵەت و دەسەڵاتی فاطمییەکان، سەلجوقییەکان، ئەتابەگەکان، ئەیوبییەکان، سەرئەنجام مەمالیك هەر یەکە بە جۆرێك بەرەنگاری ئەو هێرشە پەیاپەیەی سەلیبیان بوون.

بێگومان هۆی هەڵگیرسانی شەڕی سەلیبی زۆر و فراوانە بۆچوونەکانیش جۆراوجۆرن. سەرەتای هێرشەکەیان گەلێك لە وڵاتانی ئیسلامیان داگیرکرد و ئیمارەتی جۆراوجۆریان لە ئەنادۆل و شاماتدا پێکهێنا وەك ئیمارەتی رەها —ئەنتاکییە- ئەم باسە دوور و درێژە ئێمە هەر ئەوەندەی لێ باسدەکەین. لە ئاوا رۆژگارێکی پڕ لە ململانێ و خوێناویدا گەورەترین و بەناوبانگترین بزووتنەوە و کۆمەڵگای (باطنیه — اسماعیلیه) بە سەرۆکایەتی (حسن الصباح) کە بە هاوڕێ و هاو قوتابخانەی خەیام دەژمێردرێت دێتە مەیدانەوە ئەگەرچی بیروڕای (باطنی) لە مێژەوە هەر بوو بوو بەڵام زیرەکیی حەسەن سەباح، لێزانی حەسەن سەباح، کارزانیی حەسەن سەباح، خوێنرێژی و بێڕەحمی حەسەن سەباح ئەو بزووتنەوەیەی بەناوی (اسماعیلیه) دووبارە سازی کردەوە و لە زەمانێکی کەم و کورتدا هەزاران پەیڕەوانی لە گۆشە و کەناری وڵاتانی ئیسلامدا لە دەوری خۆ گلێر کردەوە و کردییە خەنجەری دەستی، خەنجەرێکی وا بە ئاسانی دەیتوانی لە پرخەی خەوی زۆرداران بیماڵێتە سەر سنگیانا، ترس و چەکەرەی ئەو خەنجەرە لە دڵ و دەروونی زۆردارانی دوور و نزیکدا هیلەی دەکرد. سەیر لەوەدایە لە ئاوا ئاشوفتە بازاڕێکدا پلەی زانیاری و زانست و ژمارەی زانایان لە هەر سەردەمێکی تر زۆرتر دەبینران، گەلێك قوتابخانە و بنکەی زانیاری و مزگەوت دروستکراوە، ژمارەیەکی زۆر قوتابی و خوێندکار بە فێربوونەوە خەریك و شار بە شار... مزگەوت بە مزگەوت.. خانەقا بە دوای زانیاریدا عەودالْ بوون. ئەوانە بە خۆشبەخت و لێهاتوو دادەنران ئەگەر لە قوتابخانەی (ابن فورك ٤٠٦ك) یان قوتابخانەی بەیهەقی ٤٥٠ك یان (سعدیه) کە لە لایەن سوبکتەگینی برای سوڵتان مەحمودی غەزنەییەوە دروستکراوە قەبووڵ کرانایە. یا لە حەلقە و کۆڕی (اسماعیل استرابادی)ی سۆفی بە ناوبانگ گوێگر بوونایە.

پلە و پایەی زانست و چاوساقیی مامۆستایانی مەدرەسەی (نظامیه)ی بەغدا ٤٥٤ك لەو حەلەدا بێ هاوتا و بەناوبانگ بووە، مامۆستایانی وەك ئەبو ئیسحاقی شیرازی، ئیمامی ئەبو نەسری ضیاع، ئیمامی غەزالی، ئەبو قاسمی دەبوس، شاستی کیا، هەراس، نەجیبی، سەهرەوەردی دەرسیان تیا وتووەتەوە.

نظامیەی بەغدا وەك رێکخراوێکی زانیاری دەبرا بە رێگەوە ساڵانە شەست هەزار دیناری بۆ خەرجدەکرا. دەڵێن یەکێك لەو هۆیانەی نێوانی مەلیکشای سەلجوقی و نظام الملکی وەزیری تێکدا سەرفییاتی مەدرەسەی نظامییەی بەغدا بووە، وایان بردبووە مێشکی شاوە کە ئەو پارانەی بۆ (نظامیة)ی بەغدا خەرج دەکرێت بە هەمان پارە دیوار و شوورەیی شاری



قوستەنتەنیە دەهەڕووژێنێتە سەر دانیشتوانی و ئمپیراتۆرەکەیدا. لەسەر ئەم مەسەلەیە یەخەی (نظام) دەگرێ و لێی ئاڵۆز دەبێت.

نظام لە وەڵامدا دەڵێت:

کوڕم.. من کابرایەکی ئاجامیم (عەجەم) ئەگەر لە بازاڕی کۆیلە فرۆشاندا بفرۆشرێم پێنج دینار ناژیم (ناکەم) و جەنابتیش رەنگە هەر سێ دینار بکەیت.

بەسەر ئەمەدا جەنابت شەو و رۆژ بەرابواردن و خۆش گوزەرانی و ناڕەواییت ئەوەی دەگاتە لای خوا کردەوەی ناشیرینە، ئەگەر لەشکرەکەتیش رم و نیزەکانیان سێ گەز درێژ و شمشێرەکانیان لالا موو بکا ئێستا بۆ خۆیان خنکاوی نێو بادە و گرفتاری چەقەنە لێدانن من سوپایەکی گەلێك گرنگم بۆ سازاندوویت ناویانم ناوە (لەشکری شەو) ئەگەر لەشکرە خوێن رێژەکەت لە شەودا لە خەوابن ئەوا (لەشکری شەو) لە شەو چاوی ناچێتە خەو، هوشیار تا بەیان دەست بەدوعا بۆ شا و دەسەڵاتی شا. لە دەرگای پەروەردگار دەپاڕنەوە.

## بزووتنەوەی باطنی

خاڵێکی گرنگ شایانی روون کردنەوەیە ئەویش کۆمەڵگای (باطنی) چەکی دەستیان تەنیا خەنجەر و کوشتن و تیرۆر و تۆقانی خەڵك نەبووە بەڵکو ئەو دەستەکەیان پڕبووە لە تۆمار و کتێبی دەسنووس و بیروڕاو بۆچوونی تێکەڵ بە (مەنتق). ئەمە خەڵکی هانداوە لە رووی مەنتقەوە وەڵامیان بدەنەوە وەکو:

قازی ئەبوبەکری باقلانی کتاوێکی دژ بە کۆمەڵگا و بزووتنەوەی باطنی بڵاوکردەوە بە ناوی (کشف الباطنیة). یان کەسانێکی دی وەك (ابو الفتح محمد کوڕی ابو القاسم)، (عبدالکریم کوڕی ئەبوبەکری احمد شهرستانی)، (حجة الاسلام غەزالی).

ئیمامی غەزالی کتاوێکی بە ناوی (فضائع الباطنیه) دژ بە باطنی نووسیوە، تیا دەربارەی بۆچوون و رەوشت و تێفکرینی (قرامطة) و (اسماعیلیة) و پەیڕەوانیان دواوە. ئەم کتاوە لە مۆزەخانەی بەریتانیادا تا ئەمڕۆ پارێزراوە.

یان کتاوی (اخبار القرامطة) کە لە لایەن کوڕی مالك الحماوییە نووسراوە. یان دانایەکی وەك محمد کوڕی عەلی کوڕی رەزام الکرخی، یان باسە توندوتیژەکانی (فخرالدین رازی) کە لە کۆڕ و کۆمەڵ و مینبەرەکاندا دژیان دەدوا، تا هەڕەشەیان لێکرد ئەویش لە ترسا بێدەنگ و خامۆش بوویەوە.

## بیروڕای باطنی

بزووتنەوەی (باطنی)یە گەورەترین و دامەزراوترین و ڕێکوپێکترین و پڕمەترسیترین جوولانەوەی سەردەمی خەیام دادەنرێت. ڕەگیان لە تەواوی شارەکاندا هەبووە و نوێنەر و بنکەی جۆراوجۆر و قەڵای سەخت و سفت و خۆ بەخت کەرانی نەترساویان بە سەرتاسەری وڵاتی ئیسلامدا بڵاوکردووەتەوە... بیروڕای باطنی لە کۆنەوە هەبووە بەڵام نەك لەسەر بنەما و ڕێکخراوی پڕ لە وردەکاریی سەردەمی حەسەن سەباح. لێهاتوویی و زیرەکیی و دڕی و بێرەحمیی حەسەن بزووتنەوەی باطنی کردە هێزێکی وا پشتی تەواوی زۆرداران و دەسەڵاتدارانی هێنایە لەرزین.

پێش سەرۆکایەتی (حەسەن) بیروڕای باطنی دوو سەدە لە خەوی دوورودرێژ دەتلایەوە، پەلوپۆیان ڕچاو لە بیرچوون و بێناو بوون. لە سەرەتاوە بە لایەنگیرانی (اسماعیلیە) دەناسران، دوایی هەواو هەناسەیان بەرەو کۆمەڵگای (قرمتی)یان گۆڕا. کاتێك ئیمامی سادق جعفری کوڕی محمد وەفاتی کرد. بڕێك لە پەیڕەوانی هەڵیاندا کە (اسماعیل)ی کوڕی جێی گرتۆتەوە. لە کاتێکدا اسماعیل لە پێش باوکیدا مردبوو داواکاران دانیان بەو مردنەدا نەناوە پێیان وابووە کە زیندووە. بڕێکی تر لایان وابووە کە مردووە و ئیمامەت لە توخم و نەتەوەی ئەودا دەمێنێتەوە.

ئیمامی صادق خزماتکارێکی هەبووە بەناوی (مەیموونی کوڕی دیسان). ئەم مەیموونە شۆرەتی بە (القداح) دەرکردووە. بە پێی بیروڕای زانای گەورە عبدالقادر البغدادی کە لە کتاوی (الفرق بین الفرق)دا نووسیویە: لە سەرەتاوە بیروڕای (باطنیة) لە لایەن مەیموونەوە بونیاتنراوە و کەسانێکی زۆریش کەوتوونەتە دوای. بەڵام ابن الندیم بە پێچەوانەوە دەڵێت: مەیموون بە دامەزرێنەری (باطنیە) دانانرێت، بەڵکو بۆ خۆی کۆمەڵەیەکی دروستکردووە بەناوی (میمونیە)وە. ئەو کۆمەڵە پەیڕەوانی زۆری لێ گلێر بووەتەوە و پێیان وابووە حەزرەتی علی خوا بووە. بەدوای مەیموونەدا عەبدوڵلای کوڕی بە توانا و دەسەڵات و تەقەلایەکی بەربڵاو جێگەی باوکی دەگرێتەوە و بە هەر چوارلادا نوێنەر دەنێرێت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕا ئارمانەکانیان. لە شاری (کووفە)دا کابرایەك بە ناوی (حمدان کوڕی ئەشعەث) کە شۆرەتی بە (قرمط) دەرکردبوو و لە دێی (قەس یارام)دا ژیاوە دەبێتە چاوساق و بەڕێوەبەری بیروڕای (باطنی).. بەدوای ئەوا (ابو سعید الجنابی) دەکەوێتە تەقالاو و هەڵپە و ڕێکخستن و پێکخستن. بە دەسەڵاتەوە بەحرەین دەکەنە بنکە و هەوارگەیان و خۆیانی تیا قایم دەکەن. بەدوای ئەودا یەکێك لە قوتابیانی حەمدان بە ناوی (زەکرۆیەی کوڕی مهرۆیەی دندان) ئالای



کۆمەڵە بە دەستەوە دەگرێت، لە لایەکی ترەوە مەیموونی برای حەمدان لە ناوچەی (فارس)ی ئێرانا بە تواناوە دەکەوێتە بڵاوکردنەوەی بیروڕای کۆمەڵەکەیان.

عبدالقادر بغدادی دەڵێ: جولانەوەی (باطنیە) زۆرتر لە سەردەمی خەلافەتی مەئموون و موعتەسەمی دوو خەلیفەی بە توانای عەباسیدا پەرە دەستێنێت بەتایبەت لە لایەن بابەکی خوڕەم دێنەوە. تەنانەت (ئەفشین)ی فەرماندەی سوپای عەباسی بە دزییەوە یەکێك بووە لە پەیڕەوانی (باطنیەت). بزووتنەوەی قەرمەتییەکانی (قرامطە) زۆر کاری ناڕەوا و ناحەز و ناپەسەندیان لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا ئەنجامدا.

یەکێك لە دەسەڵاتدارانی (قرامطە) بەناوی (سلێمان کوڕی حەسەن جەنابی) هێرش دەباتە سەر شاری بەسرە و ڕێگای حاجییان دەگرێ و ئەوەی حاجی و زەواری حاجیان هەیە دەیکوژێ و بە چەپاو دەیبا. ئینجا بەرەو مەککە ڕوو دەناو ئەوەی وەبەرچاو کەوتووە داویەتە دەم تیژی شمشێرەوە، (حجر الاسود) هەڵدەکەنێ و لەگەڵ خۆیدا دەیباتەوە بۆ بەحرەین. بەوەش ڕانەوەستاوە دەکەوێتە کەڵکەڵەی گرتنی شاری بەغدا و بە لەشکرەوە بەرەو شاری بەغدا مل دەنێت. لە شاری (هیت) ژنێك لەسەر بانەوە بەردێکی تێ دەگرێ و هەر بەو بەردە مردووە.

ئیتر بە مردنی ئەو لەشکرەکەی بڵاوی لێدەکا و ئاگرەکەی دەکوژێتەوە. تا دووبارە لە لایەن (حسن السباح) بە ڕەسم و ڕەواڵێکی تازە و ڕێکخراوێکی ورد و لە یەکدراوە هەڵدەگیرسێنەوە. با وەك گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە بنەمای بیروڕاکایاندا وەدی نەدەکرا ئەمما (حەسەن) لە زیرەکیدا بلیمەتی زەمان بوو، خوێنی تازەی کردەوە ڕەگە ماسیاوەکانی بیروڕای باطنیەتدا.

زۆربەی زۆری لێزان و چاوساقان پێیان وایە کاکڵەی بیروڕای باطنیەت لە مەجووسیەتەوە مانەوی و مزدەکی و کۆمەڵەی دەهریانەوە وەرگیراوە و لە چوار چێوەیەکی نوێ و تازەدا ڕوکراوە. گوایا بەلای باطنیەکانەوە مارەکردنی کچ و خوشك بە قەدەغە نەژمێردراوە. بەوەشەوە ڕانەوەستاون ئەوەی حەز و لەزەت و تام و چێژ هەیە هەر هەموو بۆ پەیڕەوانیان ئازاد بووە. یەکێك لە چاوساقانیان بەناوی (ابن ابی زکریا الصافی) لە ساڵی ٣١٩ك ڕایگەیاندووە: ((ئەو کۆیلە پیاوەی لەگەڵ خاوەنەکەیدا دروست نەبێ و بۆی نەخەوێت کوشتنی حەڵاڵە)) ((ئەو کەسەی ئاگر بکوژێنێتەوە شایانی دەست بڕینە.. یا پفی لە ئاگر کردبێ و کوژاندوبێتەوە شایانی زمان بڕینە)). پێیان وایە مرۆڤ کە مرد زیندوو نابێتەوە، ڕۆحێك لە گۆڕدا نییە. پەیامبەرانی پەروەردگاریان بەلاوە سەوداگەری دەسەڵات و سەرۆکایەتی بوونە و بە فێڵ و فڕ خەڵکیان خەڵەتاندووە. ئیتر لەم بابەتە کوفرە. گەورە.. گەورانە!.

عەبدوڵڵای کوڕی حەسەن قەیرەوانی نامەیەك بۆ سلێمانی کوڕی حەسەنی کوڕی سەعید جەنابی دەنووسێت کە هەردووکیان لە دەسەڵاتدارانی (قرامطە) ژمێردراون دەڵێت: کارێکی وا بکە ئەوەی بەلای خەڵکەوە خۆشە بابیکەن، وایان تێگەیەنە کە تۆ یەکێکی لەوان هەر کە متمانەت پەیداکرد بە کراوەیی لەگەڵیان بدووە بە تایبەت ئەوانەی وا فەیلەسوف مەئابن گەڵێك بۆ ئێمە سوود بەخشتر دەبن. هەروەها لە کتاوی (إبطال القول فی المیعاد و العقاب)دا دەڵێت: بەهەشت ئەم جیهانەیە واتێیدا دەژین، دۆزەخیش ئەوەیە کە بە نوێژ و ڕۆژوو و حەج و جیهادەوە خەریك بێت. هەروەها دەڵێت: پەیڕەوانی شەریعەت دەپەرستن نەدەیناسن و نەدیویانە جگە لە ناوی نەبێت... من داوات لێدەکەم کارێکی وا بکەیت ئەندازەی گومان لە دڵ و دەروندا زۆرتر کەیت بە تایبەتی دەربارەی قورئان و ئنجیل و تەورات و زەبوور و باوەڕیان بە زیندووبوونەوە و حیساب و کتاو کەم کەرەوە و مەیهێڵە، پێیان بسەلمێنە نە پەری لە ئاسمانن و نە جنۆکەش لە زەوی! دەبێت بەو خەڵکە بسەلمێنێت کە لە پێش ئادەمدا مرۆڤێکی زۆر بەسەر زەوییەوە ژیاون... ئەم جیهانە گەڵێك لەوە کۆنترە وا ئەم خەڵکە دەیزانێت. لە پایانی نامەکەیدا دەڵێت: سەیر لەوە دایە کابرایەکی بێژن لە تەنیشتیدا خوشکێکی جوان یان کچێکی جوانی لێراکشاوە لە خۆی قەدەغە کردووە و دایناوە بۆ کەسانی تر! ئەم تێفکرینە ترسێکی نادیاری و شاراوە و ناپەسەندە! ئەی سەلمانی کوڕی حەسەن!

ئەم نامەیە گەورەترین بەڵگەی بێ ئایینی، بێ باوەڕی، پیس ڕەوشتی و دەروون ناپاکیی کۆمەڵی (باطنی)مان بۆ دەردەخا و لە هەمانکاتدا زیرەکانە سیاسەتێکی ورد و لە سەرخۆیان بەکاربردووە.. لەگەڵ دانادا دانایانە، لەگەڵ نەخوندەوار و رووکەش تێفکرانا بە زمانی سادە سەدان بۆچوونی شەیتانیان بەکار بردووە بۆ ئامانج و ئارمانەکانیان. ڕێکخراوێکی پڕ لە هەراو هۆریای پروپاگەندەیان پێکهێناوە، بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەسەندنی بۆچوونەکانیان سەدان کتاو و پەرتووکیان نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە. دوای تاقی کردنەوەی ئەندام بە درێژایی چوار ساڵ لە زۆر بواری جۆراوجۆردا ئەو حەلە کتاو پەرتووکی خۆیان دەخەنە بەردەست تا بۆ خۆی راستەوخۆ بیروڕاکانیان بخوێنێتەوە وەك کتاوی: الرحی و الدولاب، الحدود و الاسناد، اللامع الزاهر، المیدان، النیران، الملاحم، المقصد.



ئەندامی تازەی ڕێکخراوی (باطنی) لە پێشدا حەوت قۆناغ ببڕێت و چەند جار تاقی کرێتەوە ئەو حەلەی کتاوی راستەوخۆی بیروڕای (باطنی) دەخرێتە بەردەست لە هەر قۆناغێکدا نامە و برۆشۆرێکی تایبەتی پێدەدرا لە یەکەم قۆناغدا نامەی (البلاغ) دووەم بوو لەوان کۆنتر بەلاغی سێهەم بوو، ساڵێك بەسەر ئەندام بوونیاندا تێپەڕبێت. بەلاغی چوارەم بۆ ئەوانەیە دوو ساڵ بەسەر ئەندام بوونیاندا گوزەرابێت بەلاغی پێنجەم بۆ ئەندامی سێ ساڵەیە. بەلاغی شەشەم بۆ ئەندامی شەش ساڵەیە، حەوتەم بۆ روونکردنەوەی تەواوی بیروڕاو بۆچوونی کۆمەڵەی باطنیانە.

وەك وتمان (حسن الصباح) بە لێهاتوویی و کارزانی و وردەکارییەوە کۆمیتە و بنکەی لە سەرتاسەری وڵاتانی ئیسلامیدا سازاند و دووبارە پەرچەمی شڕۆڵ لە یادچووی بزووتنەوەی (باطنی) بەرزکردەوە و لە تەواوی قەڵا و سەرلوتکە سەختەکاندا شەکاندەوە.

حەسەن لە ساڵی ٤٣٠ك لە شاری رەی لە دایکبووە، بۆ خۆی وای راگەیاندووە کە لە نەتەوەی (ابو یوسف الحمیری)یە کە یەکێك بووە لە ئەمیرانی یەمەن... گوایە باوکی لە شاری کووفەوە هاتووەتە شاری (قوم) لەوێرا رۆیشتووەتە شاری (رەی)، بەڵام خەڵکی شاری (طوس) وەدرۆی دەخەنەوە و دەڵێن کوڕی پیاوێك بووە بە ناوی عەلی کە لەناوچەی (ئەسفەهان) ژیاوە هەر لەوێش مردووە. حەسەن خۆی گەیاندووەتە وڵاتی میسر و توانیویەتی لە دەربارەی خەلیفە (المستنصر)ی فاطمیدا جێگەی پای بکاتەوە و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی نهێنیێ (اسماعیلیە) ببەستێ و بە بیروڕاو بۆچوونی تازەوە بەرەو ئێران بگەڕێتەوە. لە سەرەتاوە لەناوچەی خوراساندا دەستی کردووەتە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی و کۆمەڵێکی زۆر پەیڕەوانی لێ گلێربووەتەوە، ئینجا بەرەو (دەیلەم) وەڕێ دەکەوێت و لەوێرا ناوچەیەك بە پووڵ و پارە دەکرێت لە پیاوێك بە ناوی (لتماچ). سەرئەنجام لە ساڵی ٤٨٣ك دا سەردەمی مەلیکشای سەلجووقیدا دەتوانێ دەست بکێشێتە سەر قەڵای سەر بە ئاسمان کێشاوی (ئەلموت)دا کە دەکەوێتە نزیك شاری (قەزوین)ی ئێستاوە.

دامودەزگایەکی پڕ لە وردەکاریی پێکدێنێ... ترس و تیرۆر دەکاتە شمشێری دەستی و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، لە هەمان قەڵادا سوپا و دەسەڵات و بەرەنگارییەکی وا دروستدەکا بۆ ماوەی ١٧١ ساڵ درێژە بکێشێت، تا لە لایەن سوپای خوێن ڕێژ و رووخێنەری هۆلاکۆ خانی مەغولییەوە قەڵاکە دەهەروژێنێت بەسەر قەڵادارانیدا.

دەستە و دایەرەی (حەسەن سەباح) پەیڕەوی ڕێکخراوێکی ورد و زنجیرەیی براوەتە ڕێگـەوە. دەڵێن کە حەسەن مردووە تا دوو حەفتە کەس نەیوێراوە بڕواتە خەڵوەتگاکەیەوە کەسیش زاتـی ئەوەی نەبووە بڵێت حەسەن مردووە.

بەدوای مردنی (حەسەن سەباح) پـەیڕەوانیش هـەمان شـێوەیان بـەکاربردووە کـە حەسـەن دایناوە، کە بریتییە لە:

١- سەرۆك: یان گەورە و دەم سپی چیا کە تەواوی کاروباری پەیڕەوان و کۆمەڵـەی لـە ژێر دەستدایە.

٢- (الدعاە): کە سێ کەسن لە سێ وڵات هەڵدەبژێردرێن —وڵاتی چیا-قەهستان-شام- کە راستەوخۆ پێوەندیان لەگەڵ سەرۆکدا هەیە.

٣- پەیامبـەران: بـە کـادیرانی کۆمـەڵگا دەناسـرێن، کاروپیـشەیان بڵاوکردنـەوەی کۆمەڵگایەوە زۆرتر لە ناو خەڵکەکە دان.

٤- هاوڕێیان: کە بە هاواڵان و لێپرسراوانی (دعاە) دەدرێن لە قەڵەم.

٥- خۆبەخت کەران: ئەوانەی فەرمانی کوشتن و کاروباری پڕ لە مەترسی ئەنجامدەدەن.

٦- تازەکان: بەسەربازانی کۆمەڵە و لە ژێر تاقیکردنەوە دان.

٧- خـەڵك: ئـەو کەسـانەی هێنـدە ئاگـاداری بۆچـوون و کاروبـاری کۆمەڵـە نـین و بـە هێرشبەرانی سەر قەڵا و وڵاتان دەناسرێن.

بـەم شـێوەیە حەسـەن تـوانی ڕێکخراوێکـی خوێنـاوی ترسـێنەری وردەکـار، رووخێنـەر پێکبهێنێت و زۆر کەسی ناسراو و دەسەڵاتداریش تیرۆر بکات یەکێك لەوانە سـەرەك وەزیـری دەرباری سەلجووقیان (نظام الملك) بووە.

(حسن الصباح) دوای ٣٧ ساڵ فـەرمانڕەوایی لـە قـەڵای (ئـەلموت)دا مـردووە. حەسـەن پیاوێکی زیرەك، دانا، بەتوانا، کۆڵنەدەر، ترسێنەر، ئاگاداری گەلێك زانـست و زانیـاری بـووە بەتایبەت ئەندازیاری و ئەستێرەناسی.

## فەلسەفەی خەیام

زەمان هەرچەندە زۆر و سەدەکان بەدوای یەکدا کۆمەڵ و تۆپەڵ کەن توانای فەرامۆش کردنی وردە ئاهەنگەکانی خەیامی تیابێت. ئەو نەواو نزاو زایەڵە کورت و کەمە، ئەو ئاشوفتەگی و ئاڵۆزیی دەم دەمە سەرتاسەری گێتی گرتووەتە بەر بیر و ئەندێشەی ئەندێشمەندان چاوساقانی خستووەتە جووڵان و حەشوکە و واقوڕمان، هەر چوارینەیەکی دونیایەکی سەر سوڕێنەرە، دەریایەکی خرۆشاوی پان و پۆڕ و بێ کەنار و بێبەرە بە بیستنی تاکە چوارینەیەك مرۆڤ بەرەو دۆڵ و دەربەندی تێفکرین سەرالێژ دەکا و رەگەزی ئینسان دەست بە دەست دەکات و کۆرپە ئاسا دەیلاوێنێتەوە... هاوارەکانی خەیام ناڵە و فەریادەکانی خەیام.. شیوەنەکانی، گومان و دوودڵییەکانی خەیام... ئاوێنە نمای دەرد و ئاڵۆزی و پەرێشان حاڵی و ترس و ئارەزوو نائومێدیی ئینسانە کە لە ئەزەلەوە چین چین، پۆل پۆل، گێژ و وێژ بێن بێ پێگەیشتن و تێگەیشتن سەریان ناوەتەوە و بوونەتە خاك و خۆڵ.

خەیامی داهێنەر کۆشاوە بە شێوەیەکی تازە و نوێ و تایبەت بە خۆ بەدەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە گرێ و هەڵقەی هەزاران ساڵە و بگرە ملیۆنەها ساڵ بکاتەوە و دەروونی کەف کردووی دامرکێنێتەوە و پەی بە رازی وجوود ببا و مامەڵە لەگەڵ هێزە گەورە نەزانراو و نەبینراوەکاندا بکات.

تێڕامانی خەیام تەلیسمێکی ئەفسووناوییە... وەك تۆفانێکی هەڵکردووی بێ مەزر و سنوور هەموو توێژێك دەگرێتە بەر زانایان و خوندەوارانی چاوساق و سەرە، بێ ئاینان و ئاینداران، عاشقان و پێ دەربەستان، کۆلکە خوێنەوار و نەخوندەوار، بەختەوەران و هەژاران و داماوان، هەر هەموو خۆی لەو چوارینە کورتانەدا دەدۆزنەوە و بەلای ناخ و کەسایەتییەوە بە بێگانەی دانانبێت هەر توێژێك بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکا، لە جیهانی فەلسەفە و رێبازی جۆراوجۆری فەلسەفیدا بۆچوونەکانی خەیام گەلێك سات و کاتی ئەندیشمەندان و فەیلەسوفانی بە خۆوە تەرخان کردووە، زانیاریی دونیای سروشت گێژ و وێژی زانستی سروشتی خەیامن، شەرابی سووری نابی کۆن و تاڵی خەیام: هەرچی کۆنتربێت لەزار و تام و چێژ



گەواراتر و هەست جووڵێنەرتر دەبێت... گۆرانییەکی کەونی دەکەوێتە سەر زمانی تەواوی نەتەوەکانی سەر زەوییەوە بە زەرد و سوور و رەش و سپییەوە... زۆر لە شاعیران و ئەندیشمەندانی ئەم بەشەریەتە وەك خەیام بیریان کردووەتەوە، وەك خەیام کەوتوونەتە گومان و تێڕامان و ژان و دەردی ویژدان و گوزەشت و تاوان، کەسیان نەگەشتوونەتە داوێنی چیای سەر بە ئاسمان کێشاوی خەیامدا. چوارینەکانی خەیام ئەفسانەیەکی هەمیشەگییە، لەگەڵ رەگەزی مرۆڤدا لەدایکبووە، ئەمڕۆ لە دوێنی سەرسوڕێنەرترە. هەوێنێکە بۆ تەواجودی ئینسانی.

وەرە برای کوردی خوێنەرم! با تاوێك لە خانەقاکەی پیری نەیشاپووردا دەست بە سنگ، بێدەنگ و ئارام دەمولێوی وشك هەڵاتوومان بە شەرابی ئەفسووناویی حیکمەت و فەلسەفەی تەڕکەین... سەری تەعزیمی بۆ دانەوێنن... با لەبارەی پڕ لە گولزاری شەیداکەی نەیشاپووردا سوختە ئاسا بڕۆینە چۆکا و بە ترسەوە بە رێزەوە دەست بۆ چوارینەکانی ببەین و رازەکانی هەڵدەینەوە و توخمی بەرهەمەکانی تری نەکەوین، نە ئەستێرەناسین. نە پەرتووك و نامەی جۆراوجۆری دەربارەی دەوا و دەرمان. نەزانیاری فەلەك. نە لێزانین دەربارەری سروشت و باو و باران و تۆف و رەهێڵە. تووف و ئۆفی خەیام هیچ کامیان فریامان ناکەوێ، هیچ کامیان زاممان سارێژ ناکا و ژانمان کەم ناکاتەوە جگە لە چوارینە پڕ لە ژیان و مردنەکەی نەبێت چوارینەکانە سەرقەتاری زەواری خەیام، چوارینەکانە دەمانگەیەننە هەوارگەی راستەقینەی پیری زەمان خەیامی سەرگەشتە و بێوچان.

سا وەرە برای کوردم!. ئازیزی خوێندەوار و رۆشنبیرم!. با ئازانە و بازانە لە سەرخۆ وردەکاریی رازەکانی خەیام هەڵدەینەوە و بنواڕینە کۆشك و تالار و کۆنگرەی شاری خەیامدا و کووچە و کۆڵان و گەڕەك و شەقامی شاری عیشقی خەیام تەیکەین و دنك دنك پەنجە بۆ پەیکەرەکانی، بۆ شانۆییەکانی درێژ بکەین، گوێ هەڵخەین بۆ ئاهەنگەکانی شاری خەیام و لەسەر نەوای ئاسمانی خەیام بکەوینە سەماوە: سەمای دوور لە سەداگەری.. دوور لە بێخەبەری موشتەری مەئابانە گۆزە و کووپەرە کۆنی گۆزە سازای شاری خەیام دەست بە دەست کەین بیاندوێنین.

خەیام ترساوێکی ئازا بووە، چوارینەکانی خەرمانێکە لە وردەکاری. پڕە لە هیمەت و گوزەشت. پڕە لە لێبووردن و جورئەت. بە ویژدانەوە، بە ئیمانەوە ئەوی پێی گەیشتووە تێگەیشتووە وتوویەتی!. بێ ترس لە بیروڕای رچاوی دەوروبەر! بێ دەربەرست لە رووکەشانە تێفکرینی چوارتەنیشتی لە دونیا بێ خەبەر، ئەو لە لیتە و قوڕاوی گۆمی دەق بەستووی ئەو حەلەدا نەپلکاوەتەوە. بێ ئەوەی دەست بە یەخەنێت. بێ ئەوەی دژ بە پیاوانی ئایینی بەرانبەرکێ

بکاو لێیان سووربێتەوە... بێ ئەوەی رەخنەی راستەوخۆ لە کۆمەڵ و کۆڕی زانیاری ئەو دەمە بگرێت، جگە لە ئاوڕی تێکەڵ بە زەردە خەندە نەبێت، جگە لە کەنار گرتن و بێ دەنگی نەبێت و خۆ دوان ململانێ نەکردووە. روحی سەرکێشی خەیام، دەروونی پڕ ئێشی خەیام دێتە هەڵهەڵە و کودەتایەکی نهێنی دەستپێدەکا و زۆر بیروڕای دق بەستوو دێنێتە لەرزین زۆر باوەڕ و ئاداب و نەریتی دەمارگرژانە سووك و ترۆ گەلێك دامودەزگای هۆکارەی فێڵ و درۆ و گۆبەند و تەشقەڵە ئاوەڕووت و بێنرخ و گومان لێکراو نیشاندەدا...

خەیام لەوە ترساوە بە ئاگری شاکامیی بازێك لە پەرچەمدارانی ئایین بسووتێنرێت و هەرچی رێساوە شی بکەنەوە. وەستاکارانە هەنگاوی ناوە سڵوك و سرك و هوشیار دواوەو جووڵاوەتەوە، چوارینەکانی وەدەرنەخستووە، ئەمما بەدوای زەوارییان نەکەوتووە و لەگەڵ خوادا دواوە، خۆی دواندووە، بیری دەکاتەوە... دەمێك گومان... دەمێك یەقین.. دەمێك گریان... دەمێك کەنین. بەئازارەوە پلکاوەتەوە و لە تاریکستانی پڕ لە تل و بەرد و دەوەنی گۆبەنبازان کەم و زۆر پای هەڵکەوتووە و کەوتووە و هەڵساوەتەوە.

لە کتاوی (اخبار العلماء باخبار الحکماء -٦٤٦ك) نووسراوە: ((ناو کرۆکی چوارینەکانی خەیام وەك مارێکی ژەهردار وان بۆ ئایین و شەریعەت. زنجیر و کۆت و بەندێکە بۆ گومرایی)). وردە وردە دەردەکانی خەیام گۆشەگیری خەیام، زەردە خەندەی خەیام سەرنجی پیاوانی ئایینی ئەو حەلە و تەکیە و خانەقاکانی راکێشاو کەوتنە پرس و جۆ و گومانەوە، خەیام ترسا بە هەمان دەردی (هەلاج) و (ابن المقفع)ی ببەن، بارگەی لێ بەست و رێگای دوور و درێژی مەککەی گرتەبەر و رۆیشت بۆ حەج.

بەندە لەوەی دڵنیام حەجەکەی خەیام حەجی ترس و مەبادا و بۆ بەرگریی تۆمەتی دەمار گرژان و بێدەنگ کردنی چپە و وتی وتی بوو!. جگە لە چوارینەکانی کە ئەویش بەلای چەند کەسێکی باوەڕ پێکراوی خۆی نەبێت لە کتاوەکانی دیدا کە لەسەر داوای ئومەرا و سەلاتینی ئەو حەلە نووسیویەتی مەرج و مەرز و سنووری ئایینی پارازتووە یان کۆشاوە هەر نەبێت قسەی پڕوپووچی ئەو کاتەی تیا نەگونجێنێت. لە کتاوی (نەوروزنامە)دا لاپەڕە ٣ دەڵێت:

((پەروەردگار هەتاوی لە تیشك دروستکرد و زەوی ئاسمانی خستە ژێر گڕ و گڵپە و بڵێسەوە)).

لە نەورۆزنامەدا خەیام بە وردی دەکەوێتە باسی ئاسمان و گەردوون و ئەستێرە و بیگرە و بەردەی بیروڕای تێکەڵ بە میتالۆژی داوەتە دەم یەکەوە بەگوێرەی زانیاریی ئەو کاتەی بەشتێکی تازە و نوێ لە قەڵەم دەدرێ. خەیام زیرەکانە تەنیشتی خۆی شی و هەلاجی کردووە.



هەڵیسەنگاندووە ئەگەر لەو حەلەدا هەندێك لە چوارینەکانی وە چنگی دوژمنانی کەوتایە و بکەوتایەتە سەر زاری پیاوانی ئاینی و دەسەڵاتدارانی دەمارگرژ لەتلەت دەکرا وەك ئەم چوارینە دەڵێت:

گویند بهشت و حورو کوپر باشد
جوی می و شهد و شیرو شکر باشد
پرکن قدح باده بر دستم نه
نقدی ز هزار نسیه بهتر باشد

به کوردی:

دەڵێن بەهەشت و پەری و کەوسەر هەیە
رووباری مەی و هەنگوین و شیر و شەکەر هەیە
بۆم تێکە لێوانی مەی و بیدە دەستم
میوە لەدەمایە، سبەی چ نیازم بە داری پڕ بەر هەیە.

یان کە دەڵێت:

آنانکة محیط فظل و اداب شدند
در جمع کمال شمع اصحاب شدند
زین شب تاریك نبردند بروز
کفتند فسانه ای و در خواب شدند

بەکوردی:

ئەوانەی سەربن نشینی کۆڕی زانیارین
لە بەزمی یارانا لالە و مۆمێکی دیارین
لەشەو تارا نەزانانە هەنگاو دەنێن
پروپووچیان وت و مەنگی خەوی شەرمەزارین

سەدان ساڵە و هەزاران ساڵە ئەندێشمەندان و گەلێك بیروڕای ئایینی وای بەراورد کردووە و لەیەکی داوەتەوە کە (مرۆڤ) ئاوێنە نمای کردار و زەرافەتکاریی پەروەردگارە. یان لە لابەلای چیرۆك و ئەفسانەکانی گەلاندا نرخ و شوێنی مرۆڤ لە هەڵسووڕانی کەون و کائیناتدا دیاری و رۆڵی سەرەکی هەیە، زۆر بیروڕای تر دەڵێت کە پەروەردگار ئەم کەون و کەهکەشان و کائیناتەی

لەبەر مرۆڤ سازاندووە، هێندە نرخ و بایی مـرۆڤ لای پـەروەردگارەوە بـەرز و بڵنـدە، خـەیام بـە پێچەوانەوە دەنوارێتە هاوکێشە (معادلە) کە و پێی وانییە ئەو ئاسمـان و کۆمـەڵگای ملیۆنـان و ملیاردان ئەستێرە کە ملیۆنان ساڵی بە تیژیی تیشك (واتە ساڵە تیشك) بۆی برۆین پێی ناگـەین لەبەر خاتری چاوی رەش یان شینی مرۆڤ پەروەردگار دروستی کردبێت، بـەڵکو مردنـی مرۆڤێـك هەروەك لەناوچوونی مێش و مێشولەیەکە بۆیە دەڵێت:

يك قطره اب بودو با دريا شد
يك ذره خاك و با زەمين يكتا شد
امد شدن تو اندر اين عالم چيست
امد مگسی بديدو نا پيدا شد

کوردیەکەی:

دڵۆپێ ئاو بوو تێکەڵی دەریا بووەوە
ریزەیەك خۆڵ بوو تێکەڵی زەویی و چیا بووەوە
ناپرسی هاتنت بۆ ئەم جیهانە چی بوو؟
مێشێك خولقاو دووبارە گوم و نا پەیدا بووەوە

بنوارە زەردەخەندە و لاقرتـێ و لاسـارییەکانی خـەیام! بـێ ئـەوەی ترسـی لـە نـەفرینی پاشەرۆژ و گوڕ هەڵکەندنی بێت بیروباوەڕی سەدان ساڵەی، هەزاران ساڵەی گەلانی جۆراوجۆر دەخاتە ژێر زەرەبینەوە و ئەو باوەڕانە دەداتە بەر جەفەنگ و مەسخەرە پێکردن و بێ ئـەوەی رێگا و رێبازێکی چوارچێوەدار بخاتە بەردەست جگە لـە گومـان و سـڵوکانەوە نـەبێت، بـێ سەرەئەنجام لە کۆششەکەیدا بـەردەوام و دەیـەوێت چـنگ لـە رۆژنەیـەك گیرکـات و بیکاتـە پاپلکە و خۆی بگەیەنێتە قووڵایی ئاسمـان، بـەڵکی ریـزە رازێـك لـە رازەکـانی ئـەزەلی بـۆ دەرکەوێت، پەلە قاژەکـانی، خۆهەڵدانـەکانی یـەك بـە دوای یەکـدا بـێ ئاکـام و مانـدوو و دەستەپاچە دان بە بێ دەسەڵاتی و زەبوونی رەگەزی (مرۆڤ)دا دەنێت و گێژ و وێـژ مـەنگ و مەدهۆش نازانێت ئەم تاڤگە ئەزەلییە چاوگەکەی لە کوێنەوەیە، بەرەو چ دۆڵ و دەربەندێکی هەتا هەتایی سەرا لێژە...؟

ئینجا سوور دەبێتەوە یەخەی تاپوی ئەوانە دەگرێت کە پێیان وایـە کـە باشـتری لێـدەزانن.. زەردەخەنە بێدەنگەکانی دەکاتە قاقایەکی ئەفسوناوی، دەڵێت:



چون نيست مقام ما در اين قديم
بس بی می و معشوقە خطا ئيست عظيم
تاكی ز قديم و محدپ ای فرد حكيم
چون من رفتم جهان چە محدث چە قديم

کوردییەکەی:

من کە بێ ناوونیشان بم لەو هەوارگە کۆنە
بێ مەی و یار ژیان تاوانی گەورە و روونە
تاکەی باسی کۆن و تازەم بۆ دەکەی ئەی پیری دانا؟
من کە مردم بە من چی ئەم جیهانە کۆنە یان چۆنە!

یان دەڵێت:

تا چند حديث پنج و چار ای ساقی
مشكل چە يكی چە صد هزار ای ساقی
خاكيم و همە چنگ بساز ای مطرب
باديم همە بادە بيار ای ساقی

کوردییەکەی:

بۆ بدوێین دەربارەی پێنج و چوار ئەی مەیگێڕ
گرفتاری یەکێك بین یا سەد هەزار ئەی مەیگێڕ
یەك ریزە خۆڵ بۆم لێدە لەتار ئەی موترێب
کزە (با)م و مەیم دەبێ چیمە لە ئازار ئەی مەیگێڕ

خەیام لەو چوارینەدا دەڵێت: چەندە بە تاسەی ئەم جیهانەی! باوەڕ بکە بێ هوودەیە —کێشە و دوان و وتووێژ و لە یەکدانەوە دەربارەی پێنج هەستەکەی (مرۆڤ). بێ سوودە هەڵسەنگاندنی چوار (عناصر)[1]. بۆچی لەسەر شانۆی ترس و زەندەق چووندا ژیان لەسەر ببەین؟.. ئەوانەی وتـراوە و داڕێژراوە هەر هەموو درۆ و ئەفسانەیە!.

---

(١) فەیلەسوفەکانی یۆنان پێیان وابووە کە زیندوویی و کائینات و کەون لەم چوار (عنصر)ە پێکهاتووە: ئاو، ئاگر، خۆڵ، با.

نە زانیاری، نە ئاین هیچ کامێکیان توانای لە یەکدانەوەی رازی ئەم کەونەیان نییە و نابێت بەسەر ئەو تۆپە خۆڵاوییەوە نە خۆشبەختی تێدایە نەسزا..

رابردوو و داهاتوو هەردووکیان هیچن... بۆچی لە نێوان دوو هیچدا ژیان بەینەسەر؟.. خەیام لای وابووە لە وردترین سات و کات سوود وەرگرتن شایستەی ژیانی مرۆڤە، لە سایەی درەخت و گوڵزار و شینایی دڵپەزێردا.. لە ژێر شەوقی زیوینی مانگەشەودا... لەگەڵ نەوا و ئاهەنگی چەند وتار و تەرەبدا.. لە باوەشی نازەنین روخسارێکدا، کاکڵە و راستەقینەی ژیانە نەك گوزەران لەگەڵ ترس و چەکەرە، مەبادا و مەبادادا.

خەیام وەك زانیارێکی زانا و (ریاضی) زان و (جەبر) زان تێفکراوە، زۆربەی زۆری بنەمای فەلسەفەی خەیام لەسەر ژمارە و هاوکێشەی جەبری دامەزراوە: دووجار دووچوار، نەسی دەکا و نەپێنج، هەروایش نوارووییەتە سروشت. سروشتی بەکەڕ و کوێر و بێهەست زانیوە لە سووررخواردنی خۆیدا بێ ئەوەی گوێی لە هاوار و تکا و پاڕانەوەی کەس بێت بێچارانە بەردەوامە.

سروشت ئەگەر بیتوانیبا چارەی دەردی بێ دەرمانی خۆی دەکرد و بۆ تاوێك هەنووزی دەکرد و لە خول خواردن دەکەوت.

بەلای خەیامەوە گەردوونیش ئەرکێکی خراوەتە سەر لە هێڵی خۆیدا دەسووڕێتەوە رەنگە ئەویش وەك مرۆڤ حەزی لە ئارام گرتن و ئاسایش هەبێت، بەڵام لە سووڕخواردنیدا ناچارەو زانیویەتی چەرخ و گەردوون و کۆمەڵگای ئەستێرەکانی قووڵایی ئاسمان بە پێی یاسایەکی ورد و دامەزراو لە خول خواردندان و ملیۆنەها ساڵیشە هەر لەو سووڕخواردنەدا بەردەوام بوونە و... دەبن. ئەو بەباشی ئاگاداری فیزیای ئاسمانی بووە و لەوەش دڵنیابووە ئەو ئەستێرانە هیچ رۆڵ و دەورێکیان لە بەدبەختی یان خۆشبەختی خەڵکی سەرزەویدا نییە و نەبووە. بۆیە رەشبینی لە زۆربەی زۆری چوارینەکانیدا ئاشکرایە. مردن، تیاچوون، گفت، گۆڕستان، کەموکوریتی ژیان و سروشت بە دایکێکی خوێنخوار و شێت و دێوانە دادەنێت کە چەندە بە دڵڕەقییەوە ساوا و جگەرگۆشەکانی لە نێودەبا و وای لێدەکا ئاواتە خوازی مەرگ بێت.. بۆیە دەڵێت:

افلاك كه جز غم نفزايند دگر
ننهند بجا تا نر بايند دگر
نا امدگان اگر بدانند كه ما
از هرچى ميكشيم نا بند دگر



کوردییەکەی:

گەردوون یەکپارچە دەرد و غەمە
هەرچی دەڕفێنێ برسییە و دڵێ کەمە
ئەوانەی نەهاتوون یەشتا
نازانن زیندەگی هەوارگەی دەرد و تەمە

ئەم ئاوات خوازییانەی (خەیام)ە لە زۆر لە چوارینەکانیدا وەدی دەکرێت تارادەیەکی زۆر لە نێرڤانای بوودا دەچێت کە پێیوایە جیهان بریتییە لە کۆمەڵە رووداوێکی بەیەکەوە پەیوەست و گرێدراو، جیهانی بینراو وەك پەڵە هەورێکە یا خەفەتێکی پڕ لە دیمەنی جۆراوجۆرە. هەستی رەشبینی لە ناخی زۆر لە شاعیرانی جیهانی ئەدەبیاتدا بینراوە. نارەزایەتی و دڵتەنگیی شوعەرا، جگە لە نارەزایەتی لە بارودۆخی سیاسی و هەڵوێست بەرانبەر دەوروبەر زۆرتر زویر و زیزبوونی ئازیزان و یا نەبوونی، هەژاری و بۆنەهات بووە.

دەردەکانی خەیام فەیلەسووف مەئابانەیە، ژانەکانی جیاوازە، هەستەکانی پڕە لە ژان و دەرد، دەردێکی بێ دەرمان، دەردێکی گەورە و سەرە وایلێدەکا لە گۆمی رەشبینی و بێچارەییدا بتلێتەوە. بە جۆرێکی وا لەو رەشبینی و ئازارە هەستێکی سازندەی چوارچێوە داری لێدروست دەکات و دەیگەیەنێتە دەرباری راز و فەلسەفە. بۆچوونەکانی خەیام پڕە لە باسی شەڕاب و شیعر و سروشت و ئافرەت. پلەوپایەی ئافرەت بەلای خەیامەوە ناگاتە رازی سەرسوڕهێنەری شەڕاب. ئەگەرچی ئەوانە هەموو گەردەلوولی هەڵکردووی دەروونی خەیام ئارام ناکەنەوە تەنیا بۆ دەمێك و ساتێك خۆی پێ لاواندووەتەوە تا سنووری خۆ خەڵەتاندن. دەردەکەی خەیام دەردێکی فەلسەفییە، پڕە لە نفرین و ئینکار، ئەو نفرین و بێزیانە لە رەفتار و کرداری رۆژانەشدا خۆی لە روخساری نمایان کردووە... کەم کەس خەیامی دیوە پێبکەنێت. شوپنهاوەریش هەروەك خەیام تێفکراوە، بۆیە دەڵێت: ((تەقەلاو هەوڵدان بێهوودەیە. ئەم جیهانەی کە پڕە لە ئەستێرە و مانگ و خۆر باوەڕ بکە بۆ خۆی هیچە)).

خەیام ناچار نەکرابا لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵێکدا خۆی وەدەر نەدەخست، ئەوەی خەڵکی دەیبیست بەلایەوە بێ نرخ و تورڕەها هاتووەتە چاو، ئەوەی لە دەوروبەریدا دراوە ئەو بە فلسێکی سوور نەیسەندووە وەك لە شیعرە عەرەبیەکاندا ئاشکرا روونی کردووەتەوە بە تایبەتی لە پێشەکیی کتاوی ((الجبر و المقابلە))دا دەڵێت:

((ئەشهەد و زانایان نەماون و لەناو رۆیشتوون، ئەگەر ژمارەیەکی کەمیشیان وەدی بکرێن ئەوانەش حەق و حەقیقەتیان بە نرخێکی کەم فرۆشتووە و ئەگەر دانایەك بیەوێت دوور لە درۆ و فێڵ و کەڵەك و تەشقەڵە تێفکرێت دەدرێتە بە گاڵتە و تیری جەفەنگی نارەواو ستەم)).

دیارە لە هەر سەردەمێکدا کاسەلێسان و رووکەش تێفکران و شان تەکێنەران وەك هەمیشە لە پێش کاربەدەست و جڵەوی زۆرکار و باریان بە دەستەوە بووە... ئەوەتا کەڵە زانایەکی تێکڕای دەورانی بەشەرییەت لە دەست کۆمەڵێك کاسەلێس و نیوەزانا دەمی شکایەتی کردووەتەوە و هاواریشی نەگەیشتووەتە کەس و بە ناچاری پەڕی گرتووە و گۆشەی غەمی هەڵبژاردووە و دەردەکانی کاوێژ و لەگەڵ خۆ خواردنا رۆژگاری بردووەتە سەر.. .سەیر لەوە دایە شاکانی ئەحەلە، دەسەڵاتداران و دەربار نشینانی سەردەمی خەیام و دوای خەیام بە زانا و دانایانیشەوە زۆربەی زۆریان لە بیر نەماون یان بە دەگمەن ناودەبرێن. هەنگامەی خەیام ئەمرۆ لە سبەی پڕ لە هەرا و هۆریاترە سومبولێکی بەشەریەتە.

(دیۆژین) فەیلەسوفی بەناوبانگی مێژووی یۆنان لە رۆژی رۆشنادا فانۆس بە دەست لە کووچە و کولان و شەقامی (ئەتینا) دەسووڕایەوە. لێیان پرسی: بەم رۆژە رۆشنا بەم فانۆسەوە بە دوای چیدا دەگەڕێی؟.. وتی: مرۆڤ..!! وازانراوە شوعەرا ئەوەی دەیلێن ئەنجامی نادەن و تەنیا هەر بۆ وتنەکەیانە و ئەوەندە پابەندی هەستی خۆشەویستی نابن و لە رووی مرۆڤایەتی سروشت و سۆفیگەرییەوە، هەرچیش بڵێن کەمی ئەنجام دەدەن.. خەیام لەوانە نەبوو لەگەڵ خۆیدا بکەوێتە گاڵتەوە یان شتێك بڵێت باوەڕی پێ نەبێت. پەرگرتنەکەشی نیشانەی راستگۆیی لەگەڵ زاتی خۆیدا بووە، ئەو هێندە لە دەوروبەری نارازی بێزار بووە، گۆشەی تەنهایی هەڵبژاردووە، پەیوەستە روخسارێکی تێفکرانە و گرژ و مۆنیی پێوە بووە. بەسەر ئەو خەلق و خوویەشدا زۆر سەرچاوە بە دەستەوەیە کە خەیام هاتوچۆی دەرباری سەلجووقی کردووە و رێز و پایەیەکی بەرز و بڵندی لە دەرباردا هەبووە، بە تایبەت بەلای سەرەك وەزیری بەدەسەڵات و کارزانی دەرباری سەلجووقی (نظام الملك).

ئەگەرچی دژوار دێتە چاو داستانی هاوڕێیەتی نظام الملك و خەیام و حەسەن سەباح لە سەردەمی (پان ئێرانیسم)یدا تیژ رۆیشتووە و بە ئاشکەرا پەرچەمی یاخی بوونی هەڵکردووە و گەلێك لە بیروڕای ئایینی توورداوەتە ئەولاوە... ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشێ بۆ دەسەڵات و فەرهەنگی لە دەست چووی ئێران و خوێنەر هەمان دەدا هانێکی پڕ لە تێفکرین بۆیە دەڵێت:



ان قصری که بر چرخ همی زد پهلو
بر درگه او شهان نهاندی رو
دیدیم بر کنگره اش فاخته ای
نشسته هی گفت که کوکوکو
کوردییەکەی:
ئەو کۆشکەی وا هەرووژاوی دەستی گەردوونە
دەرباری شایەك بوو ئێستا بەرەو تیاچوونە
بنوارە کۆترە برجیلە تێیدا دەخوێنی
دەڵێت کوا لە کوێن؟ دەبینی لە بیرچوونە؟

یان دەڵێت:
ان قصری که بهرام در او جام گرفت
اهو بچه کرد و شیر ارام گرفت
بهرام که گور میگرفتی همه عمر
دیدی چگونه گور بهرام گرفت
کوردییەکەی:
لەو تەلارەیدا شا بارام جامی گرتووە
ئاسك زابوون و پەلەوەران ئارامی گرتووە
بارامێك تێکڕای ژیانی (گور)ی دەگرت
بنوارە چۆن گۆڕ بارمی گرتووە.

پلەی ناسیونالیسمی خەیام تا دەڕوا تیژتر و بێ پەرواتر دەبێت، ئەوەی لە لایەن رەگەزسامییەوە هاتووە بێت و خەڵکەکە سەلماندووی بێت هەتا وەکو (ئایین) ئەو رەتی دەکاتەوە، پەنا دەباتە زانست و مەنتیق و فەلسەفە... تا لە پێشدا خۆی پێ رازی بکا کەچی رۆژ بە رۆژ گێژتر و ئەفسوردەتر و دەستە پاچەتر خۆی لە ئاوێنەی واقیعەتدا دەبینێت و کردگار تەشبیە دەکاتە گۆزەساز و (مرۆڤ)یش بە هەوێنی گۆزە و خودی گۆزە. بۆیە دەڵێت:

این کوزه چو من عاشق زاری بودست
دربند سر زلف نگاری بود است

اين دەستە كە بر گردن او میبینی
دستی است كە بر گردن یاری بوداست
كوردییەكەی:
ئەو گۆزەیە وەك من كوژراوی یارێك بووە
سووتاوی سەر و زولف و نیگارێك بووە
ئەو دەستەیەی لە گەردنیا دەیبینی
دەستێكی لە سەر ئەگریجەی نازادرێك بووە

یاخیگەریی خەیام بەرە بەرە.. پەرە دەستێنێت و بێ ترس و مەبادا پەنجە دەخاتە سەر كاكڵەی بیروڕاو باسی و دەڵێت: بەهەشت و دۆزەخ هەردوو لە ئاوەز و ناخ و ویژدانی مرۆڤدا مەڵاسی داوە بۆیە دەڵێت:

گردون نگری ز عمر فرسوده ماست
جیجون اثری ز چشم پالوده ماست
دوزخ شرری ز ریج بیهوده و ماست
فردوس دمی ز وقت اسوده ماست
كوردییەكەی:
گەردوون ساتێكە لە ژیانم
جەیجوون فرمێسكێكە لە چاوانم
گڵپەی دەروون ویژدانە گڕی دۆزەخ
بەهەشت تاوێكە لە ئاسوودەیی ژیانم

خەیام خۆی پێڕانەگیراوە و بێوچان لە هاندانا بووە بە چپە و بانگەوازەوە بە گاڵتە و راستەقینەوە مامەڵەكە رەددەكاتەوە و دەڵێت: بنوارە گوڵ و گوڵزار و دیمەنی بەهەشت ئاسای فراوان... گوێ بگرە لە پەلەوەری خۆش ئاوازی دڵنەوازی رەنگاورەنگی جوان... ئاهەنگ، كەنین، شەراب، ژنی نازدار و شۆخ پكەر و باریك كەمەر... دیمەنی رازاوەی جۆراوجۆری تر كە لە زۆر جێگە و شوێندا دەبینرێت... ئەوانە هەموو نیشانەی راستەوخۆی بەهەشتن، لەوانە خۆشتر بەسەر زەوییەوە نین... جا بۆچ هەل لە دەست دەدەیت؟ جا بۆچی ئەم ژیانە كورت و كەمە بەفیڕۆ تێدەپەڕێنێت؟ خۆت هەڵمەگرە بۆ سبەی!. تازە كام سبەی؟! ئەم وردە كفرانەی خەیامە زنجیرەیەكن بە دوای یەكدا لە زۆربەی چوارینەكانیدا زەق زەقی دیارن.



دێمە سەر بیروباوەڕێك كە گەلێك لە پیاوچاكانی ئیسلام بۆ دووچار نەبوونی گوناح بە ئاسانی بە كوفری موسڵمانێك دانانەن بەتایبەت ئەو كەسە مردوو بێت (اذكروا موتاكم بالخیر). هەر ئەم پارێز كردنە بووەتە هۆی چەندین فلیقانەی زۆر حەقیقەت و زۆر چڵ و پۆو پەلی لە زۆرباس وەدەر هێناوە... من وا دەزانم ئەگەر نیشانە و بەڵگەی زۆر و فراوان بە دەستەوە بێت دەربارەی بێدینی كابرایەك با ئەو كەسەش شاعیر یان زانیار یان چووزانم فەیلەسووفێكی گەورە و ناسراویش بێت، باس بكرێت و بۆ پاشەڕۆژ رۆشن كرێتەوە سوودی لە زیانی زۆرترە، ئەگەر بێ باوەڕیی شاعیرێكی گەورە وەك (بشار بن برد) بخرێتە بەر چاو سوودی زۆرترە یان زیان..؟ یان یاخی بوونەكانی (ابوعلاء المعري) كە پڕە لە بێباوەڕی و رەدكردنەوەی زۆر بیروڕای ئیسلامی پیرۆز.

نووسەری باش، هەڵسەنگێنەری وردەكار دوور لە بیروڕای تایبەتی خۆی هەڵوێستی زانایان و دانایان رۆشن بكاتەوە سەركەوتووتر دەبێت وەك وتراوە (لاحياء في الدين) هەر واش لە زانیاری و زانستدا چاوپۆشی نەك رەوابێت تاوانە...!

تا خەیام لە ژیاندا بووە كەس خەیامی بە شاعیر نەناسیوە، وەنەبێت لەبەر سووكیی مەنزیلەتی شاعیر و كە لەبەر پیاهەڵدان و تەماحی زەڕو زور و ژیان شیعریان وتووە، ئەو چوارینەكانی شاردووبێتەوە بەڵكو ترسەكەی خەیام لە مەرگ و پەت پەتێ و لەتلەت كردن بووە... هەزار ساڵە خەیام مردووە تازە ئەو ترسێكی لە مەرگ و پەت پەتێ نییە و نەماوە... من بۆچی بترسم باسی بێ ئایینی خەیام بكەم...؟ بەڵكو هەڵسەنگاندنی چوارینەكانی بەشێوەیەكی زانستانە بۆ ئیسلام سوودبەخشترە.. بەڵكی بێتە هاندانی چاوساقێكی ئایینی و وەڵامی شیعرەكانی خەیام بداتەوە. ئەگەرچی لەو حەلەدا دەمارگرژیی ئایینی هێڵەی كردووە ئەمما لە هەمان كاتدا زانست و رۆشنبیریش لێرە و لەوێ بینراوە زۆر لە زانست و فەلسەفەی یۆنانی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی و فارسی، كۆمەڵ و بڕكەی ئایینی جۆراوجۆر و بزووتنەوەی (باطنی) لە ئەو پەڕی گەشەكردندا بووە، ئەوانە هەموو هیچ جۆرە نیشانەیەكی لە بیروڕای تایبەتی خەیامدا جێنەهێشتووە، خەیام سەروكاری لەگەڵ زانیاری و زانستی بێهەستدا بوو (جەبر، هەندەسە، ریاضیات) ئەو زانستانە نەشەڕی تێدایە نە حیزب و كۆمەڵ و بڕكە و تۆپەڵ، ژمارە جادوویەكە لە ناو تەواوی میللەتاندا هەر یەكە و یەك بە دوو نابێت.. ئەگەر دوو كەس لەسەر مەسەلەیەكی (ریاضی) كەوتنە كێشەوە بێگومان یەكێكیان هەڵەیە و كابرایەكی لەوانە چاوساقتر بە ئاسانی بۆیان شیدەكاتەوە و كێشەكەش دەبڕێتەوە.. ئەمما بیروڕای (ئایینی) جگە لە ئایەتی پیرۆزی قورئان بەم ئاسانییە نییە، ئەگەر جیاوازی كەوتە نێو دوو كەسەوە دەربارەی

مەسەلەیەکی ئایینی با ئەو دوو کەسەش یەك ئایین و مەزهەب بن بە دژواریك دەکەون. مەسائیلی ویژدانی دووره لە مادەگەری و حیساب و ئەندازە و (س X س). بنوارە ئەم چوارینە، بەوردی ژمارە و یەك و دووی تێدایە دیارە:

گویند بهشت و حور و کوثر باشد
جوی می و شیر و شهد و شکر باشد
یك جام بده بیاد ان ای ساقی
نقدی ز هزار نسیه خوشتر باشد

کوردییەکەی

دەڵێن بەهەشت پڕ لە کەوسەر و پەریی نازەنینە
رووباری مەی و شیر و شەکەر و هەنگوینە
پێکێکم دەیە ئەی سەروی خەرامان
ئەمڕۆ بدەمە سبەی نیشانەی نەزانینە

هەروەها دەڵێ:

ای رب تو کریمی و کریمی کرمست
عاصی زچەر و برون زباغ ارمست
با طاعتم ار ببخشی این نیست کرم
بامعصیتم اگر ببخشی کرم است

کوردییەکەی

خوا هەمیشە کردەوەی لێبوردن و بەخشینە
پاداشتی تاوان گڕی ئاگری بەتینە
لە پاداشتی کرنووشا گەر ببەخشی
کەی بەخشینە مامەڵەیەکی ناشرینە

لەم چوارینەدا ئاشوفتەگی و پەرێشان فیکریی خەیام دەگاتە پۆپە و تا بە تای تەرازووی تێدا دیارە.. چاکە و خراپە پەرستن و ملهوری و ئینکار سەرئەنجامیش پاداشت و سزا... چوارچمکی لێبەدارا دەکا و لە واقیعیەت هەرا دەکا و بۆی دەردەچێت و خۆی بەبێ تاوان دادەنێ و دەڵێت:



زەبوونێکی وەك من چیم لە دەست دێت ئەوەی کردوومە پێان کردووم و بێ دەسەڵاتانە کردوومە، هەمان مەسەلەی (مخیر و مسیر) لەوەی دڵنیام ئەوەی خەیام وتوویەتی و بۆی کۆشاوە نەهەلاج و نە (ابن المقفع) نەیان وتووە کوفرەکە راستەوخۆیە. بنوارە ئەم چوارینە چەند دەست بە یەخەیە و راستەوخۆ بیروڕای خۆی دەرخستووە، ئەگەرچی زۆر کەس و زۆر لێزان پێیان وایە ئەم چوارینە هی خەیام نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە تەواوی چوارینەکانیدا هەن لە یەکی دەدەینەوە.

ابریق می مرا شکستی ربی
برمن در عیش را بستی ربی
من می خورم و تۆ میکنی بد مستی
خاکم بدهن مگر تو مستی ربی

کوردییەکەی

شووشەی بادە و مەیم دەشکێنی
لە رێدا کەبکە و داوم بۆ دەچێنی
خوایە من دەخۆمەوە و ... تۆ دەتگری
قوڕم بەسەر ئاشکرا سەرخۆشی دەنوێنی

پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە ئایا بۆچوونەکانی خەیام لە پێش خەیامدا هەبووە.. وە دوای خۆی پەیڕەوانی بیروڕای خەیام چییان کردووە و چیان بەسەرهاتووە؟

وەك زانراوە بێ باوەڕی لە هەر سەردەمێکدا هەبووە سا ئەو بێ باوەڕییە لە لایەن کەسێکەوە یان تاکێکەوە یان کۆمەڵێکەوە بلاو بوویێتەوە لەسەر هەر بۆچوون و بناغەیەك دانرابێت بەبێ دین و (ملحد) ناوبراون. توومەتی ئیلحادیش لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا چوارچێوەی سزاکەی دیارییە، هەر لەبەر ئەو سزایە بە ئەو پەڕی نهێنییەوە جووڵاونەتەوە.

هەروون ئەڵێن کتاوێکی دەربارەی چوارینە گومان لێکراوەکانی خەیام نووسیوە و دەڵێت: ((لە کتاوی سەرگوزەشتەی دەسەڵاتی (کابل)دا نووسەرێك بەناوی ئیل ڤینستن ساڵی ١٨١٥ز باس لە کۆمەڵەیەك دەکا لە دەرباری محمودی غەزنەویدا لە بزووتنەوە و تەقەلادا بوون، ئەو کۆمەڵە ناوی ((ملازکی))یان لە خۆنابوو. تەواوی بۆچوونەکانیان لە مایە و هەوێنی چوارینەکانی خەیام وەرگرتووە. هەمان کۆمەڵ توانیویانە گەلێك لە ناسراوانی دەرباری سولتان محمودی غەزنەوی بکەنە هاوڕا و پەیڕەوی بیروڕایان.

ئەگەر لە مێژدا هەرچیش لە بابەتی چوارینەکانی خەیام وترابێت هەر بەهی خەیامیان داناوە، چونکە بڕبڕاکەی چوارینەکانی خەیام لەسەر بناغە و بنەڕەتی زەرافەتکاری، سووك و رەوان کەم و کورت و سادە بوون دامەزراون و خەڵك دەدوێنێ.

ئەو شێوە نووسینە بە ئەندازەیەك تام و چێژدارە و زەمان کۆنی ناکا و پەیوەستە هەڵمی لێهەلدەستێ و هەر خوێنەرێك خۆی بە خاوەنی دادەنێت باوەك باوەڕشی بە ئەندێشە و بۆچوونەکانی نەبێت خاڵێکی دیکەی گرنگ لە فەلسەفەی خەیامدا وەدی دەکرێت تایبەتمەندی خۆیەتی و لاسکایی لە کەسانی پێش خۆی نەکردووەتەوە ئەو بە جۆرێکی تر دەنوارێتە (مردن) نەهاتووە لەسەر بۆچوونی فەلسەفەی (ئیلاهی)و چۆنیەتی رۆح و رەوان و مردن شیکاتەوە و هەڵسەنگێنێت، ئەو پێی وابووە لەش و بەدەن شیدەبێتەوە و دەگۆڕێتەوە سەرشتی ترو دابەش دەبێت، هێندە بە هەستێکی شاعیرانە و غەمگینانەوە باس لەو دابەش بوونە دەکا ناخی هەر خوێنەرێك دەبزوێنێ، بەلای خەیامەوە لەولای (مادە)وە شتێکی تر و هەبوونێکی تر ناکرێت ببێت. زیندەگی لە کۆمەڵێك (ذرة) پێکهاتووە، ئەو زەڕڕاتە لەناوبڕۆ نییە و لەناوناچێ و بەردەوامە لە دووبارەسازیدا بەشێوەیەکی تر و لە قالب و چوارچێوەیەکی تردا، دیسانەوە شیبوونەوە و پەخش بوونەوە ئیتر بەو چەشنە هەمان بەزم و هەمان رەزم لەسەر ئەم بناغەیە پێیوایە (مرۆڤ) نەترسی هەیە و نەئومێد لە ئاکامی چوار (عنصر) و تیشکی حەوت ئەختەرەکە پێکهاتووە و (رۆح)یش دوای مردن لەناو دەڕوا:

ای آنکه نتیجه چوار و هفتی
وز هفت و چهار دایم اندر تفتی
می خور که هەزار بار پیشت گفتم
باز آمدنت نیست چو رفتی رفتی

کوردییەکەی:
ئەی ئەو کەسەی ئاکامی چوار و حەوتی
هاڕاوی ژێرباری بۆنەهات و کاری چەوتی
بخۆرەوە هەزار جار رامگەیاند
گەڕانەوەت بۆنییە مردی بۆ هەمیشە خەوتی



بانگەوازی خەیام ئاشکرایە و پڕبەدەم و راستە و خۆی رۆژی حەشر و زیندوبوونەوە رەددەکاتەوە و هانی هەل لەدەست نەدان دەدا و کورت و کەمیی ژیان رادەگەیەنێت و بە ئاشکرا هەمیشەگی (رۆح) رەد دەکاتەوە و دەڵێت هەر گیانلەبەرێك بمرێت روحێك لە گۆڕدا نابێت.. روح لەناوچووە ئەوانەی لە زیندەگیدا ئەگەر پیاو خاس و کردەوەی باشیان لێوەشابێتەوە کە مردن (زەرات)ی لەشیان دەکەوێتە ساختمانی گۆزەیەکی پڕ لە شەرابەوە هەمیشە هاودەم و هاوچێژی شەراب دەبن.

بێگومان ئەم جۆرە بۆچوونە نە چوارچێوەیەکی دیارییە و نە دووری و نزیکییەکەی پڕە لە ئاشوفتەگی ئاڵۆزی و دوور لە (ژمارە) بۆ کەسێکی وەك خەیام کە پابەندی ژمارە و (ئەبعاد)ی ناسراوە، نەشیاوە لەم رووەوە خوێنەر لە دەشتی بێ ئاو و وشك و برینگدا بەڕەڵڵا بکا، ئەو بیروڕاو ئاڵۆزی و ئاشوفتەگییە بۆ ساتێك یەخەی خەیام بەرنادا و دەستی وەبینی ناوە، خاك و خۆڵ دەبینێ (زەرات)ی دێتە بیر. سەوزایی و شینایی و گوڵ و گوڵزاری دێتە بەرچاو دەکەوێتە بیری (زەرات)ەوە قەد و باڵای مەوزون و لەرەی سنگ و کەمەر و شەکانەوەی زولف و ئەگریجەی دێتە بەرچاو، زەراتی دێتە بەرچاو کە چۆن ئەو لەش و لارە بە درێژایی زەمان تێکەڵی خۆڵ بووە و دەفر و گۆزەیان لێسازاندووە پڕکراوە لە شەرابی ناب، بەلای خەیامەوە (مەی) وەك رۆح وایە لە لەشدا... (مەی) هۆیەکە بۆ مەبەستی، بۆ لەبیرچوون و مەنگی و مەدهۆشی و فەرامۆشی.

زۆرجار لە چوارینەکانیدا باسی دەمی گۆزە، لێوی گۆزە، گەردنی گۆزە، دەستەی گۆزە و سك و گەدەی گۆزە دەکا کە هەر هەموویان لە پەلوپۆی مرۆڤ و لەشی مرۆڤدا هەن و ناویان هەمانە، مەیەکەش سەفابەخشی گیانە وەك روح لە لەشدا.. بنواڕە چی دەڵێت:

این گوزه چومن عاشق زاری بودست
دربند سرو زلف نگاری بودست
این دسته که بر گردن او میبینی
دستی است که برگردن یاری بودست

کوردییەکەی
ئەو گۆزەیە وەك من لە عیشقا سوتاو بووە
شیفتەی سەر و ئەگریجە و مەستی چاو بووە

ئەو دەستگرەی لە گەردنیا دەبینی
دەستی عاشقی گەردن و زولفی خاو بووە

بە تەواوی وردەکاری خەیامەوە ناتوانێت پەریشان حاڵی و عەودالّی خۆی بشارێتەوە، بەهەرلادا پەل دەکوتیّ و خۆی هەڵدەدا هیچی نایەتە دەستەوە، نە پای لە پتەوی گیر دەبێت و نە چنگی لە پەلوپۆ سەرگەردان و وێل و دەربەدەر بە دوای وەڵامی خۆیدا دەگەڕێت.. نەدەزانێت لە کوێنەوە هاتووە و نە پەی بەوەش دەبا بەرەو کوێنە سەرالێژ دەکرێت.. بە وردی دەنوارێتە پاچکەی زل هێزی سروشت کە چەند رێك و رەوان و مەوزون لە خول خواردندایە و ئەرکی سەرشانی ئەنجامدەدا و هەرچی بوون هەیە لە ژێر قورسایی زەمانا ریزە ریزە دەکا و دیسانەوە دەیهێنێتەوە کایەوە. هەرچی لەو موعادەلەیە ورد دەبێتەوە. هەرچی لە رووی رۆشنبیرییەوە هەڵی دەسەنگێنیّ و بە وەردەکاریی فەلسەفییەوە بۆی دەوڕوا هیچیان نایەنە فریایەوە... سروشتیش کەڕ و لالّ کەمتەرخەم بەرانبەر غەم و شادی بەرانبەر شەڕ و شۆڕ و کوشتن و بڕین. زیندەکیش بۆ خۆی وەك خەونێکی پڕ لە ترس و تۆقیان و شەوە لاپەڕەی هەمیشەگیی خۆی هەڵدەداتەوە.

بەلای خەیامەوە رابوردوو و بیرەوەری و یادگارە، داهاتوو گوم و نادیارە، ئەو ساتەی تێیدایە کە تێپەڕی بە لە دەست چووی دەزانێت:

هنگام سپیده دەم خروس سحری
دانی کە چرا همی کند نوحە گری
یعنی کەی نموند در آیینەء صبح
کرز عمر شی گزشت تو بی خەبەری

کوردییەکەی
دەزانی مەلا بانگدان کەڵەشێر بۆچ دەخوێنیّ
شیوەنی دەگاتە چوار تەنیشت و هەموو شوێنیّ
دەڵێت بزانن شەوێك لە تەمەنت تێپەڕی
سبەی سوارەی مردن لە پڕ خۆی دەنوێنیّ



دیسانەوە خەیام دەێتەوە سەرباسی ئومێد و قۆزانەوەی سات و کات لە کاتێکدا بۆ خۆی سەرتاسەری ژیانی پڕبووە لە پەژارە و دەرد و تەنهایی و گۆشەگیریی.. کەچی لە هەمان دانا بەردەوامە و لە ململانەکەیدا ئەو پەڕی یاخی بوون نیشاندەدا و تۆڵە لە مەرگ و تیاچوون دەکاتەوە:

فردا علم نفاق طی خواهم کرد
با موی سفید قصد می خواهم کرد
پیمانە عمر من بە هفتاد رسید
این دم نکنم نشاط کی خواهم کرد

کوردییەکەی
سبەی دووڕوویی دەخەمە ئەو لاوە
با وەك پیرم و ئەو عومرەشم لەبۆ ماوە
لە گۆشە مەیخانەدا ردێنم سوری مەی دەکەم
دەبا بیکەم هێندەم پێوە نەماوە..!!

دیارە سەردەمی منداڵی و گەنجایەتی خەیام هێندە بەلای خۆشبەختییەوە نەڕۆیشتووە، لە تەمەنی پیریدا دەستی گەیشتووەتە دەمی و ئەوەی لە رابردوودا بۆی نەگونجاوە لە پیریدا کە دەتوانی بە چنگ و بازوو باوەشی پێدادەکا و نەکا تەمەن مۆڵەت نەدا و هەندێك لە ئارەزوو و ئاواتەکانی نەیەنێتەدی.. لەم بابەتە چوارینانە زۆر دووبارە دەکاتەوە، هەر کتاوی چوارینەکان دەکەیتەوە و پەڕەکانی هەڵدەدەیتەوە بۆنی شەرابی جۆراوجۆر مەست و مەنگت دەکا.. هێندە لە لەزەتەوە باسی شەراب و خوارنەوە و سوودی خوردانەوە دەکا هیچ دەواو و دەرمانێکی پیاناگا، لە کتاوی نەورۆز نامەکەیدا لە لاپەڕەی (٦٠) لە رووی زانیاری پزشکییەوە سوود و قازانجی شەراب دەژمێرێت و بۆ شایەتیش ناوی بووعەلی سینا و محمەدی زەکەریای رازی دێنیّ و دەڵێت: ((هیچ شتێك بۆ لەشی مرۆڤ لە شەرابی ترێی تاڵ و ساف و رۆشن (شەرابی سپی) باشتر نییە دەرمانی لابردنی غەم و پەژارەیە.. تەواوی دانایان و زانایان دانیان بەوەدا ناوە کە ((شەراب)) گەلێك دەرد و پەژارە تیماردەکا)) ل ٦١، لە بەهەشتدا بەزم و رەزم و رابواردن زۆرە، شەراب خۆشترینیانە، رەنگە ئەم دوا رستەی لە رووی باوەڕ بە دوارۆژ و بەهەشت و دۆزەخەوە وتوویێت، لە کاتێکدا بە زەردەخەنەوە دەڵێت:

(گویند بهشت و حوض کوثر باشد)

خەیام هێندە لە مردن تۆقیاوە سایە و تارمایی مردن بۆ تاوێك دەستبەرداری نەبووە، لە ناچاریدا پەنای بردوەتە بەر مەی خۆی خەڵەتاندووە و ئەمڕۆی داوەتە دەست سبەی هەتا وەکو لە کاتی مژ پێوەنانی شەرابدا کاتێك لێوی بەسر لێوی دەفری قوڕینەوە بووە... دەفرەکە چپەیەکی بە گوێدا داوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەویش وەك ئەو وابووە و مژی ناوەتە بادەی نێو دەفری گڵینەوە. بەو هەموو ترس و لەرز و تۆقیانەوە کە هەستی پێکردووە و لە ئەوپەڕی نهێنیدا بەرنامە ڕێژی بۆ کودەتا و شۆڕشێکی سەرتاسەری بونیاتناوە تا لە پاشە ڕۆژدا پەرچەمدارانی تێفکرینەکانی تۆڵەی ئەو و خەڵکەکە بکەنەوە، بەرنامەی ڕاپەڕینی داناوە دژ بە ئایین.. دژ بە دانایان.. دژ بە زانیارانی ئایین و پەیڕەوانی خانەقا و تەکیەکان. ئەو گەیشتووەتە باوەڕێك کە ئەو چاوساقانە شڕە خۆرن، شان تەکێنن، کاسەلێسن، گۆبەندگێڕن! جگە لە سوودی خۆیان نەبێت بیریان لە هیچ نەکردووەتەوە، بەوانەوە ڕاناوەستێت دژ بە ئاسمان دێتە جۆش و خرۆش، بۆیە دەڵێم ئاسمان چونکە تەواوی ئەو ئایینانەی قورئانی پیرۆز باسی لێدەکات و ناویان دەبا لە ئاسمانەوە هاتوونەتە خوارەوە. خەیام سەربەرز دەکاتەوە ئاسمانی هەزار بە هەزاری پڕ لە جریوەی ئەستێرە دەبینی لە جێی ئەوەی کڕنوش بۆ دروستکەر و ڕازێنەرەکەی ببا لەگەڵ (ڕێکەوت)دا دەکەوێتە ململان و شەڕە قۆچ.. ئەو پێی وابووە (مرۆڤ) کە خوڵقاوە کەسێك لێی نەپرسیوە، هیچی نەزانیوە، هیچی نەدیوە، کە خۆی ناسیوە بە تەواوی هەستەوە بیر و لەش و ئەندامی پڕبووە لە حەز و چێژ و ئارەزوو و ئومێد. ئەگەر لە رووی نیازەوە ملکەچی ئارەزووەکانی بێت ڕەوا نییە سزا بدرێت، چونکە لە ئەزەلەوە ئەو کردەوانە.. ئەو تاوانانەیان لە چارە نووسیوە کە بیکا.. کە کردی بۆچ سزا درێت..؟ کەوا پەروەردگار مرۆڤی تاوانبار خوڵقاندووە مرۆڤی لە کۆمەڵێك ئارەزوو حەزی پڕ لە تاوان پڕ لە گوناح پێکهێناوە، ئاوا کەسێك بە زەحمەت خاوێن دەمێنێتەوە. ئنجا لە پەروەردگار دەکەوێتە بیرەوە دەڵێت: پەروەردگار بەخشندەیە. بەخشندەگی نیازی بە بەرانبەر نییە و بێ بەرانبەر دەبەخشێت، پەروەردگار یەك دونیا بەزەییە بۆچی لە تای تاواندا تۆڵەم لێدەکاتەوە؟

بەزەیی و بەخشین هەر بۆ گوناحکاران و تاوانبارانە، پیاوچاکان چ نیازێکیان بە بەخشین هەیە... لە کوفر و بێباوەڕیدا دەم دەگرێ و دەکەوێتە کێشانەی تاوانەکانی و بەخشندەگی پەروەردگارەوە و دەڵێت:

ایزد چو نخواست من خواسته ام
کی گردد راست انچه من خواسته ام



گر هست صواب انجه او خواسته است
پس جملە خطاست انجه من خواسته ام

کوردییەکەی:
خوا نەیویستووە من ویستمە وابێ
ئەوەی کە دەمەوێ و بمەوێ پێم ڕەوابێ
سەرجەم کەیل و کێشانەی هەڵە و تاوان بێت
لەوە دەڕوا تای تەرازووی تاوانم بێ تابێ
یان دەڵێت

ناکرده گناه در جهان کیست بگو
انکس که گنه نکرد چون زیست بگو
من بد کنم و تو بد مکافات دهی
بس فرق میان من و تو چیست بگو
کوردییەکەی:
کام کەس لە گێتیدا بێ جورم و تاوانە
زیندەگی بێ هەڵە و تاوان کەی ژیانە
من هەڵە و تاوان کەم و تۆیش سزام بدەی
باوەڕ بکە فەرقێکی وامان نیە لە نێوانا

چل بە چلەکانی خەیامت بەرچاوە..؟ دەنوڕای چۆن یەخەیەك بەردەدا و توند و سفت و سەخت یەخەیەکی تر دەگرێ و دەست وەبێن دەنا تاسنووری خنکاندن و تاسان.. ئینجا سەر هەڵدەبڕێت و ورد و ورد دەنواڕێتە شینایی ئاسمان و لە شەوی تاریکدا هەزاران ئەستێرە وەك بزمار بە ئاسمانەوە چەسپاون و لەو وردەکاری و دامەزراندن و کۆمەڵگایا نەسەری سڕ دەمێنێ و لە خۆی دەپرسێت دەستکردی کێیە ئەو زەرافەتە؟ ڕێکەوتە.. یان زەمانە..؟

زەمانە هەمیشە دوور بووە لە زەرافەتکاری و حەق و حەقیقەت، کەسانێکی وای سەرخستووە نەك هەقی ژیانی هەبێت خۆێنی بۆ گەڕۆڵی دەشێت، زەمانە ئازاد و ئازادیخواز کوژە. زەمانە نامەرد و خوێنخوار و دژە. زەمانە یەك دونیا بەهانەیە. زەمانە بێ مەودا و ئەندازە و کەیل و کێشانەیە. کەواتە

چەرخە.. چەرخی گەردوون..!! کام چەرخ؟ چەرخی دەسەمۆ و زەبوون، چەرخی زاڵم و کەوچ و کۆیلەسفەت، ئەگەر ((چەرخ)) بیتوانیبا تاوێك لە خول خواردن ئۆقرەی دەگرت هەناسەیەکی دەدا:

در گوش دلم گفت فلك پنهانی
حکمی که قضا بود زمن میدانی
در گردش خویش اگر مرا دست بدی
خود برهاندمی زسرگردانی

کوردییەکەی
فەلەك پێی وتم بە پەنهانی
برادەر ئەریٰ ئەوەی دەزانی..؟
ئەگەر بم توانیبا خول خواردنم
رادەگرت و ئاسوودە دەبووم لە سەرگەردانی..!!

خەیام تا پیر دەبێت تووڕەیی و ئاڵۆزی کەنەفتی پەرەتر دەستێنیٰ و هەر کە هەست بە لێواری گوڕو تیاچوونی هەتا هەتای دەکا و ئەو هەموو تەقالاو تێفکرینەی دەربارەی زەوی و ئاسمان و دەریا بوون و نەبوون بیٰ سەرئەنجام و بیٰ ئاکام بە رووی دەستییەوە دەمێنێت و دۆش داماو مەنگ و مەدهۆش کەسێك وەدی ناکاو پەنای بۆ بباو وەڵامی سەرگەشتی و بیٰ دەرەتانی خۆی لیٰ پرسێت... ئنجا لە خۆی دەپرسێت:

گەردوون گەورەی.. گەورەیە.. ئاسمان پان و پۆڕ و بیٰ بن و بێخە؟ وایە؟

ئەی من چی..؟ بۆچی هاتوومەتە ئەم جیهانەوە؟

بۆچی لێی وەدەر دەچم..؟ لە کوێنەوە هاتوومە و بۆکوێنە دەڕۆم..؟ ئەم رۆحە بۆ چ هاتووەتە نێو لەشمەوە و زۆر ناخایەنێت لێی وەدەردێت..؟ پەروەردگار ئەم هەموو گیانلەبەرە نازدارانەی هێناوەتە جیهانەوە.. بۆچی لەناویان دەبا..؟ وەك گۆزەسازێك بەدڵ و داو گۆزەیەکی خۆش و قەد و قامەت و بە ئەندازەی رەنگاورەنگ دروست بکا و لە پڕێیدا بە زەویدا و ورد و هانی بکا..

خەیام لە وردبوونەوەکەیدا بەردەوام و پەنا دەباتە زۆر هۆ و بەڵگە و پێی رازی نابێت و منداڵ ئاسا و رك لە شتێکی تر دەگرێت و لە جیاتی ئەوەی تێفکرینەکانی تۆزەکێك ئارامی و ئاسایشی پێببەخشێت دەستەوپارچەتر و دەست بە ئەژنۆ لێی دادەنیشێت..؟!



ئەوانەی باوەڕیان بەیەکتایی و مەزنی و بێهاوتایی پەروەردگار هەبێت، کەم جار ئاشوفتە دەبن و بیریان سەرگەردان و بێهەوارگە دەبێت.. خەیامێك پەرچەمی شۆڕشی دژ بە ئاین، دژ بە پەروەردگار، دژ بە زەوی، دژ بە ئاسمانی هەڵگرتووە، بیٰ گومان سەرگەشتەکی و بێئاکامی ناخ و دەروونی دەپلیشێنێتەوە هەرچەند عەقل و مەنتیق دەکاتە پرد و دەیەوێت بەسەریا بگوزەرێت. عەقل دەماسیٰ و مەنتیقیش لاڵ، بیٰ ئەوەی بگاتە نیاز کە حەقیقەتە، حەقیقەتێکی وا جگە لە سەرسوڕمان و ژانی سەرگەردانی نەبێت هیچی لیٰ ناگا بۆیە دەڵێت:

امدم باضطرارم اول بوجود
جز حیرتم از حیات چیزی نفرود
رفیتم با اکراه و ندانیم چەبود
ز این امدن و بودن و رفتن مقصود

کوردییەکەی
بیٰ پرس هاتوومەتە دونیاوە
گێژم و حەوت خوانم خستوەتە ئەولاوە
ناچار وا دەمنێرێتەوە.. هەمان
لەم هاتن و رۆیشتنە گێژم و سەرەم سڕماوە

ئەو ترسە گەورەیە کە وردە وردە لە بیر و قووڵایی ناخی خەیامدا گەورە بووە هەرچی راپەرین و ملهوڕی ئینکار و دوو دڵی و گومان و عەقل و مەنتیق هەیە هەر هەمووی لە ژێر سایەی خۆیدا داپۆشیوە، پەیوەستە رووخساری مردن و تیاچوونی لەبەرچاوە، هەر شەوێك لە ژیانی دەگوزەرێت بەو ئەندازەیە زووتر خۆی بەسەر تاتەشۆری تیا چوونەوە دەبینێت. ئیتر ئەو ژانە زنجیرەوارە، شەوێکی تر و رۆژێکی تر زەردەخەنەی رەش سواری مەرگیشی لەبەرچاو لاناچێت، دەیەوێت چوار چمکی لیٰ بەدارابکا و پرتاو بۆی دەرچێت دەکەوێتە بیری ئەندامی ئەو هەموو نازدارانە کە لە ژێر پای دان، ئەم هەموو لەش و لارە کە هەستیان پێدەکا، شەرمی کەللە و ئێسکێك دەیگریٰ کە رۆژگارێك تاجی زێڕینی لەسەر بووە، بە ناچاری پەنا دەباتەوە دەفر و لێوان و بادە کە دەم لەسەر لێوی دەفرێکی گڵێن دادەنا و مژ بە مەیەوە دەنا، هەست بە گەرمیی لێوێکی گۆشتنی نازەنینێك دەکا، گوڵ و گوڵزاری لائەفسووناوییە، لای وایە ریشووی

لە جەرگی نازدارانە چەسپیوە، قورِ شێلانی گۆزەسازانی لاتاوانە، هەنگاونانی لازەحمەتە، مەرگیش دەست بە یەخە لەو حەناوە راوەستاوە.. زەبوونانە پەی بە کورتیی ژیان دەبا لە شەوێکی مەستانە کورتتر، کە پیری بە تەواوی یەخەی پێدەگرێ، دان بەوەدا دەنێ گیانلەبەران بازیچەی دەستی کردگارن.. هەر یەکەیان رۆڵێکیان پێ سپێردراوە و سەرئەنجامەکەشی هیچە و بەرەو دۆڵ و هەڵدێرگای ئەبەدییەت.

سوپا و لەشکری خەیام سەرئەنجام شەڕ دەدۆڕێنێت، تەواوی راپەڕینەکانی خەیام.. بزووتنەوە و تێفکرینەکانی... کودەتاکانی لە یەخچاڵی زەمانا دەرچێت، کە دەبینێت تەواو تەقەلاکانی مۆڵەق نە لە زەوی دایە و نە لە ئاسمان پەنادەباتە بەر لاساری و بێ دەربەستی. تووڕە.. تەنگە چیکلدان.

کەون بە تەراوێلکە دادەنێت.. جیهان و ژیان پڕوپووچن. لە خۆڵەوە هاتووین و دەبینەوە خۆڵ، زیندەگی خەونێکی کورت و کەمە پڕە لە درۆ، لە فێڵ، لە زوڵم، لە کاسەلێسی، لە فشە و ترِقۆزی. پڕە لە چاکە و جوانی و زەرافەت و ناحەزی، هەر هەموو ئەوانە وەك یەك لەناو دەچن.. بۆ هەر کوێ برۆیت ئاسمان یەك رەنگە.

کەواتە ئەی مەیگێڕی بەخشندە! وەرە. لەو جامە پڕ شەراوی گوڵڕەنگەم بۆ تێکە تا بێتە مانای دەردی بێدەرمانی پیریمەوە.

خەیام لە سەرەتاسەری ژیانیدا داوی بۆ کەس نەناوەتەوە، شتێك باوەڕی پێی نەبووبێت نەی وتووە، نەکۆشاوە جگە لە خۆی کەسێکی تر بخەڵەتێنێت.

ئەمما برای کوردم!

دەنواڕی چ خەڵەتاندنێکی ئەفسووناوییە دوای هەزار ساڵ هەڵمی لێ هەڵدەستێ!. ئەوەش بابڵێین لەبەر نەشئەی (مەی) پەنای نەبردووەتە بەر مەی، یان بۆ بێزیانی ئایین باسی بێ ئایینی نەکردووە، بە هەر چوارلادا لە تەقەلادا بووە تا لە بەندیخانەی بیر و ئەندێشەی خۆی رزگاری بێت.

# شۆرەتی خەیام

تا لە ژیاندا بووە کەس وەك شاعیر نەیناسیوە، بۆ خۆیشی وای دەرنەخستووە! باوەڕناکەم لەبەر ئەوە بێت کە شوعەرای ئەو دەمە بە شایستەگییەوە ناو نەبراون و ئەوەی بە کەمایەتی بۆ خۆی زانیبێت!؟ بەڵکو ترسی لە چۆنیەتی شیعرەکانی بووە کە بکرێنە بەڵگەیەکی تیژ و زەق سەری تیا ببات.

ئەمما خەیام لە ژیانیدا لە هەموو جێگە و شوێنێکدا پەنجەیان بۆ درێژکردووە و پلە و پایەی زانیاری و رۆشنبیری بەچوارلادا بەربلاو بووە. بە گوێرەی نووسینی (سەمەرقەندی، زەمەخشەری و بەیهەقی) گەلێك نازناوی پێبەخشراوە و بەناوی جۆراوجۆرەوە ناوبراوە: وەك: ئیمام، حەکیمی جیهان، دەستووری فەیلەسوف، حجە الحق، ئەو ناوانەش پەیوەندییان لەگەڵ پلەی زانیاری و (إختصاص)ی خەیامدا هەبووە. هونەری پزیشکیی زانیوە، ئەستێرەناسین زانستی سروشتی باوباران، یاساکانی زمانی عەرەبی و زانستی ئیسلامی، گژوگیاناسین. هەریەکەش لەو زانستانە بۆ خۆی بەتەنیا بارمتەیە بۆ شۆرەتی کەسێك ئەگەر بە راستی تێدا لێزان بووبێت.

وەك لە پێشدا لە ترسی تۆمەتی بێدینی و زەندیقی رێی حەجی گرتووەتەبەر و لە گەڕانەوەدا لە شاری بەغدا گەلێك دۆست و یارانی زانیاری و بۆچوونەکانی خۆی لێ گلێر دەبێتەوە. ئەمما ترسی لە تۆمەتی زەندیقی وای لێدەکا دەرگا لە خۆی دابەستێ و گفتۆگۆ لەگەڵ کەسدا نەکانت. لە دەرباری سەلجووقیدا پلەوپایە و شۆرەتی خەیام جێگایەکی دیاری خۆی هەبووە... و بە ئەستێرەناسی سوڵتان ناوبراوە، کاتێك لە گەشتەکەیدا گوزەری دەکەوێتە شاری (بوخارا) خاقانی ئەو حەلە (شمس الملوك) لە تەنیشت خۆیەوەی دادەنێت.

دیسانەوە دێمەوە سەر نووسینەکانی (زەمەخشەری و سەمەرقەندی و بەیهەقی) ئەم سێ کەسە لەگەڵ سەردەمی خەیامدا هێندەیان نێوان نەبووە، هەرسێکیان بەهیچ جۆرێك باسی شاعیربوونی خەیامیان نەکردووە بە تایبەت (بەیهەقی) کە زۆر باس لە خەیام و زانستە جۆراوجۆرەکانی خەیامی کردووە، ئەوەی بەلایدا نەڕۆیشتووە شیعر و شاعیرییەتی خەیامە.



ئێمە دەڵێین یەکێك لە هۆیەگرنگەکانی شاردنەوەی چوارینەکانی ترس بووە، دووەمیان لەو حەلەدا سەیر نەکردنی شیعر و شاعیری بە چاوی رێزەوە، سێیەمیش زمانی ئەدەبی ئەو دەمەی رۆشنبیران و قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی ئەملاو ئەولاو دەربار و ئومەرا هەر هەموو زمانی عەرەبی بووە، فارسیی بە زمانێکی ئەدەبی نەزانراوە.

سەد سوپاس بۆ رۆشنبیرانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەدوارد ڤیتز جیرالدی کەڵە شاعیری ئینگلیزی. ئەگەر ئەو نەبوایە، ئەگەر ئەو بەو شیرینییە چوارینەکانی وەرنەگێڕایەتە سەر زمانی ئینگلیزی خەیامیش وەك سەدان بگرە هەزاران زانا و دانای رۆژهەڵاتی لەبیر دەچوویەوە، ئەو بوو بە هۆی شۆرەتی سەرەکیی خەیام لە تێکڕای جیهاندا، لە وڵاتانی رۆژئاوا زۆر کۆگا و یانەی جۆراوجۆر ناوی خەیامی لەسەرە زۆر ئەنجوومەن و کۆمیتە بەناوی خەیامەوە ناونراوە، یانەی عومەر خەیام لە شاری لەندەنساڵی ١٨٩٣ ز بڕیار دەدەن دوو دەستە گوڵ بە دیاری ببەن و بیخەنە سەر گۆڕی ڤیتز جحیرالد ئەو دوو دەستە گوڵە لە باخچەی کیو گاردنی Kew Gardens شاری لەندەندا پەروەردە کرابووە وەو لە تۆوی گولزاری سەر گۆڕی خەیام هێنرابوو.

هەر لەو رۆژەدا بەسەر گۆڕی ڤیتز جیرالدەوە چەندین چوارینەی خەیام دەخوێنینەوە و داستانی ئەو دوو دەستە گۆڵەش دەگێڕنەوە.

ئاغای سیمپسن Mr. Simpson کە لە لایەن رۆژنامەی ئیللوستREیتد لەندەن ینوز Illustrated London News لەگەڵ کۆمیتەی کۆتایی هێنانی ناکۆکیی سنووری نێوان ئێران و ئەفغانستان، نێردراوە دەڵێ: لە ساڵی ١٨٨٤ز گوزەری دەکەوێتە نزیکی نەیشاپوور و دەکەوێتە خولیای زیارەتی مەزاری خەیام، هەرچی دەکۆشێت شتێك لە خەیام لە باسی خەیام و لە پاشماوەی خەیام: ماڵ و تیرە و خزم و خوێش و قوتابخانە و کتاوخانە و... چووزانم ئەوەی بۆی بە خەیامەوە بێت سەرئەنجام بۆی دەردەکەوێ جگە لە گۆڕەکەی نیشانەیەکی تری ئەوتۆی لەو شارەدا بەجێ نەماوە.

ئینجا دەڵێ:

من و کۆمیتە هەر هەموو میوانی شاری ئێران بووین... ناسرالدین شای قاجار لە لایەن دەرباری قاجارەوە چاوساغێکیان وەگەڵ خستبووین بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبار و گیروگرفتمان، ئەو کابرایە تارادەیەك دەمی لە ئەدەبیات و شیعر و شاعیری دەکوتا کە نیازی خۆمم پێگوت کەوا دەمەوێت گۆڕی خەیام ببینم رایگەیاند کە دەزانێت گۆڕەکەی لە کوێدایە و بەڵێنی دا بمباتە سەر گۆڕەکەی دوای چەند رۆژێك بەرەو سەر گۆڕی خەیام وەڕێ کەوتین... هەر لە

دوورەوە گومەتێکی گەورە و بەرز و بڵندی ڕەنگاوڕەنگی پیرۆزەیی شانازی بە بینەر دەفرۆشت، لە دڵی خۆمدا سەد ئافەرینم هەنارد بۆ دەسەڵاتدارانی وڵات و ئەو میللەتە کە چەند بە هەوای دانا و لێهاتووانی خۆیانن و لە بیریان ناکەن، ئەو گومەتە بەرزو ڕیزەم بە سەرساممییەوە وەرنەگرت خەیام لەو شایستەترە و مافی ڕەوای خۆیەتی بەو شێوە نرخ و بایی بۆ دابنرێت.. ئیتر لەو بیرانەدا دەخولامەوە تا گەیشتینە تەنیشت (گومان) لەوێڕا پەیم بە هەڵەی خۆم برد و زانیم تیژ ڕۆیشتووم... ئەو گومەتە بەسەر ئیمامزادەیەکەوە بەناوی (محمد محروق) کە برای ئیمام ڕەزایە.

هەر لە بن دەستی هەمان ئیمامزادەدا گۆڕستانێکی پڕ لە دار و درەخت وەدی دەکرا زانیم گۆڕی خەیام یەکێکە لەو گۆڕانە و هونەری گوم نەبوون و سارا نەبوونی گۆڕەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئیمامزادەیە.

نەختێك بەناو گۆڕەکاندا گەڕاین کابرای چاوساق دەستی بۆ چوار دیوارێکی هەڕوژاو درێژکرد و وتی: ئەوەتا گۆڕی خەیام.

لە بن دیواری گۆڕی خەیامدا چەندین بنچکێ گوڵ، شان بە شان سەوز بووبوون.. ئەمما بەرەو وشك بوونەوە دەچوون. کەمێك لە تۆوەکانیم خستە ناو دەستەسرێکەوە بەهەوای ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان لە وڵاتەکەمدا ئەو تۆوە بچینرێت تا بووینە خاوەنی گوڵێك کە ڕەگی لە سەر دڵ و دەروونی خەیامدا ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕواوە و هەر وام کرد و ئەو تۆوانە و فەلسەفەی خەیام و سەر گۆڕی فیتز جیرالد.

هەمان ئەنجوومەن —ئەنجوومەنی لایەنگرانی خەیام- لە ساڵی ١٨٤٧ز نامەیەك دەنووسن بۆ شاری قاجار (ناصرالدین شاە) کە گومەت و مەزارێکی شایستە بەسەر گۆڕی خەیامەوە ئەنجامبدات... لە وەڵامدا دەڵێ: (ئێوە ئازادن و دەتوانن گومەت و مەزار بەسەر گۆڕی شاعیرانی ئێرانییەوە ئەنجامبدەن، ئەم هەنگاوەش من شاد و خۆشبەخت دەکا بەڵام بە پوول و پارەی ئەنجوومەنەکەتان نەك پارەی ئێمە).

کەسێکی وەك ناصرالدین شای قاجار کە بۆ خۆی دەستی شیعر و شاعیربوونی هەبووە و یەکێك بووە لە دەست ڕۆیشتوانی سەدەی نۆزدەهەم بەو چەشنە نرخ لە شاعیرێکی گەورە و بلیمەتی بەشەرییەت دەکرێت و دەبێتە مایەی ئەم بەسەرهاتە! هەڵبەتە ئەوە هیچ لە پلە و پایەی زانیاریی و بلیمەتیی خەیامی کەم نەکردووەتەوە تا بە ئەمڕۆ هیچ شاعیرێکی ڕۆژهەڵات و هیچ کتاوێکی ئەدەبی نەگەیشتووەتە شۆرەتی چوارینەکانی خەیام.



ڕەنگە لە کتاوی (هەزار و یەك شەوە)ش بەناوبانگتر بێت، لە ئینگلستاندا دەست وەبینی شکسپر دەنا، لە ئەڵمانیادا جێ بە (گۆتە) لەق و لە ڕوسیادا پوشکین دێنێتە لەرزین، لە وڵاتە عەرەبەکانیشدا (موتەنەببی) لەگەڵ ئەم هەموو ناو و شۆرەتە لە ڕووی چ ڕازوو ئەفسوونێکەوەیە؟ ئایا لە خەیام شاعیرتر لە وڵاتاندا وەدی نەکراوە...؟ یان لە ئێراندا لەو شاعیرتری تێدانەبووە؟ ئەگەر هەبوونە بۆچی شۆرەت و ناوباویان نەگەیشتووەتە داوێنی چیای بەرز و بڵندی خەیام...؟

لە کاتێکدا (حافظ) گەلێك لە خەیام شاعیرترە، غەزەلیاتەکەی دونیایەك هونەر و وردەکارییە.. یان سۆفیگەریی مەولانا جلال الدینی ڕۆمی یان ئەفسانەکانی فیردەوسی و شاهنامەکەی یان گوڵستانی سەعدی..؟! بێ شك ئەوانە هەر هەموو لە خەیام شاعیرتربوونە، شەیدایانی غەزەلیات گوم بوویی خۆیان لە دیوانی (حافظ)ی شیرازیدا دەدۆزنەوە. سەرسوپوردەکانی دونیای سۆفیگەری لە (مەثنە وی) مەولەویدا دەتوێنەوە یان هەنگامەوە بگرە و بەردەی پڕ لە ڕاز و مێژوو و ئەفسانەی شانامەی فیردەوسی هەر یەکە لەوانە تام و چێژی تایبەت بە خۆی هەیە، نیازێکی تایبەت بەراورد دەکا...

خەیام شیعری بۆ ئینسان وتووە، تەواوی گیروگرفتی مرۆڤ بەراورد دەکات و هەڵدەسەنگێت.. هەموو مرۆڤێك خۆی بە خاوەنی بۆچوونەکانی دەزانێت... تازە بەزمانێکی هێندە سادە و ڕەوان هەموو توێژێك وەك یەك هەست بە تام و چێژی دەکا هەتا وەکو نەخوێندەواران کە گوێ لەو چوارینانە بگرن هەستیان دەبزوێت. چ ئومی و چ خوێندەوار جاروبار دەکەوێتە بیرەوە لە کوێنەوە هاتووە و سەرەنجام بۆ کوێنە دەڕوا؟ ئەوی نیازی خەڵکە زۆرەکەیە لە چوارینەکانی خەیامدا وتراوە و پەنجەی خراوەتە سەر. ئەو نیازانە نیازی سەرتاسەری مرۆڤە تەرخانی هیچ توێژ و هیچ میللەت و هیچ ڕەگەزێکی تایبەت نییە.

تایبەتمەندیی خەیام و هەڵبژاردنی باسەکانی پەنجە لەسەر دانانی باسی ئاسمان و ئاین و هاتن و ڕۆیشتن و گوناح و تاوان و پەڕگرتنی لەبت و بتەوان زەردەخەنەی بێ دەنگی دەربارەی کاسەلێسیی زانایان و گەوجیی زۆرداران بۆ خۆی ئەوانە نیاز و ڕازی بیر و ئەندێشەی خەڵکێکی زۆرە.

ڕەنگە شێوەی شیکردنەوەی غەم و جیهانی ڕشبینی خەیام بۆ خۆی بەڵگەیەکی تری شۆرەتەکەی بێت.. ئەو هێندە ڕاستگویانە لە نائومێدی دەوێت، ئەو باسە بۆ خۆی دەبێتە پێش قەرەوڵی ئومێد و بەردەوامیی ژیان بەتەواوی کەمی و بۆنەهاتەکانیەوە.

خەیام نەك تەنیا تارمایی خستوویەتە سەر توێژێکی تایبەت یان بەتەنها خوێندەواران بەڵکو لە زۆر بابەت و لایەنەوە باڵی کێشاوەتە سەر شیعر و ئەدەبی کەڵە شاعیرانی ئەدەبیاتی ئێرانا وەك حافزی شیرازی و سەعدی و مەولانا جەلالەدەینی رۆمی و زۆری تری شاعیرانی گەورە و پایەبەرز، بەڵام نەك بەو پەردە دادڕییەی خەیام، نەك بەو دەست بەیەخە بوونەی خەیام... ئەوەتا (حافز) زۆربەی زۆری وشە و واژە و موفرەداتی خەیام بەکاردەبا بەڵام لە ژێر پەردەی دەروێشانە و مەکتەبی ئەدەبیاتی سۆفینیزمدا.

شەرابی خەیام و شەرابی حافز هەردووکیان شەرابن و لە ئاوی ترێ دروستدەکرێن و هەردووکیان وەك یەك مەستی و مەنگی دەدەنە بخۆرەکەی. کەچی حافز ئوستادانە و لێزانانە دەست بۆ بادە و مەی و گۆزە دەبا.. ناسکتر لە مەیگێڕ دەپارێتەوە، هەمان لێوی ناسك و لێوی گۆشتن هەڵدەمژێ کە خەیام تاسوی بووە، هەمان زۆلف سەری زۆلف، نیگار و گولزاری خەیامی بەکارهێناوە، ئەمما شەرمی لە دەست نەداوە، هێندە بە پێچ و پەناو هوشیارانە لە (محبوبە) نزیك دەبێتەوە تەنها چاوساق دەبینێت. دەفەرموو بزانە چ دەڵێ:

گر از این منزل ویران بسوی خانهء روم
دگر انجا که روم عەقل فرزانەروم
زاین سف گر بسلامت بوطن باز رسم
نذر کردم کەهم از راه بمیخانه روم

یان دەفەرموێت:
مادرس سحر در ره میخانه نهادیم
محصول دعا در ره جانانه نهادیم

یان دەفەرموێت:
بیا تاگل براقشانیم و می در ساغر اندازیم
فلکرا سقف بشکافیم و طرح نو در اندازیم
اگر غم لەشکر انگیزد که خون عاشقان ریزد
من و ساقی بهمسازیم و بنیادش بر اندازیم



دەڵێ: وەرن با دەوروبەر گوڵباران و لیوانەکانمان تازەکەینەوە و یەخەی ئاسمان دادڕین و بیروڕای تازە و نوێ گەڵاڵە بکەین، ئەگەر غەم و بۆنەهات موپاو لەشکری خۆی سازکا بۆ رژاندنی خوێنی ئاشقان.. من و ساقی ئەگەر دەست بە یەك کەین باوەڕ بکە ریشوو ریچەڵەکی لەبن دێنین.

سەعدیی شیرازی ئەویش پەیڕەوی بۆچوونەکانی خەیامە بەڵام بە شێوەی خۆی، وەك دەڵێ:
عجز نیست از خاك اگر گل شکفت
که چندین گل اندام در خاك خفت

واتا جێگەی سەرسامی نییە گوڵ لەناو خاکدا بڕوێن چونکە هەزاران گوڵەندام لە ژێر ئەو خوڵە دایە. یان دەڵێت:
سعدیا دی رفت و فردا همچنان موجود نیست
در میان این وان فرصت شمار امروز را

سەعدی وادەبینێ ئەمڕۆت لە دەست رۆیشت و سبەی لە گۆڕدا نییە، لە نێوان ئەمڕۆ سبەیدا ئەمڕۆ هەڵە و لە دەستی مەدە.

مەولانا رۆمی ئەویش بە شێوەی تایبەت بەخۆی ستایشی سۆفیانەی خۆی بۆ خەیام و توانا زانیاریی خەیام هەواڵە دەکا و بە رێز و حورمەتەوە ناوی دێنێت، جگە لەوانەی باسم کردن (فریدالدین عطار) و (ئیمامی غەزالی)یش جاروبار هەمان وشە و موفرەداتی خەیامیان بەکاربردووە.

غەزالی دەفرموێت:

چرخ فانوس خیالی عالمی حیران دراو
مردمان چون صورت فانوس سرگردان دراو

یان عطار دەفرموێت:
گرچو رستم شوکت زورت بود
یا چو بهرام در گورت بود

# بەرهەمەکانی خەیام

بەیهەقی دەڵێت:

(لە دوای ئەبو عەلیی سینا کەس نەگەیشتووەتە پلەی زانیاری و بلیمەتی خەیام).

شارەزووری دەڵێت:

(لە دوای (بوو عەلی سینا) عومەر خەیام نەیشاپووری بە زانیاری یەکەم دەناسرێت).

قەفەطی دەڵێت:

(لە زانیاریی ئەستێرەناسین و فەلەکیاتدا کەسی پێنەگەیشتووە).

عیمادەدینی قەزوینی دەڵێ:

(پەل و پایەی زانیاری (حەکیمی خەیام) لە زۆربابەتدا بەرز و بڵندە، بێهاوتا بووە تایبەت لە رووی بیرکاری و زانستی فەلەکدا).

ئیبنو ئەثیر لە کتاوی (کامل فی التاریخ)دا کە دەگاتە سەر باسی رووداوەکانی ساڵی ٤٦٧ك دەڵێت:

لە بنکەی ئەستێرەناسین و ئاسمان چاودێری کردندا کە لەسەر بڕیاری مەلیکشای سەلجووقی دروستکرابوو کۆمەڵێك زانیار و دانای تێدا گلێر کرابوویەوە وەك عومەری خەیام و ابو مظفری ئەسفەرازی و مەیموونی کوڕی (نەجیب)ی واسطی و کەسانی دی. ئەو کۆمەڵە زانیارە توانییان کاری گەورە و شایستە ئەنجامبدەن، یەکێك لەوانە (زیج)ی مەلیکشایی بووە.

هەروەها بەیهەقی دەڵێ:

خەیام لە زانستی پزیشکدا زەبردەست و بەتوانا بووە، سولتان سنجەری سەلجووقی لە منداڵیدا نەخۆش دەکەوێت و خەیام دەبەنە سەری کە دەیپشکنێ و ئەم دیو و ئەو دیوی دەکا لە وەڵامی (مجیرالدولە)ی سەرۆك وەزیراندا دەڵێت: (ژیانی لە مەترسیدایە).

ئەم قسەیە قوڵە رەشێکی کوێلەی دەربار گوێی پێوەدەبێت و دەیگێڕێتەوە بۆ سوڵتان، ئەویش ئەو قسەیەی لە بیرناڕواو تا دەمرێت خەیام دەبێزێنێت. هەروەها بەیهەقی دەڵێت: جگە لە زانستی پزیشکی لە بیرکاری و فەلەك و مێژوودا سەردەمدار بووە.



خەیام جگە لە چوارینەکانی چەندین شیعری بە زمانی عەرەبیش وتووە، با وەك زەمەخشەری بە رێکی و رەوانی دان و بە توانایی و بلیمەتیی خەیامدا نانێت بەڵام هەر باسی کردووە، دووان لەو هەڵبەستانە (قەفەطی) لە کتاوی (نزهة الارواح و روضة الافراح)دا بڵاوی کردووەتەوە و لەو دوو پارچەدا بۆچوون و هەناسەی (ابو علاء المعری) تێدا دیارە وەك فەرموویەتی:

اذا رجیت نفسی بمیسور بلغة
یحصلها بالکد کفی و ساعدي
امنت تصاریف الحوادث کلها
فکن یازماني موعدي او مواعیدی
الیس قضی الافلاك من دورها بان
تعید الی نحس جمیع المساع
فیا نفس صبرا فی مقیلك ربما
تخرّ ذراها بانتفاض القواعد

یان دەفەرمووێت:

ترین لي الدنیا بل السبعة العلی
بل الفلك الاعلی اذا جاش خاطري
اصوم عن الفحشاء جهرا وخیفة
عفافا و افطاري بتقدیس فاطري
فکم عصبة ضلت عن الحق فاهتدت
لطرق الهدی عن فیضی المتقاطر
لان صراطي المستقیم بصائر
نصبن علی وادي العمی کالقناطر

وەك وتمان خەیام چەندین کتاوی جۆراوجۆر تۆمار و نامەی جۆراوجۆری لێ وەجێ ماوە وەك:

١- تۆمارێك دەربارەی رۆشن کردنەوەی (جەبر و موقابەلە) کە سەرجەم ٥٢ پەڕەیە و لە لایەن زانیارێکی ئەڵمانییەوە بەناوی (وابیك) لە شاری پاریس لە ساڵی ١٨٥١ز لە چاپ دراوە.

٢- كتاوێك دەربارەی بیروڕای (ئەقلیدس) كە لە مۆزەخانەی ئەنجوومەنی كتێبە نایابەكاندا لە شاری لەندەن پارێزراوە.

٣- (زیخ)ی مەلیكشاهی.

٤- تۆمارێك دەربارەی سروشت، بەیهەقی و شارەزووری هەردووكیان باسیان لێكردووە.

٥- نامەیەكی درێژ دەربارەی هەبوون (الوجود) كە بە زمانی فارسی نووسیویەتی بۆ (فخرالملك)ی كوڕی موئەیدی نووسیوە، لەو دەستخەتە لە مۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە.

٦- نامەیەك لە وەڵامی سێ پرسیار كە لە لایەن محی الدین سەبرییەوە لە میسر بە ناوی (جامع البدائع) لە چاپ دراوە.

٧- تۆمارێك دەربارەی (كەون) كە بە باسێكی فەلسەفەیی لەقەڵەم دراوە.

٨- نامەیەك دەربارەی چۆنیەتی ساختە و دزی و فێڵ و فڕ لە كەیل و كێشانەی زێڕ و زیودا، لە موزەخانەی (گوتە) لە ئەڵمانیادا پارێزراوە.

٩- نامەیەك بەناوی (لوازم الامكنە) دەربارەی گۆڕانی وەرزەكانی ساڵە.

١٠- نامەیەك لە وەڵامی قازیی (ابو نصر محمد كوڕی عبدالرحیم النسوری)دا كە دەربارەی حیكمەتی پەروەردگار دەدوێت.

لە دواییدا (نەوروزنامە) كە لەم دواییەدا دۆزراوەتەوە و یەشتا هەر بە تەما هەیە كە كتاوی تری یا چوارینەی تری بدۆزێتەوە.

## نەورۆزنامە:

زۆر نییە نەورۆزنامەی خەیام دۆزراوەتەوە. برێكیش یەشتا پێیان وایە كە هی ئەو نییە و ئەو نەینووسیوە، لە رووی چ لێكدانەوە و هەڵسەنگاندێك ئەوەیان نازانم...

ئەگەر هیچ شك و گومانێك لەوەیدا نییە كە خەیام نووسیویە و زۆریش لە چاوساقان و تەمای سەرهەڵدان و دۆزینەوەی برێكی تری نووسینەكانی خەیامن و پێیان وایە ناكرێت و نەشیاوە بۆ دانایەكی وەك خەیام بەو تەمەنە درێژەیەوە هەر ئەوەندەی نووسیبە و تۆمار كردوویێت.. بە هەر حاڵ نەورۆزنامە كتاوچەیەكی دەگمەن و نایابە، پڕ لە بیروڕای سەیر و زانستی جۆراجۆر، بەگوێرەی پلەی زانیاری ئەو حەلە و ئاداب و نەریتی ئەو كاتە لە ریزی كتاوە نایابەكان لە قەڵەم دەدرێت.



لە نەورۆزنامەدا لێكدانەوەی مێژووی ئێران بەو شێوەی دەریخستووە هەستی ناسیونالیسمی خەیام وەدەردەخا كە چەندە غەم و خەفەت دەخوا بۆ رابوردووی پڕ لە زۆر و دەسەڵاتی میللەت و وڵاتەكەی، داستان و چیرۆكی زۆر، گفتار و كرداری شاو لێزانانی گەلەكەی، بیروڕای ئایینی میللەتانی ئێران لە پێش ئیسلامدا هەتا وەكو ئەفسانە و بیگرەو بەردەی میتالۆژیشی تیا گونجاندووە، بە داستانی نەورۆزەوە كە چۆن شاهەكانی ئێران بۆیان دەركەوتووە هەتاو دوو جۆر خول دەخوا و ساڵیش سەرجەم سێسەد و شەست و پێنج رۆژ و چارەگێكە. ناوی نەورۆز بۆ یەكەمین جار لە لایەن جەمشید شاوە دانراوە و بە دوای ئەودا شاكان و تەواوی سەر زنجیرەی دەسەڵاتی ئێران رۆژی نەورۆزیان لا پیرۆز بووە، بەوەوە راناوەستێ و دێتەسەر باوردۆخی چۆنیەتی ساختمان و بونیات نانی ساختمان لە لایەن شاهەكانی ئێرانەوە كە چەندە بە تاسە خەریكی ئەو كارە بوونە و ئەگەر ئەو شایە پێی تەواو نەكرابێت ئەوی دوای ئەو دڵگەرمتر بووە بۆ تەواوكردنی.

ئەیوانی كیسرا لە لایەن شاپوور (ذو الاكتاف)ەوە دەست پێكراوە و لە لایەن نوشین رەوان (نەوشیرەوان)ەوە تەواوكراوە هەروەها پردە چەند خوانەكەی (ئەندیمشك) ئینجا بە شێوەیەكی ورد و لەسەرخۆ دێتە سەر باسی ئاداب و نەریتی ئەو كتاوە چۆنیەتی فەرمانڕەوای دەسەڵاتدارانی كۆنی ئێران بەتایبەت تاج لە سەرانی ئێران و دەڵێت: شاكان لە زۆر گوناح و تاوان و كرداری ناپەسەند و نابەجێیان بەخشیوە و تاوانبار یان سزا نەداوە، ئەمما لە سێ تاوان چاوپۆشییان نەكردووە و توند و تیژی و سفت و سەختیان نواندووە:

یەكەم: ئەوانەی رازی شاهیان ئاشكرا كردووە.

دووەم: ئەوانەی جنێویان بە ئیزەدان و پەروەردگار دابووبێت.

سێیەم: ئەوانەی لە كاتی پێویستدا فەرمانیان ئەنجام نەدابێت و نا فەرمانیان لێوەشابێتەوە.

ئینجا خەیامی دانا و سەرگەشتەی زەمان وردە وردە لە سەرخۆ دێتە زمان و دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

لە یەكەمین رۆژی نەورۆزدا گەورەی (مووبەدان) واتە مووبەدی مووبەدەكان بەجل و بەرگی رازاوەوە بەچەندین جۆر دیارییەوە بەرەو دەربار وەرێ دەكەوێت.. بۆ یەكەمین جار ئەم ئاهەنگە لە لایەن كەیخوسرەوەوە دەستی پێكردەوە و تا دواشای زنجیرەی ساسانییان یەزدوگورد بەردەوام بووە.

پیرشالیاری ئایینی و سەربن نشینی كۆڕ و كۆمەڵی پیاوانی ئایینی زەردەشت مووبەدی مووبەدەكان بە دیارییەكانییەوە دەگاتە حزووری شا. كاسەیەك زێڕینی پڕ لە مەی،

ئەنگوستیلەیەك، یەك دیناری شاهی خوسرەوانی، چەپكێك گوڵە جۆی پێ نەگەیشتوو (شیرە)، شمشێرێك، تیروكەوانێك، پێنووسێك، ئەسپێك، بازێك و كوڕێكی جوانكیلە.

بەدوای دیاریی گەورەی مووبەدەكاندا، دەسەڵاتداران و پیاو ماقووڵانی سەرتاسەری وڵات هەر یەكە بە گوێرە و توانای خۆی دیاری پێشكەش دەكەن و سەری سەرسەپەردەگی دادەنوێنن، ئینجا باسەكانی خەیام دێتە سەر بیروڕاو بۆچوونی خۆی و دەڵێت: (تا پێش دەسەڵاتی جەمشید مرۆڤ هیچ جۆرە ئاگادارییەكی دەربارەی كانەكانی ژێر زەوی نەبووە، نە ئاسنی ناسیوە و نە زیو و نە زێڕ، لە سەردەمی جەمشید شاوە پەیان بە كانی ژێر زەوی بردووە و ئەو دۆزینەوەیە بووەتە هۆی پەرەسەندنی هێز و دەسەڵات و بەربڵاوی توانا و ژیان. ئینجا دێتە سەر باسی زێڕ و سوودی زێڕ دەڵێت:

زێڕ بە ڕۆشنایی چاوشادكەرەوەی دڵان دەژمێردرێت پیاو ئازا دەكا، زانیاریی زۆرتر، روخسار گەشاوەتر و گەنجایەتی بەردەوام و بیر و هۆش بەربڵاوتر و پیری وەدوا دەخا، ژیان بەختەوەر و بەلای خەڵكەوە رێزدار و خۆشەویست دەكا. ئینجا دەڵێت: (ئەگەر منداڵێك لە جامی زێڕینا شیری بدەتێ ئەو منداڵە قسەزان و خۆشەویست و لەش و ئەندامی بەهێز و چاوتێر دەبێ، ئەگەر ئاڵقەیەكی زێڕێن لە پێی باز بخرێت ئەو بازە لە راودا ئازاو تیژ و چالاكیی چەندین بەرانبەر دەبێتەوە.

ئەگەر لەش و ئەندامی مرۆڤ یان هەر شتێك بە شمشیری زێڕ یان بە زێر بریندار بكرێت زامەكەی زۆر زوو پەیوەست و شوێنەكەی هەر دیاری و دەمی ناچێتەوە یەك... جا باكچان و ژنانی دەوڵەمەندان گوێچكەی منداڵەكانیان بە سووزنی زێر كون كەن تا كونكەی سارێژ نەبێتەوە، ئەگەر لە گۆزە و كووپەی زێر ئاو بخورێتەوە ئەو كەسە تووشی نەخۆشیی سك پەنەمان نابێت... هەروەها خەیام دێتە شان و با هووی زێڕ و سوودی زێڕ و پلەوپایەی زێڕ بێ ئەوەی باسی ئەوانە بكا رەنگە لە خەونیشدا زێڕ بە چاونەبینن و لە لەشیشیان نەخشابێت، بەو حیسابە هەرچی بەدبەختی و نەخۆشی و بێدەسەڵاتی هەیە لە نەبوونیی زێڕە، مام خەیام باس دەگۆڕێ و دێتە سەرباسی كان و توێژەكانی كانی ژێر زەوی و دەفەرمووێت: لەسەر هەر زەوییەكدابێ بەڵگە ئەگەر ئاو مایەوە و نەرۆیشتە خوارەوە و گلێر بوویەوە بزانە ژێرەكەی كانی تێدایە.. یا دوای بەفربارین لە هەندێك جێگەیدا بەفر نەمایەوە بزانە ژێرەكەی كانە... یا ئەگەر پەلێك لە پەلوپۆی دارێك خودسەرانە دوور لە پەلوپۆكانی تر بە لایەكی تایبەتدا روا بزانە ئەو دارە بەسەر كانەوەیە!



## چیرۆك (١)

رۆژێك (نوشین رەوان) —نەوشیرەوان- دەیەوێت سەروپشتی بتاشێت، لە كاتی سەرو ریش تاشیندا كابرای سەرتاش دەڵێ: شای شایان، كچەكەتم بدەیە مارەی بكەم.. كارێكی وا دەكەم بەسەر دوژمنەكەتدا كە قەیسەری رۆمە زاڵت دەكەم. نەوشیرەوان سەری لە ژێر چەقۆی سەرتاشدا دەبێت هیچ ناڵێ و خۆی پێ رادەگیرێ دوای سەرتاشین دەنێرێتە دوای سەرەك وەزیری بەناوبانگ و داناو لێزان (بوزەر جەمهەر)دا وتەی سەرتاشەكەی بۆ دەگێڕێتەوە... ئەویش دەنێرێتە دوای سەرتاشاو پێی دەڵێت: چیت عەرزی شا كردووە؟.

لەوەڵامیدا دەڵێت: هیچ.

بوزەر جەمهەر فەرمان دەدا لە كاتی سەرتاشینی شادا سەرتاش لە كوێدا راوەستاوە زەوی هەڵكەنن. هەروا دەكەن گەنجینەیەكی پڕ لە زێری فراوان دەدۆزنەوە.

دیسانەوە خالۆ خەیام لە داستان سەراییدا بەردەوامە و دەڵێت:

هاوڕێیەكەم هەیە راستگۆیە و باوەڕم بە قسەكانیەتی بۆی گێرامەوە وتی: لە شاری بوخاردا ژنێكی شێت و ئاوارە لە كۆڵانەكانی شاردا دەگەڕاو خەڵكەكەش سەریان دەخستە سەری، رۆژێك لە ماڵێكدا جلوبەرگی جوان و زێڕ و خشڵێكی فراوانی لەبەر دەخەن و دەیڕازێننەوە و پێی دەڵێن وا بەشووی دەدەن، ژنەكەی خۆی بەو زێڕ و زیو و خشڵ و بەرگەوە دی شێتییەكەی لەسەر پەڕی و هاتەوە سەرخۆی و بوو بە ئافرەتێكی سروشتی.

ئنیجا مام خەیام هەروا داستان و چیرۆكی سەیرترمان بۆدەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەگەر گەورە پیاوان لە كاتی دروست بوونا لەگەڵ خێزانیانا پشتوێنی زێڕنیان لە پشتدا بێت دەبنە خاوەنی كوڕێكی بەتوانا و جوان خاس و زیت و زیرەك و چاكتریشە پارچە زێڕێك بە بێشكەی منداڵەوە ببەستین كاتێك لە بێشكەو گڕوگاڵدایە.

هەروا لە چڵێكەوە دەپەرێتەوە سەر چڵێكی دی و هەر سەیر و سەمەرەیە و دەیگێڕێتەوە دەڵێت: ئەنگوستیلە (كلكەوانە) رۆڵ و هەیبەتێكی فراوانی هەیە لەسەرتاسەری ژیانا بۆ ئەوانەی كە لە پەنجەی دەكەن، بێ گومان ئەنگوستیلە شتێكی جوان و پەسندە، نەشیاوە گەورە پیاوان و دەمڕاسان لە پەنجەیاندا نەبێت.. خەیام پێی وایە یەكەمین كەس ئەنگوستیلەی لە پەنجەی كردووە و بەكاری هێناوە جەمشید شابووە.

بەكارهێنانی ئەنگوستیلە نیشانەی دەمڕاسییە، ئەوەی دەمڕاست و ئازابێت بەخشینی لێ دەوەشێتەوە، مرۆڤی بەخشندەش دەگاتە پلەی دەسەڵات و توانا.. نامەیەكی مۆركراو گەڵێك لە

نامەیەکی بێ مۆر و بێنیشان پەسەندترە. حەزرەتی سلێمان ئەنگوسیلەکەی گوم کرد، زۆر لە دەسەڵاتیشی لەگەڵ لەناوچوو، کاتێك پەیامبەری خوای (محمد) سەڵاوی خوای لێبێت نامە بەناوبانگەکەی بۆ (یەزدگورد) نووسی مۆری پێوە نەبوو ئەویش گەوجانە نامەکەی دڕیوە و وتوویەتی: نامەی بێ مۆر وەك سەری بێ کڵاو وایە.

زانایان وتوویانە شمشێر و پێنووس هەردووکیان لە خزمەتی ئەنگوستیلەی شاە دان. جۆری ئەنگوستیلەش فراوانە، بەڵام شاکان هەردوو جۆریان بەکاربردووە و نگینی ئەنگوستیلەکانیان یان یاقووت بووە یان پیرۆزە. یاقووتیش جگە لە ئەلماس بە هیچ شتێکی تر لە تراش نادرێت. دەگێڕنەوە پەیامبەری ئیسلام (سەڵاوی خوای لێبێت) لەشەڕی خەندەقدا ئەنگوستیلەیەکی لە پەنجەدا بووە نگینەکەی یاقووت و دوو هەزار دینار نرخی بووە.

دووەمیان پیرۆزە کە هەڵگرەکەی لە چاوپیسان دەپارێزێت و خەونی هەڵەجە و بەڵەجە (کابوس) نابینێت.

## چیرۆکی (٢)

ئەسکەندەری مەکدۆنی پێش ئەوەی جیهان بگرێت خەونی سەیرسەیری دەدی، لە یەکێك لەو خەونانەدا دەبینێت ئەنگوستیلەکی لە دەستیدایە نگینی بەسەرەوە نییە کاتێك خەوەکەی بۆ ئەرستۆ دەگێڕێتەوە بۆی لێکدەداتەوە کە ئەم جیهانە دەگرێت و وەچنگی دێنێ، بەڵام بۆ خۆت هیچ سوودێکی لێ وەرناگریت.

هەروا دەگێڕنەوە رۆژێك یەزدگورد دوا شای ساسانی ئەنگوستیلەیەکی لە پەنجەدا دەبێت تیرێك دێ و دەدا لە نگینی ئەنگوسەیلەکەی دەشکێنێ، کەسێك نەیزانی ئەو تیرە لە کوێنەوە هات و کێ هاویشتی؟.. وەك زانراوە تاج و تەختی خرایە ژێر سمی ئەسپی سوپای ئیسلام.. سەرئەنجامێك ئاشەوانێك کوشتی.

دیسانەوە خالۆ خەیام لە شەکرباراندا بەردەوامە دەڵێت: محەمەد ئەمین کوری هارونە رەشیدی خەلیفەی عەباسی لە نزیکی حەوزێکدا دانیشت و ئەنگوستیلەیەکی لە پەنجەدا دەبێت و پەیوەستە لە پەنجەدا سووری دەدا و ئەم بەیتە شیعرە دەخوێنێتەوە:

نفلق هاماً من رجال أعزة
علينا و هم كانوا اعقّ و أظلما



لەو کاتەدا یەکێك لە کەنیزەکانی تووڕە و ئاڵۆز دەبێت، هیچی بەدەستەوە نابێت تێگرێت ئەنگوستیلەکەی تێدەگرێت. ئەنگوستیلە دەکەوێتە ناو حەوزی مەڕمەڕەوە هەرچەندە بۆی دەگەڕێن، ئاوەکەی خاڵی دەکەن، ئەنگوستیلە نادۆزنەوە، لە نزیکی هەمان حەوزدا (طاهر)ی کوێر سەری دەبڕێت!

نەرۆژنامە پڕ لە داستان و رووداوی تام و چێژدار تا بە وردی پەڕەکانی هەڵدەیتەوە زۆرتر گیراو پەسەندتر دێتە بەرچاو، ئەگەرچی زانستی ئەو حەلە بە گوێرەی پەلی زانیاری ئەمڕۆی مرۆڤ شتێکی ئەوتۆ نییە ئەمما خوێنەر دەخاتە بیرکردنەوە.. خەیام وەك دوو برایەکی تیژباڵ بە لوتکە لە فڕین دایە و بە گوێرەی زانستی ئەو حەلانە گەلێك لە پێش و وردەکارتر بووە... بەو پەڕی لێزانییەوە زۆرشت هەڵدەسەنگێنێ و دەیخاتە بەرچاوی خەڵکی ئەو دەمە کە زۆر لەو قسانە بەلای نەخوندەواران و کۆلکە زانیارانەوە بەتاوان دەزانرا.. ئەو مورشیدانە وەك پیرێکی رۆشنبیر و نەترس زانیارییەکانی روون کردووە..

خەیام دێتە سەرباسی گوڵە جۆی تەڕ و نەگەیشتوو دەڵێت: شاهەکانی ئێران پەیوەستە پێگەیشتنی گوڵی جۆیان بە فاڵی خۆشبەختی زانیوە و بە نیشانەی ناو و بووژانەوەی خەڵکی برسی و بەسەرچوونی زستان، بۆیە مووبەدی مووبەدان بە دیاری بردوویەتی بۆ شای وەڵات. ئینجا دەڵێت: جۆ نانە و جۆ دەرمانە. بۆیە زۆربەی زۆری پیاوچاکان نانی جۆیان بە خواردنی سەرەکیی خۆیان داناوە، پەیامبەری ئیسلام فەرموویەتی: نان نانی جۆیە، هەر کەسێکی پێ قانیع بووە و تێری پێخوارد بەختەوەرە. وەك دەزانین خواردنی دڵخوای پەیامبەران بووە. نانی جۆ خوێن پاك دەکاتەوە. گەلێك درم و نەخۆشی لە لەش و بەدەنا لەناو دەبات و دەبێتە ریشەکەندنی بیست و چوار جۆر نەخۆشی. دانایانی عیراق ناوی جۆیان ناوە (ئاوی پیرۆز) ئینجا مامە خەیام دەکەوێتە ناوهێنانی ئەو نەخۆشییانە کە جۆ لە ناو دەبات: کۆکە، گرانەتا، تای دەم دەم، دڵتەنگی، سیل، بۆ جەرگ باشە، بۆ وشکیی گەدە و ریخۆڵە، تینوویەتی دروێنەی بەردەوام لەناو دەبا، بۆ پاراستنی هێلکەی گون لە درم، سافی سینە، دەردی بندەست، کارکردنی گەدە و جگەر، پەیوەست بوونی پیشە و پەلوپۆ، یان بۆ لەجێ چوونی دەست و پێ و جومگە، بۆ چاك بوونەوەی سووتان، بۆ نەخۆشیی (نەقرەس)، کرم کوشتنی نێو گەدە و ریخۆڵە و زۆر شتی تر.

ئەورۆکەش ئەمە سەڵمێندراوە کە نانی جۆ گەلێك لە نانی گەنم سوودبەخشتر و بەرەواجترە، لە زۆربەی کۆگا و رستورانەکانی جیهاندا نانی جۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر داناوە و بەستەبەندیش کراون نرخەکەشی لە نانی گەنم گرانترە... ئەم سوودبەخشیی جۆیە

وتەی یەکێك لە هاوڕێیەکانم دەخاتەوە بیر کە وتی: خوایە!.. ئاوی جۆی (بیرە) ئەوەندە خۆشە داخۆ خودی جۆ چەندە خۆش بێت..؟ منیش لە وەڵامیدا وتم: کە ئەوەندە کەر نییە ملیۆنەها ساڵە بەو شێوە عاشقی زاری جۆیە، خۆ لە رووی کەریەتەوە نییە و نەبووە بەو شێوە لە حەزەکەیدا بەردەوامە.. ئەگەر رات لەسەر بێت هەر ئێستا دەڵێم شەڵتانێکت بۆ بێنن و سەری تێنە..!

## چیرۆك (٣)

بیستوومە (هورمز) شا باوکی خوسرەو (یەکێکە لە شایەکانی ساسانییان) رۆژێك بەلای پارچەیەك جۆی سەوزدا دەگوزەرێت، ئاوڕ لە پاینەکەی دەداتەوە و ئاوی لێ وەدەردێت.. دەڵێت: بڕۆن جامێك ئاوم لەو ئاوە بۆ بێنن تا بیخۆمەوە، کە خواردییەتی وتی: ئەو ئاوە پیرۆزە و شیفا بەخشە، ماندویی وەدەردێنێت، ئاسایش دەبەخشێت و تەندروستی مرۆڤ تا ساڵی داهاتوودا دەپارێزێت.

هەروەها دەڵێت: حەزرەتی ئادەم لەبەر ئەوەی لە بەهەشتدا گەنمی قەدەغەی خوارد لە بەهەشت وەدەرنرا.. پەروەردگار گەنمی کردە خۆراکی هەرچی دەیخوارد تێری پێ نەدەخوارد، شکاتی خۆی گەیاندە پەروەردگار، خواوەند (جۆ)ی بۆ نارد و کردییە نان و خواردی و ئازا و تێر بوو.

ئینجا مام خەیام دێتە سەر باسی شمشێر، شمشێر پاسەوانی دەسەڵاتە، پارێزەری وڵاتە، ئەگەر شمشێر نەبێت شیرازە تێکدەچێت، مرۆڤ بە نرخترین گەوهەرێك لە دڵی زەوییەوە وەچنگی هێناوە (ئاسن) بووە، جەمشید شا لە ئاسن شمشێری سازان. زۆر چاك جوان و زەریفە بە دەست و ئەندامەوە بەڵام هیچیان ناگاتە پێکەوتنی شمشێرا، ئەم جیهانە بێ ئاسن وەك گەنجێك وایە بێ پیاوەتی، بەرژەوەندی سەرتاسەری مرۆڤ و گەلان و رەگەزەکان لە ترس و ئومێدایە زۆر کەس شمشێر دەوەشێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئاواتەکانی زۆر کەس خۆی لە شمشێر دەپارێزێت تا سەری تێدا نەچێت هەروەها پەیامبەری ئیسلام سەڵاوی خوای لێبێت فەرموویەتی: دەرکەوتنی بیروڕای ئیسلام ئاوڕای شمشێربووە، ئینجا لالۆ هۆمەر وردتر دێتە باسی شمشێر دەڵێت: ئازایی و خوێن هاولف و دووانەن، پیاوی ئازا تا خوێن زۆرتر برێژێت بێ باکترە و ئازاترە.. ئەمەش چەند جۆر نێوی شمشێری باشن:- یەمانی، هیندی، قەلعی، سلێمانی، نەسیبی، مەریخی، موار، بەحری، دیمەشقی، میسری، حنیفی، و قەراجوری.



خالۆ خەیام لە شمشێرەوە دێتە سەرباسی تیروکەوان.. لە سەرەتاوە دەڵێت: پەیامبەری ئیسلام (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (علموا صبیانکم الرمایه و السباحه) —منداڵەکانتان فێری مەلەکردن و تیر و کەمان هاوێژتن بکەن.

یەکەمین کەسێك تیروکەمانی بەکارهێنا (کیومەرث) شا بوو کە لە دارکەمانەکەی و لە پێشەش تیرەکەی دروست کردبوو بە دوای ئەودا (ئارەش) —ئارەشی کەمانگیر) بە دوای ئەودا بارامی گۆڕ کە کلکی پەیکانەکانی چوار پەڕە لێکردبوو کە دەیهاوێشت گیزەی دەهات.

## چیرۆك (٤)

لە سامی نەریمانیان پرسی ئەرێ ئەی هەمیشە سەرکەوتوو و سالار نیشانەی رازاوەیی سوپا و لەشکر لە چییدایە..؟ لە وەڵامدا وتوویەتی: شەڕکردن بە تیروکەمان.

دەڵێن رۆژێك لە راودا بارامی گۆڕ کە بەلای نوعمانی کوڕی (مونذیر)ەوە دەبێت دوو باڵندە بە ئاسمانەوە دەبن لە یەك ساتدا هەردووکیان بەردەداتەوە خوارێ. نوعمان پێی دەڵێت: ئەی کوڕی شا! تا جیهانە تیر هاوێژێکی تری وەك تۆ بە خۆیەوە نابینێت.

خەیام لە باسی تیر و کەمانەوە دێتە سەر (پێنوس) و دەڵێت: زانایان پێنووسیان بە ئارایشگەی توانا و دەسەڵات داناوە، پێنووس بزیسکەی لەیەکدانی بەرد بۆ پۆڵایە، سەرئەنجام رۆشنایی هەڵگیرسێنە.

دەگێڕنەوە شایەکی ملهوڕ و شەڕەنگێز یەکێك دنێرێتە سەر شایەکی تر و بە پەیکەکەی دەڵێت: ئەم شمشێرەی دەدەیتێ و هیچ ناڵێیت. کابرا دەڕوا هەروادەکا کە شا فەرمووی بوو.. شا کە شمشێری رووت لەبەر دەستی خۆیدا دەبینێت بە وەزیرەکەی دەڵێت: وەڵامی چی بدەینەوە..؟ وەزیرەکە پێنووسێك دەداتە پەیکەکە و دەڵێت: وەڵامی ئەو شمشێرە ئەم پێنووسەیە بیدە بە شاکات.

شای ملهوڕ لە وەڵامەکەی بە وردی تێدەگا کە پێی دەڵێت زانیاری و زانست گەلێك لە شمشێر پێویستترە، بۆ بەردەوامیی دەسەڵات.

خالۆ خەیام واز لە پێنووس دێنێ و دێتە سەر باسی ئەسپ و زەرافەتی ئەسپ و دەڵێت: هیچ جوانییەك لە رەگەزی چوارپایاندا ناگاتە جوانی و قەوارە و (تناسب)ی لەشی ئەسپ. (لە لایەن ئەناتومی ناسانەوە دوای جوانی و (تناسب)ی لەشی مرۆڤ ئەسپ پلەی دووەمە).

پەیامبەری ئیسلام (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (الخیر معقود فی نواصی الخیل) واتا پیت و بەرەکەت بەناو چاوانی ئەسپەوەیە. لە کۆندا لە ئێرانا بە ئەسپیان وتووە (باگیان). ڕۆمییەکان وتوویانە (باپا)، تورك وتوویە (هەنگاوند). عەرەب وتوویەتی (بوراق)ی سەر زەوی.

کەیخوسرەو شای ساسانی وتوویەتی: لە دام و دەستگا و دەسەڵاتمدا هیچ شتێکم بە ئەندازەی ئەسپ لا گرنگ و خۆشەویست نییە. خوسرەوی پەروێز کاتێك (شەودێز)یان هێنا تا سواری بێت (شەودێز ئەسپە بەناوبانگەکەی خوسرەوی پەروێز بوو کە لە هەنگامەی شیرین و فەرهادا ناوی هاتووە) پێش ئەوەی سواری بێت وتوبووی: ئەگەر مرۆڤ بەلای پەروەدگارەوە جێگەی ڕێز نەدەبوو ئەم جیهانەی پێنەدەبەخشی و لە ئەسپ باشتر نییە بۆیە ئێمە سواری دەبین چونکە ئەسپ سەرپۆپەی چوارپایانە.

وتراوە ئەوەی ڕێزی ئەسپی لانەبێت بەبێ ڕێزی و بێحورمەتییەوە سەردەنێتەوە! ئیمامی عەلی فەرموویەتی: (ما خلق الله الفرس الا لیعتز به الانسان و یذل به الشیطان).

واتا پەروەردگا ئەسپی خولقاندووە، لەبەر خۆشەویستی مرۆڤ و سەرشۆڕی شەیتان.

عەبدوڵای کوڕی طاهیر وتوویەتی: (رکوب الفرس احب الیّ من رکوب عنق الفلك). نوعمانی کوڕی مونذیر وتوویەتی: (الخیل حصون رجال اللیل ولولا الخیل لم تکن الشجاعه اسماً یستحق به الشجاع) واتا ئەسپ قەڵاو شوورەی پیاوانی شەوە، ئەگەر ئەسپ نەدەبا ئازایی نەدەبووە نێویکی پەسەند و پێکەوتوو بۆ ئازایان).

خەیامی بلیمەت لە باسی ئەسپەوە دێتە سەر باسی (باز) و دەفەرمووێت: باز هاوراز و دەمسازی شاو گەورە پیاوانە.. بۆ خۆیشی بەشای باڵندەکان دانراوە. هەڵۆ لە باز گەورەترە بەڵام ناگاتە خوو و خسلەتی بازا، باز هاوڕێ و هاوڕای شاکانە. دەڵێن: ئەگەر بازێك ڕووی بەلای شاوە چەرخان ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شایە بە زوویەکی زوو وڵاتێکی تر دەخاتە ژێر چەپۆکییەوە، ئەگەر لە کاتی فڕیندا سەری بەرەو خوار گرت ئەو کارێکی دڵتەزێن دێتە سەر شا، ئەگەر لە ئاسمانا لەگەڵ بازێکی دیدا بەشەڕ بێت ئەوە شەڕێکی خوێناوی ڕوو دەدا.

دەڵێن: ماهان شایەکی گەورە و زۆرزان و هوشیار بوو ڕۆژێك چاوی لێ دەبێت بازەوانەکەی بازەکەی بەسەر دەستەوەیە و بۆ خۆیشی ئاو دەخواتەوە.. فەرمانیدا سەد قەمچی لێبدەن. کابرا هەرچەند ناڵاندی کە زۆری تێنوو بووە بێ سوود بوو.. تا شا رایگەیاند



کە باز هاودەمی شایە، هاوڕاوی شایە، نەشیاوە تۆ ئەوەندە بێ ڕێزانە لێی بنواریێ. ئەو قەمچیانەت نۆشی گیان بێت.

پاشان مامە خەیام دانا و زانای زەمان دێتە سەر باسە (حەیاتەکەی) کە باسی شەراوە. وادەست پێدەکا: دانایانی مێژوو (جالینۆس، سوکرات، یوکرات، بووعەلیی سینا، محمدی زەکریای رازی) وتوویانە لە شەراو سوودبەخشتر نییە و نەبووە بۆ لەش و ئەندامی مرۆڤ، بەتایبەتی شەراوی ترێی تاڵ و ڕۆشن و ساف. ئەم جۆرە شەراوە غەم و پەژارە لە دەروونا لەناو دەبا، ئینسانیش قەڵەو و خواردنی قورس و ئاسان شی دەکاتەوە، ڕووخسار سوور، پێستی لەش ئاودار و ڕۆشن، هوشیاری زۆرتر دەکا. چاوچنۆك بەخشندە و ترسنۆك ئازا دەکات.

شەرابی تێکەڵ: بۆ ئەوانەی ژانە سەریان هەیە و مەنگ و خومارن ئارام بەخشە، بەڵام سك دەپەنمێنێت. ئەگەر لەگەڵ گۆشت و بەهاراتدا بخورێتەوە باشترە.

شەرابی ترش: بۆ ئەوانە باشە گەدەیان گەرمە بەڵام توانای پیاوەتی کەم دەکاتەوە لەگەڵ شرینی بخورێتەوە باشترە. شەرابی ژێر تیشکی هەتاو لە هەرچی شەراو هەیە گەواراترە، سافیی خوێن دەگۆڕێت، لەگەڵ ڕێواس و سماق و هەناردا بخورێتەوە ئەو ئازارەی نابێت.

شەرابی مێوژ: ئەگەر زۆر تێکەڵ نەکرابێت خراو نییە، ژانەسك پێکدێنێ، باشترە لەگەڵ خەیاردا بخورێتەوە.

شەرابی خورما: لەش قەڵەو دەکا، تام و چێژی ناخۆشە، باشترە لەگەڵ ئاوی هەناردا بخورێتەوە.

## چیرۆکی شەراو:

لەمێژوودا نووسراوە پاشەیەك لە ناوچەی (هیرات)دا ژیاوە بەناوی (شمیران) گەلێك بەتوانا و دەسەڵات، سوپا و سامانێکی زۆری هەبوو، دەرباری جۆلانگای ئومەرا و لێزانان و دەسەڵاتداران بووە، لەوە دەڕوا لە توخم و نەتەوەی جەمشید شای بەناوبانگ بووبێت کوڕێکی گەلێك ئازا و دلێر و تیر ئاوێژێکی ناوداری هەبوو، ڕۆژێك شا و دەستە و دایەرەکەی لە نێو باخێکدا سەرگەرمی قسە و وتووێژ دەبن لە پڕ باڵندەیەك لە ئاسمانەوە لە نزیکیانەوە دەنیشێتەوە کە تێی دەنوارن سەیر دەکەن مارێك ئاڵاوە بە گەردنیا و پەیوەستە دەکۆشێت پێوەی بدا.. شا ڕوو دەکاتە کوڕەکەی و دەڵێ: ئا. دەی! بادەست و تیرت وەدیکەین و سەری ئەو مارەم بۆ بگرە بە نیشان و ئەو باڵندەیە

رزگارکە.. کوڕە تیرە دەهاوێژێ و سەری مار دەپێکێ و باڵندە رزگار دەبێ و دووسێ جار بە ئاسماندا بە دەوری شاو خەڵکەکەدا دەسووڕێتەوە و دەدا لە شەقەی باڵ و بۆی دەردەچێت. دوای ساڵێك لە هەمان رۆژدا هەمان باڵدار بەسەریانەوە چەند دەور دەدا پاشان لە نزیکیانەوە دەنیشێتەوە، چەند جار دەنووك لە زەوی دەدا دیسان دەفڕێ و دەڕوا.

شا دەڵێ پێموایە ئەوە هەمان باڵندە بوو کە پارساڵ لە مارەکە رزگارمان کرد، وا دەزانم دیاریی بۆ هێناوین، بڕۆن بزانن چی هێناوە..؟ کە دەڕۆن جگە لە دوو سێ تۆ و زیاتر هیچی تر وەدی ناکەن.. دووسێ دانە تۆوەکە دێننە لای شا.. شا دەنێرێتە دوای دوو سێ دانا و چیرۆکەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، بڕیار دەدەن ئەو دوو سێ تۆوە بنەن (بنێژن) تا بزانن چی لێ سەوز دەبێت.

زۆر ناخایەنێت نەمامێك سەر لە زەوی وەدەردێنێت، دوای ماوەیەك پەلوپۆی لێ بڵاو دەبێتەوە، گەڵای فراوان دایدەپۆشێ، باخەوان و گەڵا دەباتە خزمەتی شا، هەرچی دەکۆشن و ورد دەبنەوە تا ئەو دەمە گەڵای وایان وەدی نەکردووە.. زۆر ناخایەنێت بۆڵی زۆری پێوە شۆڕ دەبێتەوە، شا و دانایان دەڕۆنە سەیری و سەرسامانە تێی دەنواڕن و نەزان ئەو چ جۆرە بەر و میوەیەکە بۆڵە سەوزەکان رەش بوونەوە و دانە دانەی دەکەونە سەر زەوی، سەرەنجام تێدەگەن کە بەری ئەو دارە ئەوەیە کە دەیبینن. بڕیاریاندا ئاوی ئەو بۆڵانە بگرن و بخەنە نێو گۆزەیەکەوە تا بزانن چی بەسەردێت دوای ماوەیەك باخەوان دیسانەوە هاتەوە خزمەتی شا و وتی: کووپەکە بۆ خۆی دەکولێت؟! شا رۆیشتە سەیری کووپە، نواڕی وا کووپە بێ ئاگر بۆ خوی دەکولێت و ملق دەدا. بە باخەوانی وتە هەر کە لە کوڵان کەوت ئاگادارم بکە.

باخەوان دوای ماوەیەك نواڕی ئاوی ناو کووپەکە ساف و بێ گەرد وەك یاقووتی سوور وایە.. بە هەرا خۆی گەیاندە شا.. شا هاتەوە سەیری کووپە.. سەلماندیان کە سەرئەنجامی ئەو میوەیە ئەمەیە کە دەیبینن. چاکە؟ خراپە؟ ژەهرە؟ نازانن..! بڕیارياندا پیاوێکی تاوانبار کە بڕیاری مردنی بەسەردا دراوە لەو ئاوەی بدەنێ تا بزانن کە چی وەسەردێت؟ جامێکیان پێداو خواردییەوە، زۆی نەکێشا کابرا هاتە پێکەنین و چەقەنە لێدان. رووی کردە شاو بێ ترس و چەکەر وتی: جامێکی ترم بدەنێ.. هەر چیم لێدەکەن بیکەن، پیاو خۆ هەر دەمرێت.. جامی سێیەمیشی خواردەوە کەمێك مەنگ بوو. لە جامی چوارەمدا خەوی لێکەوت، بە سبەینێدا بە خەبەر هاتەوە هێنایانە خزمەتی شا. لێی پرسی: ئا دەی بزانم چۆن چۆنین بوو..؟



- نازانم چیتان بۆ بگێڕمەوە، نازانم چیتان دەرخوارد دام بەڵام هەرچی بوو گەلێك نایاب بوو.. یەکەمین جامی تۆزەکێك تاڵ هاتە دەم. هەر ئەوەندە رۆیشتە خوارەوە هەستمکرد نیازم بە جامێکی دی هەیە کە خواردمەوە هەستم بە چالاکی و سەرحاڵی و بەختەوەرییەکی فراوان کرد گەیشتمە ئەو باوەڕە کە جیاوازییەکی ئەو تۆم لەگەڵ تۆدا نییە زۆری نەخایاند خەوم لێکەوت.

شا لە تاوانەکانی خۆش بوو. ئینجا سەلماندیان شەراب گەواراو سەزگارە. بەو شێوە شەراو خواردنەوە بڵاوبووەوە و ناوباوی ترێی ناوچەی (هیرات) تا بە ئەمڕۆ هەر جیهانگیرە.

لێرەدا لالۆ خەیام باسی شەراوە (حەیاتەکەی) دەبڕێتەوە سەرمەست و وەستا کارانە دێتە سەر باسی جوانی و جوانی پەرستان و دەڵێت:

دیتنی روخساری جوان نیشانەی بەخت و جەختە.. ئەو کەسەی چاوی بە شۆخ پەیکەران و نازەنین رووخساران کەوێت وەك وایە ئەستێرەی خۆشبەختی خۆی بۆ دەرخستوو بێت. جوانی وەك کراسێکی بوون لێ پەرژاوی نێو سنووقە کە لەبەر دەکرێت بۆنەکەی لەناو خەڵکیدا بڵاو دەبێتەوە.. ئەوانەی پەروەدگار جوانیی پێداون ئەستێرەی بەختیان گەشاوەترە، ئەوانەی جوانن رەفتاریشیان جوانە، هەتا وەکو پەیامبەری ئیسلام سەڵاوی خوای لێبێت فەرموویەتی: (اطلبوا حاجاتکم من حسان الوجوه) واتە لە جوانەکان داوای نیازتان بکەن.

دەگێڕنەوە عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر رۆژێك لە یەکێك لە فەرماندەکانی تووڕە دەبێ و بڕیاری سزادانێکی سەختی دەدا. هەرچی دەکۆشێت لە تاوانی خۆش بێت دەستبەرداری ئاڵۆزی و بڕیارەکەی نابێت. ئافرەتێکی یەکجار جوانی هوشیار و زیرەك خۆی نایەوە بۆ رۆژی دانیشتنی لەگەڵ خەڵك و خوادا.. بەسەرو رووی داپۆشراوەوە رۆیشتە دیوانی عەبدوڵڵا و وتی:

- قوربان ئەوانەی هەیانە دەبێ بیدەن. ئەوانەش دەتوانن دەبێت ببەخشن.

عەبدوڵڵا زانی ژنە بۆچی هاتووە، لە وەڵامیدا وتی:

تاوانی ناسیارەکەت لەوە زۆرترە واتۆ تێی گەیشتوویت.

ژنە وەڵامیدایەوە: قوربان خاتری من لەو تاوانە زۆرترە!

عەبدوڵڵا بەسەرسامییەوە وتی: خاتری تۆ بۆچی ئەوەندە زۆربێت. تازە بۆ پێتوایە کە بەو ئەندازەیە زۆرە..؟ ئنجا ژنە پەچەکەی لەسەر رووخساری جاد و ئامێزی هەڵگرت و وتی: لەبەر ئەمە...

عەبدوڵلا وتی: خۆ وەڵا راست دەکەی.. ئەو رووخسارە جوانە ئەوە دێنێ لە تاوانی ناسیاوەکەت خۆش بم!!

دەگێڕنەوە رۆژێك سوڵتان مەحمودی غەزنەوی کە یەشتا نەبووبوویە سوڵتان لە راو دێتەوە لە دەرەوەی شاردا مێرد مێنداڵێکی وەبەرچاو دەکەوێت گەلێك جوانکیلە و زەریف بووە.. جوانیی کوڕە سەرنجی رادەکێشێ و فەرمان دەدا کوڕەی لێیەوە نزیك کەنەوە. لە کوڕە دەپرسێت:

- تۆ کوڕی کێیت..؟

- باوکم مردووە. تەنها دایکێکم هەیە لە فلانە جێگەیە.

ئەمیر کوڕە لەگەڵ خۆیدا دەبا و لە دەربارا بەپێی رەسم و رەواڵی ئەمیرزادەکان جلوبەرگی زەربافتی جۆراوجۆری لەبەردەکەن و فێری نووسین و سوارکاری و ئەوەی شایستەی کوڕێکی دەربار بێت بۆی دەکەن.

سوڵتان بە کوڕەی راگەیاندبوو هەموو رۆژێك پێش ئەوەی هەر کارێك بکەم دەبێت چاوم بە رووخساری تۆ کەوێت! ئیتر ئەوە کاروپیشەی کوڕە بوو. شا لە خەو هەڵدەستا کە چاوی هەڵدەهێنایەوە کوڕە دەدیت. رۆژ بە رۆژ مەیلی سوڵتان دەربارەی کوڕە زۆرتر و پەرەی دەسەند.. وای لێهات تاوێك بێ کوڕە ئۆقرەی نەدەگرت. کوڕە تەمەنی گەیشتە هەژدە و بە چەندین بەرانبەر جوانی و زەرافەتی درەخشانتر بووبوو. رۆژێك کوڕە درەنگ هاتە خزمەتی سوڵتان. سوڵتان لەو درەنگ هاتنە توورە و ئاڵۆز بوو.. بەتووڕە بوونەوە گوتی:

- هەتیو تۆ بۆ خۆتت لێ گۆڕاوە؟.. من تۆم لە کوێنەوە گەیاندوەتە ئەم پلە و پایە؟. کەچی وا رەفتار دەکەی؟.. کوڕەی لە وەڵامی سوڵتانا وتی:

- ئەوەی سوڵتان دەیفەرمووێت هەر هەمووی راستە و جەواهیرە. من لە ناو خۆڵا گوم و شاراوە بووم. سوڵتان بە دەستی خۆی دۆزیمیەوە، ئەم ژیانەی تێیدام لە سایەی سەری سوڵتانە، ئەمما ئەمانە هیچ منەتێکی وای تێدا نییە!

سوڵتان لەبەر زاتی خۆی ئەمەی بۆ کردووم. من تەماشاگای شام ئەگەر شا تەماشاگای خۆی برازێنێتەوە. هیچ منەتێکی تێدانییە.. بەندە لە بەندەگیدا تامردن بەردەوامم. لە وەڵامی زیرەکانەی کوڕی شاد بوویەوە و ئافەرینی کرد.

## هەڵبژاردەیەك لە چوارینەكان



خەیام





**فیتز چیرالد**

1883 - 1809



**ئەحمەد صافی**

**1977 - 1897**





**بەهزاد**

**1966 - 1900**



خوسرەو جاف

أمشب جام يك منى خوايم كرد
خودرا بدو جام مى غنى خواهم كرد
اول سێ طلاق عقل و دين خوايم داد
پى دختر رزرا بزنى خواهم كرد

❊❊❊❊❊

You know, my friends, how bravely in my house
For a new marriage I did make carouse
Divorced old barren reason from my bed,
And took the daughter of the vine to spouse.

********

ئەم شەو هێندە دەخۆمەوە تا سنووری بێ خەبەری
ئەیوانی هۆش دەرووخێنم دەرو دەروازە و پەیکەری
سێ بەردە لە لەپی تێفکرین دەنێم و
کچی کۆڵمە سووری ترێ هەڵدەبژێرم بەهاوسەری









افسوس که سرمایه زکف بیرون شد
وزدست اجل بسی جگرها خون شد
کس ئامد از انجهان که پرسم از وی
کاحوال مسافران دنیا چون شد

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

Yet Ah, that spring. Should vanish with the Rose!
That Youth's sweet-scented manuscript should close!
The Nightingale that in the branches snag,
Ah, whence, and whither flown again, who Knows?

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

بڕا ئومێدم، داخەکەم تۆماری ژینم دڕا
لە داخی رووداوی مردن، سوتام لەناو گڵپە و گڕا
نەمدی بۆ جارێك کەسێك لەوێ بێتەوە
تا بپرسم چۆنە گوزەرانی ئەو خەڵکە لەوێڕا..؟

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

توبه مكن از مى اگرت مى باشد
صد توبه نادمات در پى باشد
گل جامه در ان و بلبلان نعره زنان
در وقت چنين توبه رواكى باشد؟

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

I ndeed, indeed, Repentance oft, before
I swore --- but was I sober when I swore?
And then and then came spring, and Rose –in- hand
My thread – bare penitence apieses tore.

*****************

گەر بتوانی توبە مەكە.. تا دەتوانی
نەشیاوە تۆبە بێتە مایەی پەرێشانی
مـن كە نەواو نازی نازداران بمهەژێنیٚ
ئای چەند زوو دەگەمە مەرزی پەشیمانی

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊





خیام که خیمه‌های حکمت میدوخت
در کوره غم فتاد وناگاه بسوخت
مقراض اجل طناب عمرش چو برید
فراش قضا برایگانش بفروخت

❊❊❊❊

Khayyam, (the tentmarker) who used to sew tents of  Philosophy
Has fallen into the furnace of distress and suddenly been Burned.
The scissors of the death-hour have cut the rope of his life
Broker fate has sold him for nothing.

❊❊❊❊

سووتا له غه‌مما ئه‌وی مایه و تفاقی بوو
خۆ ئه‌وی زانست بوو خه‌یام چاوساقی بوو
چه‌قۆی مردن به‌نی زیندوویی بڕی
سه‌ر ئه‌نجام بێ ناونیشانێ سه‌ر باقی بوو

❊❊❊❊



جامی است که عقل آفرین میزندش
صد بوسه ز مهر بر جبین میزندش
این کوزه گرد برچنین جام لگیف
یسازدو باز بر زمین میزندش

❊❊❊❊

Said one among them, “Surely not in vain,
My Substance from the common earth was ta’en,
That H who subtly wrwght me into shape
Should stamp me back to shapeless earth again?”

❊❊❊❊

وجَامٍ يروقُ العقلَ لطفاً ورقّة
ويهفو عليهِ القلبُ مِن شدةِ الحب
تفننَ خالقُ الوجودِ بصنعهِ
ويكِسُرهُ مِن بعدِ ذاكَ على الدُرْبِ

❊❊❊❊❊

ئاوێنه‌یه‌، رخسار و ڕۆ خۆی تیا ده‌نوێنێ
چاوی مه‌سته دونیایه هه‌سته‌، نێو نیگای ده‌ت دوێنێ
ئه‌رێ نالییه‌ی گوزه سازی گه‌ردون
جوانی بۆ ده‌سازێنێ و شێتانه ده‌پشکێنێ؟

چون جود ازل بود مرا انشا کرد
برمن زنخست درس عشق املاکرد
وانگاه قراضه ریزه قلب مرا
مفتاح در خزائن معنی کرد

****

The Vine had struck a fibre: which about
If clings my Being let the Dervish flout;
Of my Base metal may be filed a key,
That shall unlock the Door he howls without

****

حينُ جودُ الالة فاضَ براني
وبدرس الغرام قدما حباني
وَلَقَدْ صاغَ من قُراضة قلبي
بعد هذا مفتاحَ كنزِ المعاني

****

ئەزەل لەمێژە قالبی دانام و خشتی رشتم
ئەلفوبێی ئەوینی فێرکردم و تێی گەیشتم
دڵمی کردە کلیلی حەز و ئارەزوو
کە روانیم لە ژێر گوناحا کۆماوەتەوە پشتم



چون لاله بنوروز قدح گیر بدست
